www.alibapir.com

دیبەیتی ساڵ

سێکولاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
عەلی باپیر/AliBapir
archive.org/details/@alibapir
عەلی باپیر/AliBapir
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
English - عربي - کوردی
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپیر

التفسير

عەلی باپیر

www.alibapir.com

بسم الله الرحمن الرحيم

سیکۆلاریزم و دیموکراسی
لە
ئەزموونی کوردستاندا

www.alibapir.com

دیبەیتی ساڵ

سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا

نوسینی
عەلی باپیر
بڵاوکردنەوەی
نوسینگەی تەفسیر بۆ بڵاوکردنەوە
نەخشەسازی ناوەوە و بەرگ
نەرد شەهکاوانی
خەتی بەرگ
نەوزاد کۆیی
قەبارە
١٧×٢٤ - (١٢٠) لاپەڕە
نۆرە و ساڵی چاپ
یەکەم ١٤٣٧ ك - ٢٠١٦
تیراژ
١٥٠٠ دانە

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان / هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی (٤٥٦) ی ساڵی ٢٠١٦ ی پێدراوە

هەموو مافێکی لە بەرگرتنەوە و بڵاوکردنەوەی پارێزراوە
Copyright © Tafseer Publishing

نوسینگەی تەفسیر
بۆ بڵاوکردنەوەو ڕاگەیاندن
هەولێر - شەقامی دادگا - ژێر هوتێلی شیرین پالاس

/TafseerOffice

+964 750 818 08 66
www.al-tafseer.com
tafseeroffice@yahoo.com

www.alibapir.com

دیبەیتی ساڵ

سیکولاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی کوردستاندا

نوسینی

عەلی باپیر

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم
بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦۖ وَهُوَ
أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ١٢٥ ﴾ النحل.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

پێشکەش بۆ

به هەرکەسێك، کە هیچ شتێك: نە خۆبەزلگریی، نەبەرژەوەندیی تایبەتیی، نەقەناعەت هێنانی پێش بیرکردنەوە، ناتوانێ لەبەردەم هەق وەرگرتنیدا، ببێتە کۆسپ و لەمپەر.

www.alibapir.com

پێشەكی و
پێناسەی ئەم كتێبە

خوێنەری بەڕێز!

دوای ئەوەی لە ئێوارەی ڕۆژی: ١٠/٤/ ٢٠١٦ز دا، لە هۆڵی (تەوار) لە شاری سلێمانیی، لە نێوان بەندەو كاك مەلا بەختیاردا، دیبەیت (مناظرة)یەك ئەنجامدرا، لە لایەن بەڕێزان:

١- پڕۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆركا: سەرۆكی خانەی زانستە مرۆڤییەكانی پاریس و سەرۆكی كۆلێژی جیهانی بۆ توێژینەوە.

٢- د. عادل باخەوان: مامۆستا لە زانكۆی ئیڤریی و، توێژەری هاوكار لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتییەكانی پاریسەوە سەرپەرشتیی كرا.

خەڵكێكی زۆر داوایان كرد، كە دەقی قسەكانی بەندە، چ هی وتارەكەم، چ هی وەڵامی پرسیارەكانی كاك مەلا بەختیار، بە نووسراوەییش لەبەر دەست دا هەبن.

هەر بۆیەش پاش نووسرانەوەی دەقی قسەكان لەلایەن برایانی دڵسۆزەوە، منیش دەستێكم پێداهێناو، ئەم بەرهەمەی بەردەستتی لێ دەرچوو.

www.alibapir.com

ئنجا لێرەدا پێویستە چەند شتێك ڕوون بكەینەوە:

١- دەقی ئەو قسانەی كە لە بابەتەكەداو، لە كاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەكاندا هاتوون، وەك خۆیان هێڵراونەوەو، هەندێك شتیش كە لە دەستنووسی ئامادەكراوی لای خۆمدا بوون و لەبەر كەمیی كات فریای گوتنیان نەكەوتووم، زیادم كردوون، كە لە ڕووی نێوەڕۆكەوە گۆڕان بەسەر قسەكانی نێو دیبەیتەكەدا ناهێنن، ئەوەندە هەیە تیشكی زیاتر دەخەنە سەر بابەتەكە.

٢- هەندێك دەقی قورئان و سوننەت، كە وەك بەڵگە هێنانەوە لەسەر قسەكان خراونە ڕوو و، لە كاتی دیبەیتەكەدا دەرفەتی خستنە ڕوویانمان نەبووە، زیاد دەكەین.

٣- ئاماژە دەكەین بە هەندێك سەرچاوەو ناوی هەندێك لە زانایان، كە لە دەقی بابەتەكەدا، دەرفەتی باسكردنیانمان نەبووە.

٤- بەپێویست نەزانرا، دەقی هەموو قسەو پرسیارەكانی كاك مەلا بەختیار بخرێتە ڕوو، چونكە بە زۆریی دوور بوون لە چوار چێوەی بابەت (موضوع)ەكە، كە باسی {سیكۆلاریزم و دیموكڕاسی لە ئەزموونی كوردستاندا} بوو، واتە: تەنیا جێی مەبەستمان لە قسەو پرسیارەكانی هێناوەتەوە.

٥- چەند قسەیەكی كاك مەلا بەختیار، كە لە پێنج دەققەی كۆتاییدا كردنی، یان پێشتر كردبوونی و، بواری وەڵامدانەوەیان نەبوو، بە كورتیی وەڵامێكیان دەدەینەوە.

٦- بۆ بەرچاو ڕوونیی خوێنەران لەسەر میكانیزم و شێوازی بەڕێوەچونی دیبەیتەكە، بە پەسندی دەزانم، دەقی ئەو نامەیەی كە مانگێك زیاتر پێش كاتی دیبەیتەكە، لەلایەن هەردووك بەڕێوەبەرو سەرپەرشتیارەكەیەوە، پێم گەیشتبوو، لەوبارەوە بخەینەڕوو.

www.alibapir.com

٧- تاكە تێبینی و سەرنجێكیش، كە بە پێویستم زانی لەسەر شێوەی بەڕێوەبردنی دیبەیتەكە بیخەمەڕوو، ئەوەیە كە كاتێكی كەم (نیو سەعات) بۆ خستنەڕووی دوو بابەتی قسە هەڵگرو بە چڵ و پۆپی، وەك سیكۆلاریزم و دیموكراسی دانرابوو، كە پێم وایە ئەگەر تەنیا بابەتێكیان بوایە، باشتر دەگونجا مافی خۆی بدرێتێ.

بە پێویستیشی دەزانم، سوپاس و دەستخۆشیی و پێزانینم ئاڕاستەی ئەو كەسایەتیی و لایەنانەی خوارەوە بكەم:

١- كاك مەلا بەختیار كە ئامادەبوو پێكەوە ئەو دیبەیتە بكەین.

٢- پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆركا و دكتۆر عادل باخەوان، كە دیبەیتەكەیان سەركەوتووانە بەڕێوەبرد.

٣- كەناڵی ڕووداو، كە سپۆنسەری دیبەیتەكەی كردو، ڕاستەوخۆو پیشەییانە گواستیەوە.

٤- هەردووك كەناڵی (پەیام) و (كوردسات)، كە ئەوانیش وێڕای (ڕووداو)، ڕاستەوخۆ گواستیانەوە.

٥- تێكڕای بینەران و بیسەرانی بەڕێز، كە لە نێوەو دەرەوەی كوردستاندا: بینەرو بیسەری قسەو باسەكانمان بوون.

پێشم وایە ئێمەی گەلی كوردستان ((لە هەموو شوێنەكانی كورستان، باكوور، باشوور، ڕۆژهەڵات، ڕۆژئاوا)) لەم هەل و مەرجەدا، لە هەموو كات زیاتر پێویستیمان بە پێكەوە قسەو باسكردن و لە یەك تێگەیشتن هەیە، كە بێگومان بەبێ ئەوە، هاوكاریی پێكەوە كردن و دەستبار بۆ یەكدی گرتن و كاری پێكەوەیی و هەرەوەزیی، مەیسەر نابێ.

كۆتایی ئەم پێشەكیی و پێناسەیەش، بەم چەند قسەیە دێنم "پاش كورتكردنەوەیان" كە هەشت (٨) ساڵ لەمەوبەر (٧ كانوونی دووەمی ٢٠٠٨ز) لە پێشەكیی

www.alibapir.com

کتێبی: (تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان)دا، لە چاپی یەکەمدا نووسیومن:[١] {ئیسلامیی و عەلمانیەکانی کوردستان، لەگەڵ جیاوازییە گەورەو گرنگەکانی نێوان ئایین و بەرنامەکانیان، ئامانجی گەورەو گرنگی زۆری هاوبەشیشیان هەن، ئەگەر بیانەوێ لەسەر بناغەی تەبایی و پێکەوە ژیان و خزمەت بە گەل و وڵات پێکەوە هاوکارو دەستبارگربن، بۆ نموونە:

١- پارێزگاریی لێکردن و دەستەبەرکردنی مافەڕەواکانی خەڵکی کوردستان..

٢- بەرەو پێش بردنی زانست و گەشە پێدانی ئاستی خوێندن...

٣- ئاوەدان کردنەوەی وڵات و دروستکردنی ژێر خانی ئابووریی...

٤- چەسپاندنی دادگەریی و چارەسەر کردنی دیاردەی ترسناکی قڕیی و پڕیی و چینایەتیی.

٥- خۆشکردنی گوزەرانی خەڵك لە هەموو ڕوویەکەوە.

٦- پارێزگاریی لێکردنی خێزان و ئاسانکاریی کردن بۆ پڕۆسەی هاوسەرگیریی...

٧- پێشگیریی کردن لە داڕووخانی ئەخلاق و بەها بەرزەکان، بە تایبەت لە نێو توێژی گەنجان دا...}.

٢٣/ رجب/ ١٤٣٧ ك

٣٠/ ٤/ ٢٠١٦ ز

---

(١) بڕوانە: چاپی سێیەم ساڵی ٢٠٠٨ ز، لاپەڕە ١٥ و ١٦.

www.alibapir.com

ئەو نامەیەی کە نەخشە ڕێگای بەڕێوەچوونی دیبەیتەکەی گرتبووە خۆی

چوار چێوەیەکی بابەتیانە بۆ دیبەیتێکی زانستی لەسەر دیموکڕاسیی و عەلمانییەت لە کوردستاندا.

سەرەتا پێمان خۆشە بە سوپاسی هەر یەکێك لە ئێوەی بەڕێزەوە دەست پێبکەین، کە بە ئیجابی وەڵامی ئەم پێشنیارەتان دایەوە و، ئەوەش بەڵگەیە لەسەر دڵسۆزیتان بۆ پرسی پێکەوە ژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتیی، بەجیاوازیەکانمانەوە، لە کوردستاندا.

بەڕێزان! لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، هەرێمی کوردستان هەمیشە جێگای چەندین تیز و دژە تیز بووە، لەسەر هەر دوو پرسی دیموکڕاسیی و عەلمانییەت لە نێو ئەم مێژووەدا، دوو بەرە جیاکراونەتەوە، بەرەیەك وەك لایەنگر و تێکۆشەر لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵگایەکی دیموکڕات و عەلمانییدا خراوەتە سەر شانۆ و، بەرەیەکی دیکە وەك دوژمنی سەرسەختی کۆمەڵگای دیموکڕات و عەلمانیی خراوەتە سەر هەمان شانۆ، لە کاتێکدا واقیعی سیاسی کوردستان زۆر لەوە ئاڵۆزترە، کە بەم ئاسانییە بخوێنرێتەوە و بەم سادەییە دابەش بکرێ، ئەم جۆرە لە دابەش کردن، نەك هەر ڕەنگدانەوەی واقیعی کۆنکرێتی ژیانی ڕۆژانەی ئەکتەرە سیاسیەکانی کوردستان نیە، بەڵکو بینینی خودی ئەو واقیعەش بەشێوەیەك تێکدەدات، کە چیدی سەرە داوەکانی دەست کەسمان نەکەون.

لێرەوە، ئێمە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە كۆمەڵایەتیەكانی پاریس و خانەی زانستە مرۆییەكانی پاریس، بۆ لادانی ئەو پەردانەی، كە بەسەر ئەو واقیعە كۆنكرێتیەدا دراون، دەیبەیتێك لە نێوان بەڕێزان كاك "مەلا" بەختیار و "مامۆستا" عەلی باپیردا ساز دەكەین (ناوەكان بە پێی ڕیزبەندی ئەلیف و بێ دانراون و هیچ پەیوەندیەكی بە پێگەی سیاسی و تەمەنەوە نیە)، لە بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا، هەر یەكێك لەم دوو ئەكتەرە، نەك هەر بەرهەمێكی زۆر، یان لەسەر هەر یەكێك لەم دوو چەمكە بەرهەمهێناوە، نەك هەر لە دوو پێگەی سیاسی باڵادان، بەڵكو كارایی ڕاستەوخۆیان بەسەر كۆمەڵگای كوردستانیەوە دانەوە و، لای چەندین ئەكتەری كۆمەڵایەتی و سیاسی وەك "سەرچاوەی مۆبیلیزاسیۆن / تعبئة" وێنا دەكرێن.

دوور لە دەنگە دەنگی سەر شاشەی تەلەفزیۆنەكان، دوور لە "موزایەدە" سیاسیەكان، دوور لە هاندان و چەپڵەلێدان و هوتافكێشان، ئامانجی یەكەمی ئەم چالاكیە بریتیە لە دروستكردنی چوارچێوەیەكی بابەتیانە، بێلایەنانە، ئەكادیمیانەی دیبەیت لە نێوان ئەم دوو ئەكتەرەدا، كە بەشێكی زۆر لە ژیانی خۆیان بۆ كردەی "تەنزیر" لەسەر دیموكڕاسی و عەلمانییەت تەرخان كردوە،

لە ڕێگای ئەم دیبەیتەوە، ئێمە هەوڵدەدەین ڕووناكی بخەینە سەر ئەو هێڵە تیۆریانەی، كە ئەم دوو ئەكتەرە، كە بڕیارە نوێنەرایەتی دوو دنیای سیاسی و كۆمەڵایەتی لێكجیاواز بكەن، لە یەك جیادەكەنەوە، هەروەك هەوڵدەدەین ڕووناكی بخەینە سەر ئەو پردانەی، كە ئەم دوو دنیایە بەیەكەوە دەبەستنەوە.

www.alibapir.com

چۆنیەتی بەڕێوەبردنی دیبەیتەکە:

بەروار: (١٠)ی (٤)ی ٢٠١٦.

شوێن: هۆڵی تەوار.

کاتژمێر: (٤)ی پاش نیوەڕۆ.

جەماوەر دەتوانێت ئامادەبێ، بەبێ ئەوەی مافی بەشداریکردنی هەبێ، کەناڵەکان دەتوانن دیبەیتەکە بگوێزنەوە، بەبێ ئەوەی مافی بەشداریکردنیان هەبێ، بەڕێز مامۆستا عەلی باپیر لای ڕاستەوە دادەنیشێت و بەڕێز کاك بەختیار لای چەپەوە. هەروەها پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا، سەرۆکی خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس و من لە نێوان هەردوو لادا. ئێمە پێکەوە ئیدارەی دیبەیتەکە دەکەین.

بەڕێزان باپیر / بەختیار هەر یەکەیان بۆ ماوەی بیست و پێنج (٢٥) خولەك بابەتی خۆیان لەسەر دیموکڕاسیی و عەلمانییەت پێشکەش دەکەن، پاش تەواوبوونیان هەر یەکەیان پازدە (١٥) خولەکی هەیە بۆ موناقشەی تێزەکانی ئەوی دیکە، دواتر پرۆفیسۆرمیشێل ڤیڤیۆرکا موناقەشەی تێزەکانی هەردوو بەرێزان دەکات بۆ ماوەی بیست و پێنج (٢٥) خولەك و هەر یەکێك لە بەشداربووانیش (١٥) خولەکی هەیە بۆ وەڵامدانەوە کۆی کۆڕەکە دەکاتە سەدو پەنجا (١٥٠) خولەك.

زمانی بەکارهێنراو بریتیە لە کوردی و ئینگلیزی.

پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤۆرکا: سەرۆکی خانەی زانستە مرۆییەکانی پاریس، سەرۆکی کۆلێژی جیهانی بۆ توێژینەوە.

دکتۆر عادل باخەوان: مامۆستا لە زانکۆی ئێڤری و توێژەری هاوکار لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پاریس.

ڕێ خۆشکردن

خوێنەری بەڕێز!

باس و بابەتەکانی ئەم کتێبە، بەمجۆرە دانراون:

بەشی یەکەم: سیکۆلاریزم (Secularism)

بەشی دووەم: دیموکراسی (Democracy)

بەشی سێیەم: ئەنجامگیریی: سیکۆلاریزم و دیموکراسی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستاندا.

بەشی چوارەم: وەڵامدانەوەی پرسیارەکان.

دیارە بەشەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم، لە دەقی ئەو بابەتەدا بوون، کە پێشکەشم کرد، بەشی چوارەمیش بریتیە لە وەڵامدانەوەو ڕوونکردنەوەکانی من لەسەر قسەکانی کاك مەلا بەختیار.

بەشی پێنجەم: وەڵامی چەند قسەیەك، کە لە دیبەیتەکەدا فریای وەڵامدانەوەیان نەکەوتم.

www.alibapir.com

بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ

الحمدلله، وصلى الله تعالى وسلم وبارك على رسول الله،
محمد وآله المهتدين بهداه

سەرەتا بەخێر هاتنی هەموو لایەك دەكەم، برایان و خوشكان، چ ئەوانەی نێو هۆڵەكە، چ ئەوانەی دەرەوە، وە هەموو ئەوانەی گوێیان لە قسەكانمانە، وە دەمانبینن لە هەرێمی كوردستان و، لە دەرەوەی هەرێمی كوردستانیش، وە پاشان زۆر سوپاسی هەردوو بەڕێزان: پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆركاو، كاك دكتۆر عادل باخەوان دەكەم، كە ئەم دیبەیتەیان سازدا، وە سوپاسی كاك مەلا بەختیاریش دەكەم، كە ئامادەیی دەربڕی، تاكو بەیەكەوە ئەم گفتوگۆو دیبەیتە ئەنجام بدەین.

بەڕێزان! پێش ئەوەی بێمە سەر پێشكەشكردنی بابەتەكەم، دەمەوێ چوار تێبینی كورت بخەمە ڕوو:

١- هەوڵدەدەم كە زۆر بابەتییانە قسە بكەم و، بە هیچ جۆرێك خود نەخەمە، نێو بابەتەكەو قسەكانمەوە.

٢- ناچارم لەبەر كەمیی كات، زۆر بە گوشراویی و بە چڕیی و پڕیی، بابەتەكەم بخەمەڕوو، ئێوەش هەمووتان خوێندەوارو ڕۆشنبیرن، بە كەم لە زۆر دەگەن، بۆیە مەتنەكەی دەڵێم و، شەرحەكەی عایدی خۆتان دەكەم!

٣- هەوڵدەدەم بە ملاولادا نەچم و، ئەو دوو بابەتەی دیاریی كراون، باسی: (سیكۆلاریزم و "سیكۆلاریزەیشن" لەگەڵ دیموكراسی) وە ناپەڕژێمە ئەملاولا، چونكە باس و بابەت زۆرن و، ئەگەر بێت و هەر تیرە لە كەنداڵێك بدەین، لێنابینەوە.

www.alibapir.com

٤- ئایا ئەم دیبەیتە پێویست بوو، یان نا؟ وەك كاك عادلیش باسی كرد، گوتراوە: كە ئێمە ئێستا قەیرانی ئابوورییمان هەیەو، شەڕی داعش هەیە، وە كۆمەڵێك گرفت و نەهامەتیی هەن، كە یەخەو بەرۆكی هەرێمەكەمانیان گرتوە، ئنجا ئەوە هەمووی ڕاستە، بەڵام ئەم دیبەیتە بۆیە پێویستە "بە بۆچوونی من" كە ئەو سیكۆلاریزمە، كە لەم وڵاتەماندا گوتوومانە[١] پیادەی دەكەین، وە ئیددیعای پێوە پابەند بوونی دەكەین، وە ئەو دیموكڕاسیەتەی، كە بانگەشەی بۆ دەكەین، پێم وایە، كە لەگەڵ هیچیان دا ڕاستمان نەكردوە، بۆیە ئەم واقیعە ناهەموارەی لێكەوتۆتەوە.

كەواتە: جێی خۆیەتی ئێمە لەوبارەوە وتووێژ بكەین، تاكو بزانین سیكۆلاریزم چییە و چۆنە؟ وە دیموكڕاسی چییە و چۆنە؟ وە من بابەتەكە بۆ سێ بەش دابەش دەكەم:

لە بەشی یەکەمدا، لە سێ تەوەردا، باسی سیکۆلاریزم دەکەم:

تەوەری یەكەم: پێناسەی سیكۆلاریزم و سیكۆلاریزەیشەن.
تەوەری دووەم: بەسەرهاتی سەرهەڵدانی سیكۆلاریزم لە ڕۆژئاوا.
تەوەری سێیەم: سیكۆلاریزم لە كۆمەڵگایەكی لە ئیسلام تێگەیشتوودا، پاساوی بوونی نیە.

لە بەشی دووەمدا، لە سێ تەوەردا، باسی دیموکڕاسی دەکەم:

تەوەری یەكەم: پێناسەی دیموكڕاسی.
تەوەری دووەم: سەرگوزشتەی دیموكڕاسی.
تەوەری سێیەم: بەراوردێك لە نێوان سیكۆلاریزم و دیموكڕاسی لە واقیعی هەرێمی كوردستاندا.

لە بەشی سێیەم دا هەڵدەستم بە ئەنجامگیریی و ئایا: سیکۆلاریزم و دیموکڕاسی لە ئەزموونی حوکمڕانیی هەرێمی کوردستان دا چۆنن؟!

هەوڵیش دەدەم كاتەكە "نیو سەعات" بەسەر هەرسێك بەشەكەدا دابەش بكەم.

---

(١) واتە: حیزبە سیكۆلاریستەكان وایانگوتوە.

www.alibapir.com

بەشی یەکەم

سیکۆلاریزم

(Secularism)

www.alibapir.com

www.alibapir.com

تەوەری یەکەم:
پێناسە

دێمە سەر باسی پێناسەی سیکۆلاریزم، چەمکی سیکۆلاریزم، بە پێی ئەو سەرچاوانەی، کە من تەماشام کردوون، کە زیاتر لە سەد پێناسەم لەوبارەوە بینیوە، بەڵام باشترین پێناسە کە من بە دڵمە، ئەوەیە کە ئینسکلۆپیدیای بەریتانیی (دائرة المعارف البريطانية) هێناویەتی، کە دەڵێ:

{**سیکۆلاریزم: (Secularism)** جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتییە، دەیەوێ خەڵك لەگرنگیی دان بە ڕۆژی دوایی لابدات، وە ڕوویان پێ بسووڕێنێ بەرەو گرنگیی دان تەنیا بە ژیانی دنیا، ئەویش بە هۆی ئەوەوە، کە خەڵك لە سەدەکانی نێوەڕاستدا "واتە: خەڵکی ئەورووپا" ئارەزوویەکی توندیان هەبوو بۆ پشت تێکردنی دنیاو، بیر کردنەوە لە خواو لەڕۆژی دوایی، ئنجا بۆ بەرهەڵستیی کردنی ئەو حەزو ئارەزووە، سیکۆلاریزم لەمیانی گەشەپێدانی مرۆڤگەرایی دا، خۆی ڕانواند، وە خەڵك لە چاخی ڕێنیسانس دا، پەیوەست بوونی توندی خۆیان بە بەرهەم و دەستکەوتە کلتوورییە مرۆیەکانەوە، پێشاندا، وە قەناعەتیان پەیدا کرد، کە دەگونجێ ئاواتەکانیان لەم ژیانی دنیایەدا بێننە دی، ئیدی بەم جۆرە ڕوو کردنە سیکۆلاریزم، لە سەرجەم مێژووی تازەدا، لە پەرەستاندن دابوو، وەك بزاڤێکی دژی ئایین و دژی مەسیحیەت}[1].

من پێم وایە کورتترین پێناسە بۆ سیکۆلاریزم ئەوەیە: کە (کلود جفرای) هێناویەتی، دەڵێ: (سیکۆلاریزم: بریتیە لە لابردنی هەر مەرجیعێکی ئایینی)،

---

(١) دائرة المعارف البريطانية، ج١٠، ص٥٩٤.

www.alibapir.com

هەروەها (جول فيري) (١٨٣٢ - ١٨٩٣) کە ئەویش پێناسەیەکی کورتی هێناوە، دەڵێ: (سیکۆلاریزم: بریتیە لە ڕێکخستنی کۆمەڵگا بەبێ خوا).

وە دەشگونجێ بڵێین: (سیکۆلاریزم: بریتیە لە: بە سەنتەر گرتنی مرۆڤ و پشت گوێ خستنی خوا).

منیش دەڵێم: (سیکۆلاریزم: ئایینێکی زەمینی مرۆڤ کردە، بۆ جێ پێ گرتنەوەی ئایینی ئاسمانیی خوا)[1].

ئنجا پێویستە لە بارەی سیکۆلاریزمەوە، ئەم چوار مەسەلەیەش بزانین:

١- یەکەم کەس، کە بۆ یەکەم جار وشەی سیکۆلاریزمی بەکارهێنا (جۆرج جەیکۆب هۆڵایوك) بوو، کە لە ساڵی (١٨٥٤) نامیلکەیەکی نووسی بە ناوی (سیکۆلاریزمی ئینگلیزیی).

٢- سیکۆلاریستەکان هەم کەسانی خواناسیان لە نێودا هەن، وە هەم کەسانی خوانەناسیش، پێم وایە زۆر لەسەر ئەو باسە نەچین باشە، سیکۆلاریستەکان هەردوو بەرەیان تێدابوون، بۆ وێنە: (جۆرج هۆلایوك) (١٨١٧-١٩٠٦) خواناس بووە، بەڵام (چارلس برادلۆو) (١٨٣٣-١٨٩٤) بابایەکی مولحید بووە، کە لە کتێبێکی دا، کە لە ساڵی (١٨٩٦) نووسیویەتی، دەڵێ: دەرەنجامی لۆژیکیی وەرگرتنی

---

(١) دەگونجێ بۆ زیاتر بەرچاوڕوونیی لە بارەی چەمك و واتای وشەی (Secularism)ەوە، سەرنجی ئەم سەرچاوانە بدرێ:
١-معجم اللغة البريطانية (٣١/ ١١٣٨).
٢-معجم أكسفور، ٨٤٩ — ٨٥٠.
٣-معجم ويبستر، ٢٠٥٣.
٤-دائرة المعارف البريطانية (١٠/ ٥٩٤).
٥-دائرة معارف الدين والأخلاق (٩/ ٥١١).
٦-الموسوعة الميسرة في الفكر الفلسفي والإجتماعي، ٢٧٣، د كميل الحاج.
٧-الموسوعة العربية (١٣/ ٤٢٣ - ٤٢٥).
٨-قاموس المصطلحات السياسية والدستورية، ٢٤٤، د. أحمد سعيفان.
٩-موسوعة السياسة (٤/ ١٧٩ — ١٨٠)، د. عبدالوهاب الكيالي.

www.alibapir.com

سیکۆلاریزم، بریتیە لە ئیلحاد، وە ئەم (چارلس برادلۆو)ە، کاتی خۆی پاش (جۆرج هۆڵایرك) بەرپرسی (کۆمەڵەی سیکۆلاریستانی بەریتانیا) بووە[١].

٣- دیارە سیکۆلاریزم (Secularism) هەیە، وەك بیرۆکە، وە سیکۆلاریزەیشەن (Secularization) هەیە، وەك پراکتیزەکردن و پیادەکردن، واتە: (عەلمانییەت) و (عەلمەنە).

٤- سیکۆلاریزمی گشتگیر هەیە، یاخود سیکۆلاریزمی سەخت و توند، کە دەیەوێ هەموو شتێك بخاتە ژێر هەیمەنەو هەژموونی خۆیەوە، وە سیکۆلاریزمی بەش (جزئي)یمان هەیە، یان سیکۆلاریزمی نەرم، کە بەوەندە ئیکتیفا دەکات دەوڵەت و ئایین لێك جیابنەوە، بەڵام نایەوێ بچێتە نێو هەموو جومگەکانەوەو، نایەوێ ببێتە بە دیل بۆ هەموو شتێك.

پوختەی ڕای خۆم لەبارەی پێناسەو چییەتی (ماهية)ی سیکۆلاریزمەوە:

من پێم وایە سیکۆلاریزم بە گشتیی، یان دەڵێ: خوا (سبحانه وتعالى) بوونی نیە و، ئایین ڕاست نیە، یاخود دەڵێ: خوا ئەگەر هەشبێ، بۆی نیە دەست بخاتە نێو کاروبارو ژیان و گوزەرانی مرۆڤ!! بەڵام دیارە کام خوا (سبحانه وتعالى)، وە کام ئایین؟! ئەو خوایەی، کە ئەرستۆ دەیگوت: خوا بوونەوەری وەك سەعاتێك خستۆتەگەڕو لێیگەڕاوە، نەك ئەو خوایەی کە ئیسلام پێناسەی دەکات، کە هەمیشە لەگەڵ بەندەکانیەتی و بەسەریان ڕادەگات، وە ئایینی پڕ ئەفسانەی کڵێسا، نەك ئەو ئایینەی، کە هەمیشە لەگەڵ ڕەوتی ژیاندا دەڕوات کە ئیسلامە، بەڵکو ئەو ئایینەی کە بەربەست بوو، لە بەردەم پێشکەوتن و لەبەرانبەر ئازادیی عەقڵدا.

---

(١) هەڵبەتە (خواناس) و (بڕوادار "مؤمن") لە یەك جیان، هەموو بڕوادارێك خواناسە، بەڵام مەرج نیە هەموو خواناسێك بڕوادار بێ، بۆ وێنە: ئیبلیس خوا دەناسێ، بەڵام بڕوای پێی نیە، چونکە پایەی سەرەکیی ئیمان و کاکڵەکەی، بریتیە لە خۆشویستن و قبووڵکردن و تەسلیم بوونی دڵ و دەروون، وەك لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی...)دا ڕوونمان کردۆتەوە.

تەوەری دووەم:

بەسەرهاتی سەرهەڵدانی سیکۆلاریزم لە ڕۆژئاوا (غرب)دا

هەڵبەتە ئەو بەسەرهاتە، بەسەرهاتێکی زۆر دوورو درێژە، ئەگەر بویستری هەقی خۆی پێ بدرێ و، بە تێرو تەسەلی باس بکرێ[1]، بەڵام ئێمە لێرەدا مەودای ئەوەمان نیە، بۆیە زۆر بە کورتیی و گوشراویی دەڵێین:

خوای بەرزو مەزن (عزوجل) هەر لە سەرەتای نیشتەجێ کردنی باب و دایکی مرۆڤایەتیی (ئادەم و حەووا)یەوە لەسەر زەمین، گفتی پێدان کە ڕێنمایی (هدایة) خۆییان بۆ بنێرێ، تاکو بەر پێی خۆیانی پێ ببینن و، بزانن چۆن بژین و بەڕێوە بچن، وەك فەرموویەتی:

﴿ قَالَ ٱهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًۢا ۖ بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ ۖ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُم مِّنِّى هُدًى فَمَنِ ٱتَّبَعَ هُدَاىَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ ﴾ طـه.

واتە: "خوا" فەرمووی: هەردووك لاتان {ئادەم و حەووا، وە ئیبلیس} لێی دابەزن {لە ئاسمان یان لە بەهەشت} هەندێکتان دوژمنی هەندێکتانن، ئنجا هەر کات لە منەوە ڕێنماییتان بۆ هات، ئەوە هەر کەس شوێن ڕێنمایی من بکەوێ، هەرگیز نە گومڕا دەبێ و نە ژیانتاڵیش دەبێ.

---

(١) لە کتێبی: (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)دا ئەو سەر گوزشتەیەم گێڕاوەتەوە، شایانی باسیشە: ئەو کتێبە بۆ هەر کام لە زمانەکانی: عەرەبیی و فارسیی و تورکیش وەرگێڕراوە.

www.alibapir.com

ئیدی پێغەمبەرانی خوا (علیهم السلام) بە مەشخەڵی ڕێنمایی و بەرنامەی خواوە، وەك ئاڵقەكانی زنجیرێك بە دوای یەكدا هاتن، وەك خوا فەرموویەتی:

١- ﴿ وَلَقَدْ بَعَثْنَا فِي كُلِّ أُمَّةٍ رَّسُولًا أَنِ اعْبُدُوا اللَّهَ وَاجْتَنِبُوا الطَّاغُوتَ.. (٣٦) ﴾ النحل.

واتە: وە لە هەموو كۆمەڵگایەكدا، ڕەوانەكراوێكمان ناردوە كە: خوا بپەرستن و خۆتان لە طاغووت دوور بگرن...

٢- هەروەها خوای كاربەجێ فەرموویەتی:

﴿ وَإِن مِّنْ أُمَّةٍ إِلَّا خَلَا فِيهَا نَذِيرٌ (٢٤) ﴾ فاطر.

واتە: وە هیچ گەل و كۆمەڵێك نەبووە، كە وریاكەرەوە «پێغەمبەر»ێكی تێدا نەنێررابێ.

تاكو سەرەنجام عیسای كوڕی مەریەم ناسراو بە مەسیح "علیه السلام" بوو بە دوا ئاڵقەی زنجیرەی ئەو پێغەمبەرو ڕەوانەكراوانە (علیهم السلام)، كە خوای زاناو كارزان تەنیا بۆ گەل و كۆمەڵگایەك و، قۆناغێكی دیارییكراو، لە ژیانی بەشەردا، دەیناردن، بەر لەوەی پێغەمبەری كۆتایی (النبی الخاتم) موحەممەدی كوڕی عەبدوڵڵای كوڕی عەبدولموطەلیب "علیه الصلاة والسلام" وەك كۆتایی سەرجەم ڕەوانەكراوانی خۆی، بە دوایین كتێب (قرآن) و، دوایین پەیام و بەرنامەی خۆی، بۆ تێكڕای بەشەر بنێرێ، بە پانایی زەمین و بەدرێژایی زەمان.

بەڵێ، عیسای كوڕی مەریەمیش وەك تێكڕای پێغەمبەرانی دیكە "جگە لە موحەممەد علیه الصلاة والسلام" تەنیا بۆ گەل و كۆمەڵگایەكی دیارییكراو نێررا بوو، كە گەلی بەنی ئیسرائیل بوو، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿ وَإِذْ قَالَ عِيسَى ابْنُ مَرْيَمَ يَا بَنِي إِسْرَائِيلَ إِنِّي رَسُولُ اللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَيَّ

www.alibapir.com

مِنَ ٱلتَّوۡرَىٰةِ وَمُبَشِّرَۢا بِرَسُولٖ يَأۡتِي مِنۢ بَعۡدِي ٱسۡمُهُۥٓ أَحۡمَدُ.. ﴿٦﴾ الصف.

واتە: یاد بكەوە، كاتێك عیسای كوڕی مەڕیەم گوتی: ئەی وەچەی ئیسرائیل! من ڕەوانەكراوی خوام بۆ لاتان، تەوڕاتی پێش خۆم بەڕاست دادەنێم، وە موژدەش "تان پێ" دەدەم بە پێغەمبەرێك، كە ناوی ئەحمەدە، دوای من دێ..

كەواتە: شتێكی سروشتیی و چاوەڕوانكراو بووە، كە پەیام و بەرنامەكەی عیسا (علیه السلام) ئەگەر گریمان وەك خۆیشی مابایەوەو، دەستكارییش نەكرابایە، ژیانی بەشەری بە گشتی و پاش سەدان ساڵ دوای هاتنی عیسا، پێ بەڕێوەنەچێ!

ئنجا عیساو شوێنكەوتوانیشی بەردەوام لەلایەن ڕۆمەكانەوە، بە هاندان و دەسیسەی جوولەكەكان، دەچەوسێنرانەوەو دەكوژران و ڕاوەدوو دەنران، هەتا ئەو كاتەی، كە (قسطنطین)ی پادشای ڕۆم (٢٨٠ - ٣٣٧ ز)، بوونە مەسیحیی خۆی ڕاگەیاندو، لە كۆبوونەوەی نیقییە (مجمع نیقیة)ی ساڵی (٣٣٥ ز)دا بە فەرمیی پشتگیریی سێكوچكەی (ثالوث)ی (الله، الإبن، الروح القدس)، (خوا، كوڕ، گیانی پیرۆزی) كرد، لە نێو بیرۆكەو بیروڕا جیاوازو پێكەوە ناكۆكەكانی نەصرانییەكاندا، كە یەكێك لە مێژوو زانان لەوبارەوە جوانی گوتوە: (ترَوَّمَتِ النصرانیة، ولم تَتَنَصَّرِ الروم)، واتە: نەصرانییەت بوو بە ڕۆمانیی و، ڕۆم نەبوون بە نەصرانیی!

ئنجا لەوە بە دوا، كە نەصرانییەتی دەستبەردار بوو لە خوا بە یەكگرتن (النصرانیة المتنازلة عن التوحید) دەستی لە كورسی دەسەڵات گیر بوو، دەستی كرد بە دامەزراندنی كڵێسا (كنیسة) و چینی پیاوانی ئایین (ئەكلیرۆس) سەری هەڵداو، دەسەڵاتی پاپاو قەشەكان پەرەی ستاندو لە ڕووی سیاسیی و ئابووریی و كۆمەڵایەتییەوە، كڵێسا لە كەوڵی خۆی دەرچوو، وە سەرەنجام لە سەرجەم وڵاتانی ئەورووپادا، سیستمی (ثیۆكراسیی theocracy) یانی حوكمی خوایی،

www.alibapir.com

یان حکوومەتی ئایینی[١]، تەبەننیی کراو، بەرنامە ڕاست و ساغەکەی مەسیح (علیه السلام) بە تەواویی کاڵ بۆوە، بگرە لە بنەڕەتەوە گۆڕاو، ئایینێکی دیکە کە (بولس الرسول) دایبنابوو، پاشان پاپایەکان و "چینی ئەکلیرۆس" زیاتریان خستە سەری، شوێنی گرتەوە.

سەرنجدانێکی ئایینی کڵێسا:

ئێستاش با سەرنجێکی خێرا لەو ئایینەی کڵێسا بدەین، کەچی بووەو چۆن بووە؟! تاکو بزانین بۆچی خەڵکی ڕۆژئاوا لە دەستی ڕایانکردو، پەنایان بۆ سیکۆلاریزم برد؟!

ئێمە لە شەش خاڵاندا بە گوشراویی، هەوڵی ناساندنی ئەو ئایینەی کڵێسا دەدەین، کە بە ناهەق ناوی لێنرابوو (ئایینی مەسیح):

١- گۆڕین و دەستکاریی کردنی کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس):

دیارە مەبەستمان لە کتێبی پیرۆز (Holy Book) هەر کام لە پەیمانی کۆن (العهد القدیم) و پەیمانی نوێ (العهد الجدید)ە، ئنجا هەر کام لەو دوو کتێبە، زۆر بە بێڕەزایی دەستکاریی کراون و گۆڕراون و، هەر کەسێك بیانخوێنێتەوە، هیچ سەرسوڕمانی نامێنێ، کە بۆچی خەڵکی ڕۆژئاوا، هەتا توانیویانە لەچنگ ئەو ئایینە ڕایان کردوە؟

ئنجا هەڵبەتە ئێمە لێرەدا دەرفەتی ئەوەمان نیە زۆر لەوبارەوە بدوێین[٢] و، تەنیا

---

(١) بە داخەوە زۆرێك لە عەلمانییەکان، ناتوانن حکوومەتی ئیسلامیی و، حکوومەتی ئایینی لە یەك جیابکەنەوە، لە حاڵێکدا کە بەینیان ئاسمان و ڕێسمانە، چونکە: حکوومەتی ثیۆکراسیی، حوکمڕان بە پەرستراو (إله)، یان نوێنەرو سێبەری خوا دادەنێ، بەڵام لە ئیسلامدا حوکمڕانان وەکیلی خەڵکن، هەروەها لە ئیسلامدا بەرپرسان پابەندی شەریعەتن، بەڵام لە سیستەمی ثیۆکراسیی دا ئیرادەی حوکمڕانان سەرچاوەی یاسایەو .. هتد.

(٢) لە مەوسووعەی: (الإسلام کما یتجلی في کتاب الله) لە بەرگی سێیەمدا، کە لە چاپی دووەمی دا دەبێتە (الکتاب الخامس) هەڵسەنگاندنێکی باشم بۆ هەردووك کتێبی:

سێ نموونه‌ له‌ قسه‌ بۆ سه‌روبه‌ره‌كانی ئه‌و كتێبه‌ دێنینه‌وه‌:

یه‌ك: لووط و دوو كچه‌كه‌ی:

له‌ په‌یمانی كۆن[١]، سیفری ته‌كوین، ئیصحاحی: ١٩ دا، هاتوه‌، كه‌ دوای ئه‌وه‌ی لووط پێغه‌مبه‌ر (علیه السلام) و دوو كچه‌كه‌ی ده‌ربازیان بوو، له‌و به‌ڵایه‌ی به‌سه‌ر گه‌له‌كه‌یاندا هات، هه‌ردووك كچه‌كه‌ "به‌ بیانووی وه‌چه‌خستنه‌وه‌" بابیان به‌ شه‌ڕاب سه‌رخۆش ده‌كه‌ن و، پاشان به‌ نۆره‌ زینای له‌گه‌ڵدا ده‌كه‌ن!!

دوو: داوودو ئۆریا:

له‌ په‌یمانی كۆن[٢]، سیفری صه‌موئیلی دووه‌م، ئیصحاحی: ١١ دا، هاتوه‌، كه‌ گوایه‌ داوود پێغه‌مبه‌ر (علیه السلام) له‌ حاڵێكدا كه‌ سه‌د ژنی بووه‌! چاوی له‌هاوسه‌ری (ئۆریا) ده‌بێ له‌ كاتی خۆ شۆردنداو ته‌ماعی تێده‌كات و، له‌ دوای ده‌نێرێ و، زینای له‌گه‌ڵ ده‌كات، دواتریش ئۆریای مێردی ده‌نێرێته‌ پێشه‌وه‌ی به‌ره‌كانی جه‌نگ، تاكو سه‌ره‌نجام ده‌كوژرێ و، ئه‌ویش ژنه‌كه‌ی ماره‌ ده‌كاته‌وه‌!!

سێ: زۆران گرتنی یه‌عقووب له‌گه‌ڵ خوادا:

هه‌روه‌ها له‌ په‌یمانی كۆن[٣]، له‌ سیفری ته‌كوین، ئیصحاحی: ٣٢ دا، هاتوه‌، كه‌ یه‌عقووب شه‌وێك له‌ شوێنێك به‌ ناوی (فنیئیل) له‌گه‌ڵ خوادا ملانه‌ (زۆران)ی گرتوه‌و، هه‌تا به‌ری به‌یانی یه‌كدییان هێناوه‌و بردوه‌و، پاشان خوا جومگه‌ی ڕانی یه‌عقووبی له‌ جێ بردوه‌و، پێی گوتوه‌: به‌رمبده‌، ڕۆژ بۆوه‌! یه‌عقووبیش گوتوویه‌تی: هه‌تا به‌ره‌كه‌تم نه‌ده‌یه‌ به‌رت نادەم! ئیدی سه‌ره‌نجامیش خوا به‌ره‌كه‌تی پێداوه‌!!

په‌یمانی كۆن و، په‌یمانی نوێ كردوه‌و، زۆر نموونه‌م له‌ هه‌ڵه‌كانیان هێناوه‌ته‌وه‌.

(١) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التكوين، الإصحاح: ١٩، ص٥٢ و ٥٣.

(٢) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر صموئيل الثاني، الإصحاح: ١١، ص٦٥٩ و ٦٦٠.

(٣) التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد القديم، سفر التكوين، الإصحاح: ١١، ص٨٧، ٨٨.

www.alibapir.com

پێم وایە ئەو سێ نموونەیەش بەسن، بۆ سەلماندنی ئەو قسەیە، كە دەڵێ: ئەوەی پێی دەگوترێ: (كتێبی پیرۆز) لە لای جوولەكەو نەصرانییەكان، هیچ گومان لە گۆڕان و دەستكاریی كرانییدا نیەو، سەدان شتی وای تێدایە، كە بە هیچ جۆرێك، هیچ مرۆڤێكی خاوەن عەقڵ و سروشتی ساغ قبووڵی ناكات و ناتوانێ بە فەرموودەی خواو وەحی و پەیامی خوای دابنێ!

٢- لە ڕووی عەقیدەیی و فیكرییەوە:

لە ڕووی عەقیدەیی و فیكرییەوە، ئایینی كڵێسا كۆمەڵێك لادان (إنحراف)ی زل زلی تێدا پەیدا كران، كە ئەم حەوتە، سەرەكییەكانیان بوون:

١- تەبەننیی كردنی فەلسەفەی ئەرستۆ لە بارەی خواوە، كە دەیگوت: خوا بوونەوەری وەك كاتژمێر (سعات)ێك دروستكردوەو وەگەڕ خستوەو، وازی لێهێناوە!

٢- تەبەننیی بیرۆكەی: سێ پەرستراویی (تثلیث) كە دەڵێ: بە (باب و كوڕو گیانی پیرۆز) (الأب والإبن والروح القدس) خوا پێك دێنن!

٣- بە بەشێك و بگرە بناغەی ئایین لە قەڵەم دانی، لە خاچدرانی عیسا، بۆ سڕینەوەی گوناهەكانی شوێنكەوتوانی.

٤- پسوولەی لێخۆشبوون (صكوك الغفران) دابەش كردن بەسەر خەڵكدا، كە گوایە پاپاو قەشەكان نوێنەری خوان، بۆ لێبوردنی گوناهی خەڵك!

٥- دروستكردنی چینی ئەكلیرۆس (طبقة الكهنوت) كە هەر ئەوان بۆیان هەیە، باسی ئایین بكەن و، كتێبی پیرۆز لێك بدەنەوە!

٦- بە سێبەرو نوێنەری خوا دانانی پاپایەكان، پاشان حوكمڕانەكان.

٧- بە بەشێك لە ئایین لە قەڵەم دانی فیكرەكانی: ئیقلیدس و بەتلیمۆس و جالینۆس، كە هەڵبەتە دواییش بە ئیسپات بوونی هەڵەیی و ناتەواویی یان، كۆی ئایینی ئەو كڵێسانەش كەوتە ژێر نیشانەی پرسیارەوە!

www.alibapir.com

بۆ وێنە: كاتێك كۆپەرنیكۆس (١٤٧٣ - ١٥٤٣)، سەلماندی، كە زەوی خڕەو دەخولێتەوە، ڕیسی كلێساو پاپاو كەهەنووت بۆوە بە خوریی!

٣- دانانی دادگاكانی پشكنینی عەقیدە (محاكم التفتيش عن العقيدة):

لە ساڵی (١١٨٣ ز)ەوە كلێساو پیاوەكانی، هەڵساون بە دانانی دادگایەكانی پشكنین و سانسۆری فیكرو عەقیدە، وە لەو ماوەیەدا، كە كلێسا دەستەڵاتی هەبوو، دەوری سێسەد هەزار (٣٠٠،٠٠٠) كەس دادگایی كراو سزادراون و، دەوری سی و دوو هەزار (٣٢٠٠٠) كەس بەس بە سووتێنران، سزادران، كە لەنێویاندا هەر كام لە:

١- جیوردانۆ برنۆ: ١٥٤٨ - ١٦٠٠.
٢- جیو فری فالیە: ١٥٧٤.
٣- بومبو نیو راستنیكو: ١٥٨٧.
٤- ئیدوارد وایتمان: ١٦١٢ هەبوون.

(گالیلۆ)ش لە ساڵی (١٦٤٢) تۆبەی پێكرا، ئەگەرنا بە مەرەدی ئەوان دەچوو!

وە (دی روزا) لە كتێبی (مێژووی ڕەشی كلێسا)دا، گوتوویەتی: تەنیا لەئیسپانیا، سی هەزار (٣٠٠٠٠) كەس سووتێنران!

٤- تەبەنیی كردنی سیستمی ثیۆكڕاسیی (theocracy):

لەلایەن كلێساو چینی ئەكلیرۆسەوە، لە هەموو ئەوروپادا سیستمی حكومەتی خوایی، یان حكومەتی ئایینی (ثیۆكڕاسیی) تەبەنیی كراو سەرەنجام:

سێكوچكەیەكی شووم (ثالوث مشئوم) لە:

پاپا، پادشا، دەرەبەگ (البابا، الملك، الإقطاعي) دروست بوو، كە ملۆزمێكی خوێنمژو كابوسێكی بێڕەزا بوون، بۆ گیانی خەڵك و جەماوەر.

www.alibapir.com

٥- قۆرخکارییەکی سەختی موڵك و سامان:

کڵێساو پیاوەکانی، بە پێچەوانەی ئەوەوە کە بانگەشەیان بۆ دەکرد، کە بریتی بوو لە ژیانی ڕەبەنایەتیی (الرهبانية)و پشت لە دنیا کردن، باوەشیان بە دنیاو پارەو ساماندا کردبوو و، باج و خەڕاج و پیتاکی زۆریان بە ناوی خواو مەسیح و کڵێساوە، لە خەڵك دەستاند.

٦- تێکچوونی ئاشتی کۆمەڵایەتیی:

دوای ئەوەی هەر کام لە جووڵانەوەی: ١- مارتن لوثەر ١٤٨٣ز - ١٥٤٦ لە ئەڵمانیا، ٢- جووڵانەوەی کالڤن: ١٥٠٩ - ١٥٤٤ لە فەڕەنسا، سەریان هەڵدا، وەك کاردانەوە بۆ کڵێساو دارو دەستەکەی، شەڕو کوشتارێکی بێ ئامان، باڵی ڕەشی بەسەر ئەوروپادا کێشا، لە نێوان هەرسێك ڕەوتی:

أ- کاثۆلیك .
ب- پرۆتستانت .
ج- ئەرثذۆکس .

وە لەو شەڕو کوشتارانەدا، کە هەیانبووە سەد (١٠٠) ساڵ و، هەیانبووە سی (٣٠) ساڵ بەردەوام بووە، ملیۆنان خەڵك کوژراون!

ئیدی سەرەنجام:

١- کڵێسا عەقڵ و هۆشی بیرمەندانی کۆت و زنجیر کرد بوو، تاکو لە ئەنجامی بیرکردنەوەی ئازادانەیانەدا، بیرۆکە ئەفسانییەکانی ئاشکرا نەبن!

٢- هەروەها کڵێسا دڵ و دەروونی خەڵك و جەماوەری بە ناوی چینی کەهەنووتەوە، زەوت کردبوو!

٣- پاپاو قەشەکان و چینی ئەکلیرۆس، خۆیان لە خەڵکی کردبوو بە سێبەرو وەکیلی ڕەهای خوا!

٤- ژیان تووشی وەستان بوو بوو و، دژایەتیی هەر جۆرە داهێنان و تازەگەرییەك دەکرا.

www.alibapir.com

٥- كڵێسا خەڵكی هان دەدا بۆ گۆشەگیریی و، واز هێنان لە دنیا و ژیانی ڕەبەنایەتیی، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿... وَرَهْبَانِيَّةً ابْتَدَعُوهَا مَا كَتَبْنَاهَا عَلَيْهِمْ ...﴿٢٧﴾﴾ الحديد.

واتە: ڕەبەنایەتییەكیان داهێنا، كە لەسەرمان پێویست نەكردبوون..

٦- وە كڵێسا بوو بوو بەبەشێك لەسێكوچكەی سیستمی ستەمكارانەی ثیۆكراسیی (پاپا، پادشا، دەرەبەگ).

ڕاپەڕینی بیرمەندان و پاشان خەڵك و جەماوەر لە كڵێساو ئایینەكەی

ئنجا سەرەنجام لە بەرانبەر ئەو هەموو هەڵەو پەڵەو لادان و تاوانانەی كڵێسادا، بیرمەندان و خەڵك و جەماوەریش بەگشتی، تەواو بێزارو نیگەران بوون و، دەستیان بە جموجۆڵ و كاردانەوەی جۆراو جۆر كرد:

یەك: مارتن لۆثەر ١٤٨٣ - ١٥٤٦:

سەرەتا لە ئەڵمانیا (مارتن لۆثەر) جووڵانەوەی (پڕۆتستانت)یی ڕاگەیاند، كە زیاتر وەك ڕەخنەگرتن لە كڵێساو بەرگریی كردن لە ئایینی ڕاستەقینەی مەسیح، خۆی دەنواند.

دەشتوانین نێوەڕۆكی جووڵانەوەی (پڕۆتستانت)یی، لەم پێنج بنەمایەدا پوخت بكەینەوە:

١- تاك ئازادە، كتێبی پیرۆز بخوێنێتەوە.

٢- كەهانە نیەو نهێنی پیرۆز، كە تەنیا چینی ئەكلیرۆس بیزانن، بوونی نیە.

٣- تاك بۆی هەیە ڕاستەوخۆ خوا بپەرستێ.

٤- لە دەرەوەی جوغزی كڵێساش، ڕێی لە دۆزەخ دەرباز بوون و ڕازییكردنی خوا هەیە.

٥- تێگەیشتنی عەقڵانە لە كتێبی پیرۆز، ڕەوایەو گوناه نیە.

دوو: كاڵفن: ١٥٠٩ – ١٥٤٤:

ئەمیش لە فەرەنسا لە كڵێساو ئەفسانەكانی و تاوانە و لادانەكانی ڕاپەڕی، كە تێڕوانینەكانی زۆر لە هی (مارتن لۆثەر)ەوە نیزیك بوون.

سێ: شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩ ز):

وە لە ئاكامدا شۆڕشی فەرەنسا، لە ساڵی: (١٧٨٩ ز) ڕوویدا، كە یەكێك لە دروشمەكانی ئەوە بوو:

"دوا پادشا بە ڕیخۆڵەی دوا قەشە ئیعدام بكەن"

ئنجا لەوە بە دوا، كە پێشتر سیكۆلاریزم (Secularism) وەك تیۆرو بیرۆكە هەبوو، ئەمجارە حاڵەتی كردەیی و پڕاكتیزە كردن (تطبیق)ی بەخۆیەوە بینی و، گۆڕا بۆ سیكۆلاریزەیشن (Secularization) واتە: بە عەلمانیی كردن (العلمنة).

وە بیرۆكەی سیكۆلاریزم و حاڵەتی سیكۆلاریزەیشن، وەك چۆن ئاگر لە پوشێ بەردەبێ، ئاوا بە خێرایی سەرجەم وڵاتانی ئەورووپای گرتەوە.

www.alibapir.com

تەوەری سێیەم:
سیكۆلاریزم لە كۆمەڵگایەكی
لە ئیسلام تێگەیشتوودا، پاساوی بوونی نیە

بەڕێزان!

ئێمە لە دوو خاڵاندا بە كورتیی و گوشراویی، ڕاستیی ئەو قسەیەی سەرێ، كە كردوومانەتە ناونیشانی ئەم تەوەری سێیەمە، دەسەلمێنین:

خاڵی یەكەم: مێژووی ئیسلام و مسوڵمانان،
پێچەوانەی مێژووی كڵێساو نەصرانییەكانە:

١- عیسا (علیه السلام) بۆ گەلێكی تایبەت (بنو إسرائیل) و قۆناغێكی دیارییكراو، هاتبوو، "وەك پێشتر گوتمان" بەڵام ئیسلام بۆ سەرجەم مرۆڤایەتیی هاتوە، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٨ ﴾ سبأ.

واتە: تۆمان نەناردوە، مەگەر بۆ تێكڕای خەڵكی، موژدەدەرو ترسێنەربی.

كەواتە: ئەگەر ئایین و بەرنامەكەی عیسا (علیه السلام)، كە بۆ كۆمەڵگایەكی تایبەتیی، دەوری دوو هەزار ساڵ لەمەوبەر نێرراوە، نەتوانێ "بە ساغیی و سەلامەتییش، چ جای دوای گۆڕان و دەستكاریی كران" كێشەو گرفتەكانی

www.alibapir.com

کۆمەڵگایەکانی دواى خۆى چارەسەر بکات، هیچ ماقووڵ نیە ئیسلامێکی دەستکاریی نەکراوی بۆ هەموو مرۆڤایەتیی نێرراوی، قیاس بکرێتە سەر!

٢- کتێبەکەی عیسا (علیه السلام) زۆری دەستکاریی کراوەو گۆڕراوە، چونکە خوا یەك ئینجیلی بۆ مەسیح (علیه السلام) ناردوە، بەڵام ئێستا نەصرانییەکان چوار ئینجلیان لەبەر دەستن (مَتَّى، يُوحَنَّا، لُوقَا، مرْقَصْ)، کە ئەوانیشیان لە نێو دەیان ئینجیلدا هەڵبژاردون،

بەڵام قورئان نەك وشەیەك، پیتێکیشی نەگۆڕراوەو، لەلایەن خواوە پارێزراوە، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر.

واتە: ئێمە خۆمان زیکرمان ناردۆتە خوارو، هەر خۆیشمان پارێزەرینی.

لەبارەی گۆڕران و دەستکاریی کرانی ئایینی عیساوە، لەسەر دەستی کڵێسا، (جرين برنتن) لە کتێبی: (أفكار ورجال)[1] لە لاپەڕە (٢٠٧)دا دەڵێ: (بێگومان مەسیحییەتی زاڵبوو لە کۆبوونەوەی (نيقية)دا "٣٣٥" کە کرا بە ئایینی گەورەترین ئیمپڕاتۆریەتی دنیا، بە تەواویی جیا بوو لە مەسیحییەتێك، کە مەسیحییەکانی جەلیل "بەڕێوەیان دەبرد").

٣- نەصرانییەکان هەتا دەستگرتوو بوون بە ئایینە شێوێنراوەکەیانەوە، دواکەوتوو بوون، کە دەستبەرداری بوون، پێشکەوتن، بەڵکو مسوڵمانان، بە پێچەوانەوە: هەتا دەستگرتوو بوون بە ئایینەکەیانەوە، لە پێشەوە بوون و، کە دەستیان لە ئیسلام شل کرد، کەوتنە دوا!

٤- لە مێژووی مسوڵمانانیشدا هەڵەو لادان بووە، بەڵام بەهۆی لادانی حوکمڕانانەوە بوە لە ئیسلام و قورئان، بەڵام لادانی نەصرانییەکان، لە خودی ئایینە تێکدراوو کتێبە گۆڕراوەکەیانەوە، سەرچاوەی گرتبوو.

---

(١) هەڵبەتە کتێبەکەی تەرجەمەی عەرەبی کراوە.

خاڵی دووەم: هیچ کام لەو هۆکارانەی کە خەڵکی ڕۆژئاوایان لە کڵێساوە سڵەماندەوە، لە ئیسلامدا بوونیان نیە:

١- لە ڕووی عەقیدەیی و فیکریی و زانستییەوە:

١- بە هۆی پاڕێزرانی قورئانەوە لە گۆڕران، لەلایەن خوای تواناوە، ڕێ لە لادانی عەقیدەیی و فیکریی گیراوە:

﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا ٱلذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُۥ لَحَٰفِظُونَ ۝٩ ﴾ الحجر.

٢- یەكەمین ئایەتی قورئان كە دابەزی بە: بخوێنە (إقرأ) دەستی پێكرد:

﴿ ٱقْرَأْ بِٱسْمِ رَبِّكَ ٱلَّذِى خَلَقَ ۝١ ﴾ العلق.

وە موعجیزەی پێغەمبەری خاتەم صەڵات و سەلامی خوای لەسەر بێ، موعجیزەیەكی فیكریی و زانستییە، كە قورئانە.

٣- لە ئیسلامدا: دین و ژین، حوكم و حیكمەت، سیاسەت و عیبادەت، دنیاو دوارۆژ.. تێكهەڵكێش و ئاوێتەن.

٤- ئیسلام لە ڕووی بوونناسیی (Ontology) و عەقیدەیی یەوە: مسوڵمانانی بێ نیازو دەوڵەمەند كردوەو، لە ڕووی دنیادارییشەوە: دەستی كردوونەوەو، بگرە لەسەریشی پێویست كردوون، كە هەم عەقڵ و هۆشی خۆیان ئازایانەو ئازادانە بەكاربێنن، هەم حیكمەت و زانیاری بەسوود لە هەر كەسێكەوە بێ، وەری بگرن:

﴿ فَبَشِّرْ عِبَادِ ۝١٧ ٱلَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ ٱلْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُۥٓ ۚ أُو۟لَٰٓئِكَ ٱلَّذِينَ هَدَىٰهُمُ ٱللَّهُ ۖ وَأُو۟لَٰٓئِكَ هُمْ أُو۟لُوا۟ ٱلْأَلْبَٰبِ ۝١٨ ﴾ الزمر.

واتە: ئنجا مژدە بدە بەو بەندانەم كە گوێ بۆ هەموو قسەیەك ڕادەدێرن، پاشان شوێن باشترینی دەكەون، ئا ئەوانەن، كە خوا ڕێنمایی كردوون، وە هەر ئەوانەشن خاوەن عەقڵان.

www.alibapir.com

٥- قورئان فەرمانی بە مرۆڤ کردوە، کە سەرنجی دیاردەو دیمەنە سروشتییەکان بدات و، پەی بە نهێنییەکانیان ببات:

- ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَـٰنُ مِمَّ خُلِقَ ۝٥ ﴾ الطارق.

واتە: با مرۆڤ سەرنج بدات، لە چی دروست کراوە!

- ﴿ فَلْيَنظُرِ ٱلْإِنسَـٰنُ إِلَىٰ طَعَامِهِۦٓ ۝٢٤ ﴾ عبس.

واتە: با مرۆڤ سەرنجی خواردنەکەی بدات!

- ﴿ أَوَلَمْ يَنظُرُوا۟ فِى مَلَكُوتِ ٱلسَّمَـٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَىْءٍ .. ۝١٨٥ ﴾ الأعراف.

واتە: ئایا تەماشای مولکی فراوانی ئاسمانەکان و زەوی و، هەر دروستکراوێکی دیکەی خوایان نەکردوە؟!

- ﴿ قُلْ سِيرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ فَٱنظُرُوا۟ كَيْفَ بَدَأَ ٱلْخَلْقَ .. ۝٢٠ ﴾ العنكبوت.

واتە: بڵێ: بە زەویدا بڕۆن، سەرنج بدەن چۆن (خوا) دروستکراوەکانی دەست پێکردوون!

٦- زاناو شارەزایان بەگشتی، پلەو پایەو ڕێزی تایبەتییان هەیە، بەڵام هیچ ماف و ئیمتیازێکیان بەسەر خەڵك و جەماوەرەوە نیە، لە ڕووی بەڕێوەبردن و سەرپەرشتیاریی کۆمەڵگاوە:

- ﴿ .. قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ .. ۝٩ ﴾ الزمر.

واتە: بڵێ: ئایا ئەوانەی دەزانن و ئەوانەی نازانن، یەکسانن؟!

- ﴿ .. يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَـٰتٍ .. ۝١١ ﴾ المجادلة.

واتە: خوا ئەوانەتان کە بڕوایان هێناوە، بەرز دەکاتەوە، وە ئەوانەی زانیارییان پێدراوە، بە چەندان پلە بەرزیان دەکاتەوە.

www.alibapir.com

- ﴿ .. إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ .. ﴿٢٨﴾ ﴾ فاطر.

واتە: بێگومان تەنیا بەندە زاناکان "وەك پێویست" بە بە گەورە گرتنەوە لە خوا دەترسن.

٢- لە ڕووی ژیـــان و گوزەرانـــەوە:

١- خوای بەرزو مەزن، لە چەندان ئایەتی قورئاندا، ڕایگەیاندوە، کە هەرچی لە بوونەوەر دایە، بۆ مرۆڤی ڕام و دەستە مۆکردوە:

أ- ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا .. ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة.

ب- ﴿ وَٱلْأَرْضَ وَضَعَهَا لِلْأَنَامِ ﴿١٠﴾ ﴾ الرحمن.

ج- ﴿ وَسَخَّرَ لَكُم مَّا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا مِّنْهُ ﴿١٣﴾ ﴾ الجاثية.

٢- هەروەها خوای کارزان ڕایگەیاندوە، کە مرۆڤی بەمەبەستی ئاوەدان کردنەوەی دنیا لەسەر زەوی داناوە:

﴿ هُوَ أَنشَأَكُم مِّنَ ٱلْأَرْضِ وَٱسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا فَٱسْتَغْفِرُوهُ ثُمَّ تُوبُوٓا۟ إِلَيْهِ ۚ إِنَّ رَبِّى قَرِيبٌ مُّجِيبٌ ﴿٦١﴾ ﴾ هود.

٣- وە خوا ستایشی ئەوانەی کردوە، کە بەر لە چاکەی دوارۆژ، چاکەی دنیا، لە خوا داوا دەکەن:

﴿ وَمِنْهُم مَّن يَقُولُ رَبَّنَآ ءَاتِنَا فِى ٱلدُّنْيَا حَسَنَةً وَفِى ٱلْءَاخِرَةِ حَسَنَةً وَقِنَا عَذَابَ ٱلنَّارِ ﴿٢٠١﴾ أُو۟لَٰٓئِكَ لَهُمْ نَصِيبٌ مِّمَّا كَسَبُوا۟ ۚ وَٱللَّهُ سَرِيعُ ٱلْحِسَابِ ﴿٢٠٢﴾ ﴾ البقرة.

شایانی باسیشە: هەموو ئەو ئایەتانەی کە زەمکردنی ژیانی دنیایان تێدایە، بەسەرنجدانی سیاقەکەیان، دەزانرێ کە مەبەست ئەو ژیانە دنیاییە یە، کە خاوەنەکەی بەهۆیەوە، ڕۆژی دوایی لە بیر دەکات، بۆ نموونە:

www.alibapir.com

﴿ وَمَا ٱلۡحَيَوٰةُ ٱلدُّنۡيَآ إِلَّا لَعِبٞ وَلَهۡوٞۖ وَلَلدَّارُ ٱلۡأٓخِرَةُ خَيۡرٞ لِّلَّذِينَ يَتَّقُونَۚ أَفَلَا تَعۡقِلُونَ ﴿٣٢﴾ ﴾ الأنعام.

واتە: وە ژیانی دنیا بەس یاریی و خافڵانە، وە مەنزڵگای دواڕۆژ باشترە، بۆ ئەوانەی پارێز دەكەن، ئایا نافامن؟!

ئەگەرنا بێگومان ژیانی دنیا، كە خوا ئەو هەموو هەزاران پێغەمبەرەی خۆی ناردبێ و، ئەو هەموو كتێبانەی خۆی دابەزاندبێ، بۆ چاككردن و ڕێك و پێككردنی، دیارە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، ئەوپەڕی گرنگیی و بایەخیی پێدراوە.

٣- لە ڕووی سیاسییەوە:

١- خەڵك و كۆمەڵگا بە گشتی، خاوەنی ئەسڵیی حوكم و دەستەڵاتی سیاسی و حوكمڕانییە، بە بەڵگەی ئەوە كە سەرجەم دواندنەكانی (خطابات)ی قورئان، ڕوویان لە خەڵك و كۆمەڵگایە بە گشتی، نەك چین و توێژێكی تایبەت:

أ- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ ﴿١﴾ ﴾ النساء.

ب- ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ ﴿١﴾ ﴾ الحجرات.

وە تەنانەت بۆ جارێكیش خوای بەرزو مەزن، زانایان (علماء) یان بەرپرسان (مسؤلین) یان بە تەمەنان (شیوخ) . هتدی، نەدواندوون!

٢- ڕاوێژ (شوری) بناغەی حوكمڕانیی و كاروبار بەڕێوەبردنە، وەك خوای عزوجل فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ... ﴿٣٨﴾ ﴾ الشوری.

واتە: وە كاروبار بەڕێوەبردنیان (هی مسوڵمانان) بە ڕاوێژە.

٣- حوكمڕان و بەرپرسان وەكیلی خەڵك و كۆمەڵگان، نەك هی خوا، وە ڕەوایەتیی (شرعیة) لە خەڵك وەردەگرن، نەك لە خوا، وەك دوایی لە كاتی بەراورد كردنی سیستمی حوكمڕانیی لە ئیسلامداو، دیموكڕاسییدا، باسی دەكەین.

www.alibapir.com

٤- زاناو شارەزایان پلەو ڕێزی تایبەتیان هەیە، بەڵام چینێکی تایبەتی خاوەن ماف و ئیمتیازی سیاسی نین، وەك چینی ئەکلیرۆس!

وە بێگومان لە ئیسلامدا، سەرپەرشتیاریێتیی ڕاوێژ (ولایة الشورى) هەیە، نەك سەرپەرشتیاریێتیی شەرعزان (ولایة الفقیه)، وە ئەو جۆرە لە حوکمڕانیی، بەسروشتی ئیسلام نامۆیەو، دووبارە کردنەوەی ئەزموونی ئایینی کڵێساو، حوکمی پاپایەکانی ڕۆژئاوایە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا، وە نابێ ئەو جۆرە حوکمڕانییە، کە زۆر لە حکوومەتی ئایینی و خوایی (ثیۆکراسیی) بەوە نیزیکە، لەسەر ئیسلامی بەرجەستە لە قورئان و سوننەتدا حیساب بکرێ، چونکە وەك پێشتر گوتمان:

لە ئیسلامدا خاوەنی ئەسڵیی دەستەڵات (صاحب السلطة الأصلي) خەڵك و جەماوەرە بە گشتی، هەر بۆیەش خوا فەرمان بە کۆمەڵگا دەکات، کە سپاردەکانی حوکمڕانیی و بەرپرسیاریێتیی، بە کەسانی شایستە بسپێرن، وەك فەرموویەتی:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا ... ﴿٥٨﴾ ﴾ النساء.

هەروەها بناغەی حوکمڕانیی و کاروباری خەڵك و وڵات بەڕێوەبردن، ڕاوێژە:

أ- ﴿ ...وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ... ﴿٣٨﴾ ﴾ الشورى.

ب- ﴿ وَشَاوِرۡهُمۡ فِي ٱلۡأَمۡرِ ﴿١٥٩﴾ ﴾ آل عمران.

٤- لە ڕووی ئابوورییەوە:

کۆتا کتێبی بەهێزو پیرۆزی خوا (قورئان) زۆر بە ڕوونیی ڕایگەیاندوە، کە خوای کاربەجێ نازو نیعمەت و خێرو بێرەکانی زەمینی، بەبێ جیاوازیی بۆ سەرجەم مرۆڤەکان هێناونە دی:

أ- ﴿ هُوَ ٱلَّذِي خَلَقَ لَكُم مَّا فِي ٱلۡأَرۡضِ جَمِيعٗا .. ﴿٢٩﴾ ﴾ البقرة.

واتە: "خوا" ئەو کەسەیە کە هەرچی لە زەوی دایە، بۆ تێکڕاتانی دروست کردوە.

ب- ﴿ وَٱلۡأَرۡضَ وَضَعَهَا لِلۡأَنَامِ ﴿١٠﴾ ﴾ الرحمن،

www.alibapir.com

واتە: وە "خوا" زەمینی بۆ مرۆڤەکان داناوە.

کەواتە: هیچ کەس بۆی نیە، قۆرخکاریی لە خێرو بێرەکانی سەر زەویدا بکات و، هیچ کەس و بنەماڵەو تیرەو هۆزو گەلێك، لە کەس و بنەماڵەو تیرەو هۆزو گەلەکانی دیکە، پتر پشك و بەشی بە هیچ شتێکەوە نیە.

وە لە ڕاستییدا ئیسلام: لایەنە ئەرێنییەکانی هەر کام لە (سوسیالیزم) و (کاپیتالیزم)ی تێدان و، لەلایەنە نەرێنیی (سلبي)یەکانیشیان بەرییە.

٥- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

١- ئیسلام ئایین و بەرنامەیەکی لەگەڵ سروشت و فیترەتدا گونجاوە، هەرچی سروشتی ساغی مرۆڤ داوای دەکات، گرتوویەتە خۆی، وەك خوای زانا دەفەرموێ:

﴿ فَأَقِمْ وَجْهَكَ لِلدِّينِ حَنِيفًا ۚ فِطْرَتَ ٱللَّهِ ٱلَّتِى فَطَرَ ٱلنَّاسَ عَلَيْهَا ۚ لَا تَبْدِيلَ لِخَلْقِ ٱللَّهِ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٣٠﴾ ﴾ الروم.

٢- لە ئیسلامدا مرۆڤەکان: بە نێرومێ و سەرجەم ڕەنگ و دەنگ و هۆزو نەتەوەکانەوە، یەکسانن و، بەڕێزترینیان، پارێزکارترینیانە، وەك خوا فەرموویەتی:

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ الحجرات.

٦- لە ڕووی تەبایی و پێکەوە ژیانەوە:

هەرکات مسوڵمانان بە شێوەیەکی ڕاست و دروست، لە بەرنامەکەیان تێگەیشتبن و، بە باشی پێوەی پابەند بووبن، بە خەسڵەتی بەرزی تەبایی و پێکەوە ژیان (التسامح والتعايش)ەوە ڕازاونەوە، لە بواری مامەڵەیان لەگەڵ ئەوانی دیکە "نامسوڵمانان"دا وە هەمیشە لە دەمارگیریی و داخراویی (التعصب والإغلاق) دوور بوون، چونکە ئایینەکەیان بڕوای بەوپەڕی ئازادیی هەیە، لە بواری بیرو بڕواو دەربڕیندا[1].

---

(١) لە کتێبی (چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم)دا چاپی شەشەم و، بەرگی دووەمی مەوسووعەی: (ئیسلام و دەوڵەتداریی)دا، بە درێژیی باسی ئەو مەسەلەیەمان کردوە.

لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵتانین
Stay in touch on social media
نحن معكم عبر مواقع التواصل الاجتماعي
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپـیـر
AliBapir/عەلی باپیـر
archive.org/details/@alibapir
AliBapir/عەلی باپیـر
کەناڵی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپـیـر
AliBapir
Google Play
App Store
www.alibapir.net
English - عربي - کوردی
ڕاگەیاندنی مەکتەبی مامۆستا عەلی باپـیـر

www.alibapir.com

بەشی دووەم

دیموکڕاسی
(Democracy)

www.alibapir.com

www.alibapir.com

تەوەری یەكەم:
پێناسە

دیموكڕاسی (Democracy) واتە: حوكمی گەل، لە هەردووك وشەی یۆنانیی: دەستەڵات (kratos) و گەل (Demos) پێكهاتوە، وەك لە (موسوعة السياسة)دا هاتوە: (الحكم الذي تكون فيه السلطة للشعب) ج٢، ص٧٥١.
واتە: ئەو سیستمەیە، كە تێیدا دەستەڵات هی خەڵكە.

هەڵبەتە (دیموكڕاسی) بە زۆر جۆر پێناسە كراوە، بەڵام ئێمە حەوت دانەیان بەنموونە لێ وەردەگرین:

١- **(جون ستراوت میل) دەڵێ:** (باشترین جۆری دەستەڵات ئەوەیە، كە زۆرترین بواری بەشداریی سیاسی بڕەخسێنێ، وە گونجاوترین پەیكەرەی دەستەڵات بۆ كۆمەڵگای سەردەم ئەوەیە، كە نوێنەرایەتیی دەكات). بڕوانە: (حكوومەتی نوێنەرایەتیی / ١٨٦١ لاپەڕە ٣١٤).

٢ - **(جۆزیف شەمپیتەر) دەڵێ:** (سیستمێكی سیاسییە، كە تێیدا كاربەدەستان كێبڕكێ دەكەن بۆ گەیشتن بەدەسەڵات، لە ڕێگای بەدەستهێنانی دەنگی خەڵكەوەو، كار بەدەستانی سیاسی، لە ڕێی هەڵبژاردنەكانەوە دیاریی دەكرێن). بڕوانە: (سەرمایەداریی، سۆشیالیزم، دیموكڕاسی / ١٩٤٣ لاپەڕە ٢٦٩).

٣ - **(ڕۆبێرت دال) دەڵێ:** (سیستمی دیموكڕاتیك، سیستمێكە ڕەوایەتیی لە خەڵك وەردەگرێ، وە مانەوەشی پەیوەستە بە بەردەوامیی ڕەزامەندیی خەڵكەوە). بڕوانە: (لەبارەی دیموكڕاسی یەوە / ١٩٩٦، لاپەڕە ٨٢).

٤- (کارل پۆپەڕ) دەڵێ: (دیموکڕاسی سیستمێکە، کە هاووڵاتییان تێیدا دەتوانن بەبێ خوێن ڕشتن، کاربەدەستانی خۆیان بگۆڕن) (١٩٦٢ / لاپەڕە ١٢٤).

٥- (ئیان شاپیرۆ) دەڵێ: دیموکڕاسی خوازیارە بۆ کۆمەڵێك دامەزراوە، کە بوار دەڕەخسێنن خەڵك کاربەدەستانیان دابنێن و لاشیان بەرن). (پێگەی دیموکڕاسی ١٩٩٨، لاپەڕە ٣٥).

٦- (فرانسیس فۆکۆیاما) دەڵێ: (دیموکڕاسی سێ شتی پێویستن: دامەزراوەکان، سەروەریی یاسا، لێپرسینەوە). (سیستمی سیاسی و ئاژاوەی سیاسی ٢٠٠٥).

٧- (ئیریك فرۆم) دەڵێ: (بە پێی سیستمی دیموکڕاسی: تێکڕای هاووڵاتییان لە بەرپرسیارێتیی دروستکردنی بڕیاری سیاسییدا، یەکسانن). (٢٠٠٢، لاپەڕە ١٧٩).

منیش دەڵێم:

دەتوانین بڵێین: دیموکڕاسی ئەو سیستمەیە، کە خەڵك مافی هەبێ لە دانانی حوکمڕانان و، ڕەخنە لێگرتنیان و، لابردنیان دا.

www.alibapir.com

تەوەری دووەم:
سەرگوزشتەی دیموکڕاسی

ئایا ڕاستە "وەك بە داخەوە لە لای زۆربەی خەڵکی دنیا بۆتە قەناعەت" کە دیموکڕاسی "یانی: دەستکراوەیی خەڵك لە دانان و، چاودێریی کردن و، لێپرسینەوەو لادانی حوکمڕانانداا" سیستمێکە لە یۆنانەوە هاتوەو، بۆ یەکەمجار لەوێ پیادە کراوەو، کاڵایەکی ڕۆژ ئاوایی ڕووتە؟!

لە وەڵامدا دەڵێین:

بێگومان ئەو بیرۆکەیە ڕاست نیە، بەڵام خۆ بە سەنتەر زانینی ڕۆژئاواو، لێ سەلمێنرانی ئەودەعوایەشی، لەلایەن زۆرێك لە گەلانەوە، ئەوە وەهمەی کردوە بە: ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگر لە لای خەڵکێکی زۆر!

من تەماشای کۆمەڵێك کتێبی مێژوویيم کردوە، دەری دەخەن کە دیموکڕاسی، (نەك وەك ناوەکەی، بەڵکو وەك نێوەڕۆکەکەی، ئەوە کە خەڵك بەرپرسانی خۆیان دابنێن و، بۆشیان هەبێ چاودێرییان بکەن و، لێیان بپرسنەوەو، کە ئەوە نێوەڕۆکی دیموکڕاسییە)، ئەم نێوەڕۆکە شتێکی زۆر لەمێژینەیە، بەم بەڵگانەی خوارێ:

١- ئەگەر تەماشای قورئان بکەین، خوای پەروەردگار، کە باسی شاژنی (سبأ) دەکات، دەفەرموێ:

﴿ قَالَتۡ يَٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ إِنِّيٓ أُلۡقِيَ إِلَيَّ كِتَٰبٞ كَرِيمٌ ٢٩ إِنَّهُۥ مِن سُلَيۡمَٰنَ وَإِنَّهُۥ بِسۡمِ ٱللَّهِ ٱلرَّحۡمَٰنِ

www.alibapir.com

ٱلرَّحِيمِ ﴿٣٠﴾ أَلَّا تَعۡلُواْ عَلَيَّ وَأۡتُونِي مُسۡلِمِينَ ﴿٣١﴾ قَالَتۡ يَـٰٓأَيُّهَا ٱلۡمَلَؤُاْ أَفۡتُونِي فِيٓ أَمۡرِي مَا كُنتُ قَاطِعَةً أَمۡرًا حَتَّىٰ تَشۡهَدُونِ ﴿٣٢﴾﴾ النمل.

شاژن: گوتی: ئەی مشوور خۆرو بڕیار بە دەستەکان! من نامەیەکی بەڕێزم بۆ نێرراوە، نێوەڕۆکەکەی ئاوایە: ئەمە لە سولەیمانەوەیە، وە بە ناوی خوای بەبەزەیی بەخشندە، لە ئاستم خۆتان بەبەرز مەگرن و، بە ملکەچیی و بێ لام و جیمیی وەرنە لام! گوتی: ئەی کاربەدەستان و مشوورخۆرەکان! ڕاتان چییە؟ تاکو ئێوە بڕیار نەدەن، من هیچ بڕیار نادەم...

وەك دەبینین گەڕانەوە بۆ ڕای خەڵك، گەڕانەوە بۆ نوێنەرانی خەڵك، لە قورئاندا هاتوە، ئنجا نەك لەلایەن بەرپرسێکی پیاویشەوە، بەڵکو لەلایەنی بەرپرسێکی ئافرەتیشەوە، کە شاژنێکە.

٢- (ڕاۆول مانغلابوس) لە کتێبێکیدا، کە بۆ عەرەبی تەرجەمە کراوە بەناوونیشانی (إرادة الشعوب)، دەڵێ: {دیموکراسی بەر لە دەستەڵاتی ڕۆمانەکان، لە باکووری ئەورووپا حوکمی دەکرد، لە نەرویج و دانیمارك و ئایسلەندا}[1].

٣- هەروەها هەر (مانغلابوس) لە هەمان کتێب لاپەڕە (١٣٣)دا دەڵێ: {لە نێو هیندیە سوورەکانی ئەمریکاش دا، دیموکراسی (وەك نێوەڕۆك) هەبووە، بەهەڵبژاردن خەڵك بەرپرسانی خۆیان داناوە، وە بە زمانی خۆیان (ساخیم)یان پێ گوتوە}.

٤- هەروەها هەر (مانغلابوس) لە هەمان کتێب لە لاپەڕە (٤٠ - ٢)دا دەڵێ: لە وڵاتی میزۆپۆتامیا (ما بین النهرین)دا، پێش (٤٥٠٠) ساڵ بەر لە ئێستا، ئەم سیستمە باو بووە، بە تایبەتی لە شاری (ئیبلا) کە دانیشتوانی سی هەزار (٣٠٠٠٠) کەس بوون و، دوازدە هەزار (١٢٠٠٠) کارمەندی هەبوون، وە وڵاتێکی دوو سەدو پەنجا هەزار (٢٥٠٠٠٠) کەسیی بووە.

---

(١) إرادة الشعوب، قبرص/ ١٩٩١م، ص١٨.

www.alibapir.com

٥- هەروەها (ئیف شمیل) لە كتێبی: (السياسة في الشرق القديم) لە لاپەڕە (٤٢ و ٤٣)دا، وە (صاموئیل نوح كريم) لە كتێبی: (تأريخ سومر) لە لاپەڕە (٦١)دا دەڵێن: {سێ هەزار (٣٠٠٠) ساڵ پێش زایین، لەو ناوچانە (نێوان دوو ڕووبارەكان)دا كۆماڵگایەكان دوو مەجلیس بەڕێوەی بردوون، مەجلیسێكیان بۆ خەڵكی بە تەمەن، وە مەجلیسێك بۆ كەسانی جەنگاوەر}.

٦- هەروەها هەر (مانغلابوس) لە هەمان كتێب لە لاپەڕە: (٤٣ - ٤٧)دا دەڵێ: {لە هیندیش بەر لە شەش سەدە پێش زایین، (١٢) كۆمار (جمهورية) هەبوون، كە سەرۆكی یەكێكیان بابی بوزا بووە، كە هەر كام لە سەرۆكەكان پێیان گوتراوە (راجا) وە بە هەڵبژاردن دانراون}.

٧- هەروەها لە مەككەش پێش ئیسلام، هۆزی قورەیش (دار الندوة)یان هەبووە، وەك (إبن هشام) لە (السيرة النبوية)دا هێناویەتی.

ئنجا ئایا خوشك و برایانی بەڕێز!

هۆكاری ئەمە چییە؟

هەر بە كورتیی دەڵێم: سروشتی ساغی مرۆڤ، هەمیشە عەوداڵی شتی باش و سوود بەخشە، ئنجا حاڵەتی ئاسایی و خوارسكی مرۆڤ ئاوایە، كە هیچ كەس پێی خۆش نیە بچەوسێنرێتەوە، وە هیچ كەس پێی خۆش نیە حیسابی بۆ نەكرێ، ئنجا ئەم نێوەڕۆكە (من ناڵێم: وشەی دیموكراسی، بەڵكو دەڵێم: ئەم نێوەڕۆكە)، كە خەڵك هەموویان بەشداربن لە دەستەڵات و حوكمرانیی دا، شتێكی لە مێژینەیە لە ژیانی بەشەردا، وە لە نێو زۆربەی كۆمەڵگاكان دا هەبووە و شتێك نیە لە ئەورووپا هەڵقوڵابێ، وە پێش ئەوەی لە یۆنان ببێ، لە دوو شارەكەی ئەسپارتەو ئەسینا، پێشتر لە مێژووی بەشەردا هەبووە، چ لە ئەورووپاو، چ لە ئاسیاو، چ لە ئەفریقیاو، چ لە هەموو ئەو شوێنانەدا، كە بەشەریان تێدا ژیاون.

کۆتایی ئەم کورتە سەرگوزشتەیەی دیموکڕاسیش، بەم سێ سەرنجە دێنم:

یەکەم: دیموکڕاسی لە یۆنان:

١- لە یۆنان دیموکڕاسی ڕاستەوخۆ هەبووەو نوێنەرایەتیی نەبووە، خەڵک ڕاستەوخۆ لە ساحەیەکدا کۆبووەتەوە، ڕای خۆیان داوە.

٢- تەنیا پیاوانیش بۆیان هەبووە.

٣- تەنیا پیاوە ئازادەکانیش.

٤- وە تەنیا یۆنانییەکانیش بۆیان هەبووە.

دووەم: دیموکڕاسی ڕۆژئاوا:

دوای ئەوەی خەڵك لە ڕۆژئاوا لە تاو کڵێسا ڕای کرد، گەڕا بۆ سیستمێکی حوکمڕانیی وا، کە خەڵك بتوانن بە تەبایی بژین، ئیدی کە مێژووی خۆیان هەڵکۆڵی، دیموکڕاسییان دەرهێنایەوە، بە شێوە یۆنانییەکەی، بەڵام هەر لە سەرەتاوە بە شێوەی نوێنەرایەتیی (نیابی) بوو، نەك ڕاستەوخۆ (مباشر) ئنجا ئەویش دیسان لەسەرەتاوە بەم شێوەیەی ئێستا نەبوو، بەڵکو تەنیا دەوڵەمەندەکان بۆیان هەبوو دەنگ بدەن، دوایی ئەو مەرجەیان لابرد، بەڵام تەنیا پیاوان بۆیان هەبوو، دوایی وردە وردە ئافرەتانیشیان بەشدار کرد، ئیدی زۆر قۆناغی بڕین، هەتا بەم شێوەی ئێستای گەیشت.

ســێیەم:

ئێستاش بەردەوام دیموکڕاسی ڕەخنەی لێ دەگیرێ و، چاك دەکرێ و، دەستکاریی دەکرێ، وە دیموکڕاسی هەر وڵاتێك جیایە لەهی ئەوی دیکەیان و، هەر کامێکیان مۆرکی تایبەتی خۆی هەیە.

www.alibapir.com

تەوەری سێیەم:

بەراوردێك لە نێوان دیموکڕاسیی و سیستمی حوکمڕانیی لە ئیسلامدا

دەتوانین بۆ بەرارد کردنی دیموکڕاسیی و سیستمی حوکمڕانیی لە ئیسلام دا بڵێین: سیستمی حوکمڕانیی لە ئیسلامدا، ئەم حەوت بنەما و نیشانەیەی هەن[١]:

١- خەڵك و جەماوەر بە گشتی سەرچاوەی دەستەڵاتە.

٢- ڕاوێژ (شوری) بناغەی حوکمڕانییە.

٣- حکوومەت لە ئیسلام دا، مەدەنییە، نەك ئایینی، وە حوکمڕانان وەکیلی خەڵکن، نەك خوا.

٤- کارو چالاکی سیاسیی، نەك هەر ماف، بگرە ئەرکی هەر هاووڵاتییەکە، بەمسوڵمان و نامسوڵمانەوە، بەبێ هەڵاواردن.

٥- دەوڵەتی ئیسلامیی دەستی کراوەیە، بۆ وەرگرتنی هەر بیرۆکە و ئامراز و هۆکارێك، کە هێنانەدی بەرژەوەندیی (تحقيق مصلحة)یەکی لەسەری دەکەوێ.

٦- حوکمڕانان لە ئیسلام دا، لە بنەڕەت دا پیرۆز (مقدّس) نین، تاکو پیرۆزییان لێ دابڕنرێ.

---

(١) لە بەرگی دووەمی مەوسووعەی: (ئیسلام و دەوڵەتداریی)دا، بەناوونیشانی: (بنەماکانی سیستەمی حوکمڕانیی ئیسلامیی) دە (١٠) بنەمای گەورە و گرنگمان هێناون و، بە درێژیی لە بارەیانەوە دواوین.

www.alibapir.com

٧- ڕەخنە لێ گرتن و بەرەنگار بوونەوەی حوکمڕانانی ستەمکار، گەورەترین جۆری جیهادە.

ئێستاش بە کورتیی سەرو تیشکیان دەخەینە سەر:

١- خەڵك و جەماوەر بە گشتی سەرچاوەی دەستەڵاتە:

ئەمە یەکێکە لە بنەما گەورە و گرنگەکانی حوکمڕانیی لە ئیسلامدا، ئنجا وەك پێشتریش باسمان کرد، دەتوانین زۆر بەڵگان لەسەر ئەوە بێنینەوە:

یەك: دواندنەکان (خطابات) ی قورئان بۆ کۆمەڵگای ئیسلامیی، سەرجەمیان بە: (يَا أَيّها النَّاس) و (يَا أَيّها الَّذِينَ أَمَنُوا) دەست پێدەکەن.

دوو: خوای زانا و شارەزا، فەرمانی بە کۆی خەڵك و کۆمەڵگای مسوڵمان کردوە، کە سپاردەکانی بەرپرسیارێتیی و حوکمڕانیی، بە کەسانی شایستە بسپێرن:

﴿ إِنَّ ٱللَّهَ يَأۡمُرُكُمۡ أَن تُؤَدُّواْ ٱلۡأَمَٰنَٰتِ إِلَىٰٓ أَهۡلِهَا .. ﴿٥٨﴾ ﴾ النساء.

کەواتە: لە بنەڕەت دا بەرپرسیارێتیی و حوکمڕانیی، هی خەڵك و کۆمەڵگایە.

سێ: یەکەمین قەوارەی سیاسی لە ئیسلامدا، کە لە سەر دەستی پێغەمبەری خاتەم (صلى الله عليه وسلم) بنیات نرا، پاش پەیمانی یەکەم و دووەمی عەقەبە (بيعتي العقبة الأولى والثانية) بوو: وەك لە (السيرة النبوية لابن هشام)دا هاتوە.

٢- ڕاوێژ (شورى) بناغەی حوکمڕانییە:

وەك خوای دادگەر فەرموویەتی:

﴿ ...وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ... ﴿٣٨﴾ ﴾ الشورى.

واتە: وە کاروباری بڕواداران بە ڕاوێژە لە بەینیاندا.

وشەی (أمر)یش هەرچەندە چەمکەکەی گشتی و فراونە و، هەموو جۆرە کاروبارێك دەگرێتەوە، بەڵام زیاتر کاروباری: جەنگ و ئاشتیی و سیاسی و کۆمەڵایەتیی دەگرێتەوە...

www.alibapir.com

٣- حکوومەت لە ئیسلام دا مەدەنییە، نەك ئایینیی، وە حوکمڕانان وەکیلی خەڵکن، نەك خوا:

جیاوازیی بنەڕەتیی نێوان حکومەتی مەدەنیی و حکومەتی ئایینیش، ئەوەیە کە یەکەمیان لەسەر بناغەی ڕەوایەتیی (شرعیة) وەرگرتن لە خەڵك، بنیات دەنرێ، بەڵام دووەمیان خەیاڵی وایە، ڕەوایەتیی لە خواوە وەرگرتوە! شایانی باسیشە کە کاتی خۆی بەمجۆرە حوکمڕانییە گوتراوە (ثیۆکراسیی theocracy) یانی: حوکمی خوایی، یان حوکمی ئایینیی، وە ئەو جۆرە حوکمڕانییە، چەندان سەدە بوو لە وڵاتانی ڕۆژئاوادا باو بوو، تاکو بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا، لەساڵی: ١٧٨٩ز دا .

دەشتوانین گەلێك بەڵگان لەسەر ئەوە بێنینەوە، کە حوکمڕانیی لە ئیسلام دا، مەدەنییە، نەك ئایینیی:

یەك: خەڵك و جەماوەر بە گشتی خاوەن و سەرچاوەی دەسەڵاتە:

أ- وەك لە بنەمای یەکەمدا گوتمان، خەڵك و جەماوەر بە گشتی سەرچاوە و خاوەنی دەسەڵاتی سیاسی یە، هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) تاکو لە پەیمانی یەکەمی عەقەبە و پەیمانی دووەمی عەقەبەدا، ڕەوایەتیی لە خەڵکی شاری (یثرب) وەرنەگرت، کۆچی نەکرد و جاڕی قەوارە سیاسییەکەی خۆی نەدا، هەرچەندە بە دڵنیایی لە یەکەمین ڕۆژەوە ڕەوایەتیی ئاسمانیی و خوایی هەبوو، بەڵام هەتا ڕەوایەتیی زەمینیی و خەڵکیی دەستەبەر نەکرد، ئیعلانی قەوارە سیاسییەکەی خۆی نەکرد!

ب- ئەبو بەکری صیددیق (خوا لێی ڕازی بێ)، یەکەمین خەلیفەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) کاتێك مسوڵمانان هەڵیانبژارد و بەیعەتیان پێدا، لەیەکەمین وتاری دا گوتی: (يَا أَيُّهَا النَّاس! إِنِّي قَدْ وُلِّيتُ عَلَيْكُمْ وَلَسْتُ بِخَيْرِكُمْ، فَإِنْ أَحْسَنْتُ، فَأَعِينُونِي، وإِنْ أَسَأْتُ فَقَوِّمُونِي)[1]. واتە: ئەی خەڵکینە! من بەسەرتانەوە

---

(١) الكامل في التأريخ، لابن الأثير ج ص ٢٢٥.

www.alibapir.com

کراومە سەرپەرشتیار، بەڵام باشترینتان نیم، ئنجا ئەگەر چاکەم کرد، هاوکاریيم بکەن، وە ئەگەر خراپەم کرد، ڕاستم بکەنەوە.

دوو: حوکمڕانان پابەندن بە دەستوور و یاساوە:

وەك خوای بەرزی مەزن فەرموویەتی:

﴿ ثُمَّ جَعَلْنَٰكَ عَلَىٰ شَرِيعَةٍ مِّنَ ٱلْأَمْرِ فَٱتَّبِعْهَا وَلَا تَتَّبِعْ أَهْوَآءَ ٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ﴿١٨﴾ ﴾ الجاثية.

سێ: حوکمڕانان لە چین و بنەماڵە و نەتەوەیەکی دیارییکراو نین:

هەر کام لە چوار خەلیفە ڕاشیدەکان: ئەبو بەکر، عومەر، عوسمان، عەلی (خوا لێیان ڕازی بێ)، لە تیرەو هۆزێکی جیاواز، لە وانی دیکە بوو:

١- ئەبو بەکر (بنو تميم).
٢- عومەر (بنو عدي).
٣- عوسمان (بنو أمية).
٤- عەلی (بنو هاشم).

هەڵبەتە تیرەو هۆزەکانی ئەو ساش، لەجێی حیزبە سیاسییەکانی ئەم ڕۆژگارە بوون، کەواتە، لە نێو ئەو چوار لایەنە سیاسییەدا، دەستاو دەستی ئاشتییانەی دەسەڵات بووە!

ئنجا ئەوەی (معاوية بن أبی سفيان)یش کردی، بە دەقی فەرموودەی پێغەمبەری خوا (صلی الله عليه وسلم)، لادان بوو لە ڕێباز و ڕێ وشوێنی وی، وەك فەرموویەتی: {أَوَّلُ مَنْ يَغَيِّرُ سُنَّتِي رَجُلٌ مِنْ بَنِي أُمَيَّةَ} (أَخْرَجَه ابْنُ أَبِي عَاصم في (الأوائل) (ج٧، ص٢)، قَالَ الألباني: وَهَذَا إِسْنَادٌ حَسَنٌ، رِجَالُهُ ثِقَات رِجَالُ الشَّيْخَيْنِ غَيْر المُهَاجِر وَهُوَ ابْنُ مُخَلَّد)، واتە: یەکەمین کەس کە ڕێبازەکەم دەگۆڕێ، پیاوێکە لەهۆزی بەی ئومەییە (ألباني)یش گوتوویەتی: (وَلَعَلَّ المُرَاد بالحَدِيث تَغْيِير نِظَام اختيَار الخَلِيفَة وَجعله وراثة وهو الظاهر)، واتە: ڕەنگە مەبەست لە فەرموودەکە، گۆڕینی سیستمی هەڵبژاردنی خەلیفەو گۆڕانی بە میراتیی بێ، هەرواش دیارە.

www.alibapir.com

٤- كارو چالاكی سیاسی نەك هەر ماف، بگرە ئەركی هەر هاووڵاتییەكە، بە مسوڵمان و نامسوڵمانەوە، بە بێ هەڵاواردن:

لەو بارەوەش دەگونجێ زۆر بەڵگان بێنینەوە، بۆ نموونە:

١- ﴿ وَٱلۡمُؤۡمِنُونَ وَٱلۡمُؤۡمِنَٰتُ بَعۡضُهُمۡ أَوۡلِيَآءُ بَعۡضٖۚ يَأۡمُرُونَ بِٱلۡمَعۡرُوفِ وَيَنۡهَوۡنَ عَنِ ٱلۡمُنكَرِ...﴿٧١﴾ ﴾ التوبة.

واتە: بڕوادارانی پیاو و بڕوادارانی ئافرەت، هەندێكیان دۆست و پشتیوانی یەكدین فەرمان بەپەسەند دەكەن و، ڕێگری لە ناپەسەند دەكەن.

دیارە فەرمان كردن بە هەرچی پەسندە و، ڕێگریی كردن لە هەرچی ناپەسندە، چەمكەكەی یەكجار فراوان و گشتییە و، سەرجەم بوار و لایەنەكانی ژیان و گوزەران و دینداریی و دنیاداریی دەگرێتەوە: فیكریی، عەقیدەیی، سیاسی، ئابووریی، كۆمەڵایەتیی...

ئەوە بە نسبەت مسوڵمانانەوە بە گشتی.

٢- بە نسبەت نامسوڵمانانیشەوە، با سەرنجی دوو دەق (نص)بدەین، لە دوو پەیمان و ڕێككەوتننامەی نێوان پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و مسوڵمانان لە لایەك و، جوولەكە و نەصرانییەكان، لەلایەكی دیكەوە:

أ- لەو (وثیقة)یەدا كە پێغەمبەری خوا، لە نێوان پێكهاتەكانی شاری مەدینەدا نووسی و وەك (دستور)ی ئێستا بوو، لە بڕگەی (٢٥)دا هاتوە:

(وَأَنَّ يَهود بَني عَوْف أُمَّة مَعَ المؤمنين، لليهود دينهم وللمؤمنين دينهم...).[١]

واتە: وە جوولەكەكانی بەنی عەوف كۆمەڵێكن، قەوارەیەكن لەگەڵ بڕواداراندا، جوولەكە ئایینی خۆیان هەیە و، بڕوادارانیش ئایینی خۆیان هەیە.

ب- وە لەو (وثیقة)یەدا، كە پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) بۆ نەصرانییەكانی نەجرانی نووسیوە، هاتوە:

---

(١) بڕوانە: مجموعة الوثائق السياسية للعهد النبوي والخلافة الراشدة، محمد حميد الله ص ٥٧-٦٢، (كتابه صلى الله عليه وسلم بين المهاجرين والأنصار، واليهود، وهو دستور الدولة البلدية بالمدنية).

www.alibapir.com

(.. لأَني أَعْطَيتهُم عَهْد الله أَنَّ لَهُمْ مَا لِلْمُسْلِمِينَ وَعَلَيْهِمْ مَا عَلَى الْمُسْلِمِينَ، وَعَلَى الْمُسْلِمِينَ مَا عَلَيْهِم.. بالعَهْدِ الَّذِي اسْتَوجبُوا حَقَّ الذِّمَام وَالذَبَّ عَنِ الحُرْمَة، واستوجبوا أَنْ يُذبَّ عَنْهُمْ كُلُّ مَكْرُوه، حَتَّى يَكُونوا للمُسْلِمِين شُرَكَاء، فِيمَا لَهُمْ وَفِيمَا عَلَيْهِمِ ..)[١]

واتە: .. چونکە من بەڵێنی خوام پێداون، کە هەمان ماف، کە مسوڵمانان هەیانە، ئەوانیش هەیانبێ، وە هەمان ئەرك کە لەسەر مسوڵمانانە، لەسەریان بێ، وە مسوڵمانانیش هەمان ئەرکی کە لە سەر وانە، لەسەریان بێ، بە پێی ئەو پەیمانەی کە بە هۆیەوە، لەسەر مسوڵمانان بۆیان پێویست بووە کەرامەت و حورمەتیان بپارێزرێ، وە بۆیان پێویست بووە، کە هەر خراپەیەکیان لێ دووربخرێتەوە، تاکو سەرەنجام: لە سەرجەم ماف و ئەرکەکاندا، ببنە هاوبەشی مسوڵمانان.

بێگومان ئەو ڕستەیەش: (حَتَّى يَكُونوا للمُسْلِمِين شُرَكَاء، فِيمَا لَهُمْ وَفِيمَا عَلَيْهِمِ) سەرجەم ئەو ئەرك و مافانە دەگرێتەوە، کە بەبێ دەستەبەر کرانیان، هاووڵاتێتیی (مواطنة)، یان بە تەعبیری پێغەمبەری خاتەم (صلى الله عليه وسلم): هاوبەشێتیی (شراكة) هاوبەشان (شركاء)، نایەتەدی، بە تایبەت مافە سیاسییەکان.

ئنجا پێویستە لێرەدا ئەو ڕاستییەش بزانرێ، کە لە ڕۆژگاری پێغەمبەری خوادا، ئەو جوولەکەو نەصرانییانەی لە ژێر سایەی دەوڵەتی ئیسلامیی و، قەڵەمڕەوی دا دەژیان، بۆیە نەهاتوونەتە نێو پێکهاتەی قەوارە سیاسییەکەوە، چونکە خۆیان قەوارەی سیاسییان بووەو، بە زاراوی ئێستا: لە حاڵەتی فیدراڵیی و کۆنفیدراڵییدا بوون، لەگەڵ دەوڵەتی ئیسلامیی دا.

٥- دەوڵەتی ئیسلامیی دەستی کراوەیە، بۆ وەرگرتنی هەر بیرۆکە و ئامراز و هۆکارێك، کە هێنانەدی بەرژەوەندیی (تحقيق مصلحة) پەکی لەسەری دەکەوێ:

دەگونجێ لەو بارەوە زۆر بەڵگە بهێنرێنەوە، کە ئیسلام نەك هەر دەستی مسوڵمانان بە گشتی و، قەوارە سیاسییەکەیانی بە تایبەت، ئاوەڵاکردوە بۆ

---

(١) سەرچاوەی پێشو، ص ١٨٨، ١٨٩ (نسختان: المكتوب النبي صلى الله عليه وسلم إلى نجران).

www.alibapir.com

وەرگرتنی بیرۆكە و ئەزموون و ئامڕاز و هۆكارە سوود بەخشەكان، بگرە لەسەریشی پێویست كردوون، بۆ نموونە:

أ- ﴿فَبَشِّرْ عِبَادِ ﴿١٧﴾ الَّذِينَ يَسْتَمِعُونَ الْقَوْلَ فَيَتَّبِعُونَ أَحْسَنَهُ ۚ أُولَٰئِكَ الَّذِينَ هَدَاهُمُ اللَّهُ ۖ وَأُولَٰئِكَ هُمْ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿١٨﴾﴾ الزمر.

كە پێشتریش هێنامان و ماناشمان كرد.

ب- {أَنْتُمْ أَعْلَمُ بِأَمْرِ دُنْيَاكُمْ} (أَخْرَجَهُ مُسْلِمٌ برقم: ٢٣٦٣، وَغَيْرُهُ).

واتە: ئێوە بە كاروباری دنیایی خۆتان زاناترن.

كە بێگومان مەبەست پێی ئەو كارو بارانەیە، كە ئەزموون و شارەزایی و پسپۆریی یان دەوێ، وەك لە هۆی هاتن (سبب الورود)ە كەیەوە دیارە، كە بریتیە لە بەسەرهاتی متوربە كردن (تلقیح)ی دارخورمایەكان، كە پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم) پێی وابوو پێویست ناكات و، ئەوانیش "متوربەكارەكان" وایانزانی وەك ئایین و وەحی خوا ئەوەی خستۆتە ڕوو، وە وازیان لێ هێناو دارخورمایەكان بەریان نەگرت، یان بەرێكی خراپیان گرت، ئنجا دوای ئەوەی پێغەمبەری خوا بەمەسەلەكەی زانی، بۆی ڕوونكردنەوە، كە تەنیا وەك بۆچوونی تایبەتیی خۆی، ئەوەی فەرمووەو، پێشی فەرموون، با بۆ كاروباری دنیایی خۆیان، كە حەوجێی بەشارەزایی و ئەزموون پسپۆریی یە، پشت بە خۆیان ببەستن!

٦- حوكمڕانان لە ئیسلامدا لە بنەڕەت دا پیرۆز (مقدس) نین، تاكو پیرۆزییان لێ دابڕنرێ:

لە ڕوانگەی ئیسلامەوە هەموو مرۆڤەكان "بەبێ جیاوازیی" بەڕێزن: ﴿وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ ﴿٧٠﴾﴾ الإسراء، بەڵام هیچ كەس: حوكمڕان و غەیری حوكمڕان، بەپاك و بی خەوش و پیرۆز (مقدس) دانانرێ.

وە خوای كاربەجێ لە قورئانێدا، ئاماژەی بۆ گەلێك خاڵی بێ هێز (نقاط ضعف) و سیفەتی خراپی مرۆڤان كردوە، كە مەگەر بە هۆی ئیمان بە خوا و، دەستگرتن بە ئایین و پەیانی خواوە، ئەگەرنا، لێیان دەربازیان نابن:

١- ﴿وَحَمَلَهَا ٱلۡإِنسَٰنُۖ إِنَّهُۥ كَانَ ظَلُومٗا جَهُولٗا ٧٢﴾ الأحزاب.

٢- ﴿خُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ مِنۡ عَجَلٖۚ سَأُوْرِيكُمۡ ءَايَٰتِي فَلَا تَسۡتَعۡجِلُونِ ٣٧﴾ الأنبياء.

٣- ﴿يُرِيدُ ٱللَّهُ أَن يُخَفِّفَ عَنكُمۡۚ وَخُلِقَ ٱلۡإِنسَٰنُ ضَعِيفٗا ٢٨﴾ النساء.

٤- ﴿وَكَانَ ٱلۡإِنسَٰنُ أَكۡثَرَ شَيۡءٖ جَدَلٗا ٥٤﴾ الكهف.

٥- ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لَكَفُورٞ ٦٦﴾ الحج.

٦ و ٧- ﴿إِنَّ ٱلۡإِنسَٰنَ لِرَبِّهِۦ لَكَنُودٞ ٦ وَإِنَّهُۥ عَلَىٰ ذَٰلِكَ لَشَهِيدٞ ٧ وَإِنَّهُۥ لِحُبِّ ٱلۡخَيۡرِ لَشَدِيدٌ ٨﴾ العاديات.

پێغەمبەری خواش (صلى الله عليه وسلم) لە بارەی گوناهکاریی و هەڵەکاریی سەرجەم مرۆڤانەوە فەرموویەتی: {"كُلُّ بني آدَمَ خَطَّاءٌ، خَيْرُ الْخَطَّائِينَ التَّوَّابُونَ"}[١]. واتە: تێکڕای وەچەی ئادەم، هەڵەکارن و، باشترین هەڵەکارانیش زۆر بۆ لای خوا گەڕاوان.

٧- ڕەخنە لێگرتن و بەرەنگاربوونەوەی حوکمڕانانی ستەمکار، گەورەترین جیهادە:

سەرەتا دەڵێین:

خوای دادگەر نەفرینی لە ستەمکاران کردوە:

أ- ﴿أَن لَّعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ٤٤﴾ الأعراف.

ب- ﴿أَلَا لَعۡنَةُ ٱللَّهِ عَلَى ٱلظَّٰلِمِينَ ١٨﴾ هود.

ئنجا بێگومان حوکمڕانی ستەمکار، بەر لە هەر ستەمکارێك، نەفرین (لعنة)ی خوای دادگەر دەیگرێتەوە و کەسێکیش خوا نەفرینی لێ بکات، پێویستە ڕەخنەی لێ بگیرێ و، بگرە بەرەنگارییشی بکرێ و، دەستیشی بگیرێ!

---

(١) رَوَاهُ أَحْمَد برقم: (١٣٠٧٢)، وَالتِّرمِذِيُّ برقم: (٢٤٩٩)، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤٢٥١)، وَالدَّارِمِيُّ برقم: (٢٧٢٧)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٦١٧) وَقَالَ: صحيح الإسناد، وَحَسَّنَهُ الألباني في "المشكاة" برقم: (٢٣٤١) عَنْ أَنَسِ بْنِ مَالِكٍ رضي الله عنه.

www.alibapir.com

هەر بۆیەش پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی:

أ- {إِنَّ مِنْ أَعْظَمِ الْجِهَادِ كَلِمَةَ عَدْلٍ عِنْدَ سُلْطَانٍ جَائِرٍ} (أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٢١٧٤)، وَصَحَّحَهُ كُلّ مِن الأَلْبَانِي وَشُعَيْب الأرنؤوط).

واتە: بێگومان قسەیەكی دادگەرانە كردن لەلای حوكمڕانێكی ستەمكار، لە مەزنترین جیهادە .

ب- {إِذَا رَأَيْتَ أُمَّتِي تَهَابُ الظَّالِمَ، أَنْ تَقُولَ لَهُ: أَنْتَ ظَالِمٌ، فَقَدْ تُوُدِّعَ مِنْهُمْ} (أَخْرَجَهُ أَحْمَد برقم: (٦٧٨٤)، صحَّحَهُ أحمد شاكر، وَأَخْرَجَهُ البَزَّار برقم: (٢٣٧٥)، وَالحَاكِمُ برقم: (٧٠٣٦)، وَقَالَ: صَحِيح الإِسْنَاد وَوَافقه الذهبي، وَالبَيْهَقِي فِي "شعب الإيمان" برقم: (٧٥٤٦)).

واتە: هەر كات ئۆممەتی منت بینی لە ستەمكار دەترسا، كە پێی بڵێ: تۆ ستەمكاری! ئەوە ماڵئاواییان لێكراوە و حیسابیان ڕۆیشتوە.

پوختەی ڕای بەندە لە بارەی دیموكڕاسی یەوە:

لە پێنج خاڵاندا پوختەی ڕاو بۆچوونی خۆم لەبارەی دیموكڕاسییەوە، دەخەمەڕوو:

یەك: هەرچەندە دیموكڕاسی وەك هەر بیرۆكەیەكی دیكەی زادەی بیرو هۆشی مرۆڤ، بێ كەم وكوڕیی نیە، بەڵام "وەك لە مێژ ساڵە گوتوومە و ئێستاش دەڵێم:" دیموكڕاسیی لە نێو سیستەم و شێوازەكانی دیكەی باوی حوكمڕانییدا، باشترین شێوازە، كە مرۆڤ بۆ بەڕێوەبردنی كاروباری كۆمەڵگا و دەوڵەت، بەرهەمی هێناوە، وە دیموكڕاسی (چاكی نێو خراپانە)، وە (لە چاو شلان پەیتە)! وە بە ڕای من: وێڕای هەبوونی وردە تێبینی لەسەر هەندێك لایەنی دیموكڕاسی، بەڵام بەگشتی وەك میكانیزمی حوكمڕانیی، هەتا ئێستا سەركەوتووترین شێوازی حوكمڕانییە و، لە هەموویان خراپەی كەمترە.

دوو: هیچ كام لە بنەمایەكانی:

١- خەڵك سەرچاوەی دەستەڵات بوون.

٢- هەڵبژاردن.

٣- لە یەك جیاكردنەوەی سێ دەستەڵاتەكان.

www.alibapir.com

٤- سەروەریی یاسا.
٥- دابین كردنی ماف و ئازادییەكان بۆ هاووڵاتییان، بێ جیاوازیی.
٦- دەستا و دەست پێكردنی دەسته‌ڵات، بە شێوەیەكی ئاشتییانە.
٧- حوكم كردنی زۆرینە و، پاراستنی مافی كەمینە.

نەك هەر ناكۆك نین لەگەڵ ئیسلام دا، بگرە پێوستیشن، چ بە حوكمی دەقە ڕاستەوخۆیەكانی شەریعەت، وە چ بە حوكمی چەندان بنچینەی شەرعیی، بۆ وێنە:

١- (أَيْنَمَا وجد العَدْلُ فَثَمَّ شَرْعُ الله، وَأَيْنَمَا وَجدت المَصْلَحَة فَثَمَّ شَرْعُ الله).

واتە: دادگەریی لە كوێ بێ، شەریعەتی خواش لەوێیە، وە بەرژەوەندیی لە كوێ بێ، شەریعەتی خواش لەوێیە.

٢- (لِلوَسَائِلِ حُكْم المَقَاصِد).

واتە: ئامراز و هۆكارەكان، هەمان حوكمی ئامانجەكانیان هەیە.

٣- (مَا لاَ يَتِمُّ الْوَاجِبُ إِلاَّ بِهِ فَهُوَ وَاجِبٌ).

واتە: هەر شتێك فەرزێك بەبێ وی نەكرێ، ئەویش فەرزە.

٤- (الأَمْرُ بالشيءِ، أَمْرٌ به وَبِمَا لا يتم إِلاَّ بهِ، وَالنَّهْيُ عَنْ الشَّيْءِ، نَهِيٌ عَنْهُ وَعَمَّا يُؤَدِّي إِلَيْهِ).

واتە: فەرمان كردن بە شتێك، فەرمانكردنە بە خودی ئەو شتە و، بەوەش، كە بەبێی ناكرێ، وە ڕێگریی لە شتێك، ڕێگرییە لە خۆی و، لەوەش كە لێیەوە پەیدا دەبێ.

٥- (الأَصْلُ فِي المُعَامَلاَتِ العَفو، إِلاَّ ما دَلَّ الشَّرْعُ عَلَى مَنْعه).

واتە: بناغە لە هەڵس وكەوتەكاندا، ڕێ پێدرانە، جگە لەوەی شەریعەت ڕێ لێگرتنی دەگەیەنێ.

سێ: گرفت و ئیشكالی بنەڕەتیی، كە لە دیموكڕاسی دا هەیە، بریتیە لەوە، كە

www.alibapir.com

بەڕەهایی مافی یاسادانان (تشريع) و بڕیاردان دەداتە دەست خەڵك، بەڵام لە ئیسلام دا سەروەریی ڕەها و باڵای یاسادانان (حاكمية التشريع المطلقة والعُلْيَا) تەنیا هی خوایە، وە تەنانەت هی پێغەمبەریش نیە وەك خوا لەسەر زمانی (يوسف) عليه السلام فەرموویەتی:

أ- ﴿ مَا تَعْبُدُونَ مِن دُونِهِۦٓ إِلَّآ أَسْمَآءً سَمَّيْتُمُوهَآ أَنتُمْ وَءَابَآؤُكُم مَّآ أَنزَلَ ٱللَّهُ بِهَا مِن سُلْطَٰنٍ ۚ إِنِ ٱلْحُكْمُ إِلَّا لِلَّهِ ۚ أَمَرَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ ۚ ذَٰلِكَ ٱلدِّينُ ٱلْقَيِّمُ وَلَٰكِنَّ أَكْثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ ﴿٤٠﴾ ﴾ يوسف.

ب- ﴿ أَمْ لَهُمْ شُرَكَٰٓؤُا۟ شَرَعُوا۟ لَهُم مِّنَ ٱلدِّينِ مَا لَمْ يَأْذَنۢ بِهِ ٱللَّهُ ﴿٢١﴾ ﴾ الشورى.

كە بێگومان مەبەست لە وشەی (الحكم) لە ئایەتی یەكەم داو، وشەی (شرعوا) لە ئایەتی دووەم دا: یاسادانان و دیاریی كردنی چاكە و خراپە و، حەڵاڵ و حەڕامە، كە ئەوەش تایبەتە بە خوای پەروەردگارەوە.

چوار: بەڵام كە باسی بە خواوە تایبەت بوونی: سەروەریی باڵا و ڕەهای یاسادانان، دەكەین، نابێ لە دوو ڕاستیی دیكەی گرنگیش بێ ئاگا بین:

١- سەروەریی باڵای سیاسیی، كە پێی دەگوترێ: دەستەڵات (سلطة) هی خەڵك و كۆمەڵگایەو، ئەوە خۆیانن كە بەرپرسانی خۆیان لە هەموو بوارەكاندا هەڵدەبژێرن و لێیان دەپرسنەوە و، ئەگەر بە پێویستیان زانی: لاشیان دەدەن.

٢- هەروەها خەڵك و كۆمەڵگای مسوڵمان، سەروەریی بەشیی یاسادانان (السيادة الجزئية التشريعية)یان هەیە و، لەبەر ڕۆشنایی شەریعەتدا، كۆشش (إجتهاد) دەكەن و یاسایان دادەنێن.

پێنج: جیاوازیی سەرەكیی نێوان ڕاوێژ (شورى)ی ئیسلام و دیموكڕاسی، ئەوەیە، كە دیموكڕاسیی، هیچ چوارچێوە و پەرژینێكی نیە، لەلادان بیپارێزێ، بەڵام ڕاوێژ (شورى)ی ئیسلامیی، بە شەریعەت دەور دراوە و، لە هەڵە و لادان

www.alibapir.com

پارێزراوە، خوای زاناو شارەزاش فەرموویەتی:

﴿ وَلَوِ ٱتَّبَعَ ٱلۡحَقُّ أَهۡوَآءَهُمۡ لَفَسَدَتِ ٱلسَّمَٰوَٰتُ وَٱلۡأَرۡضُ وَمَن فِيهِنَّۚ ﴾ (٧١) في المؤمنون.

واتە: وە ئەگەر هەق شوێنی ئارەزووەکانیان کەوتبایە، ئاسمانەکان و زەوی و هەر کەس، کە تێیان دایە، تێك دەچوون.

بەڵێ، ئەو سنوورانەی چاکە و خراپە و حەڵاڵ و حەڕام، کە شەریعەت دیاریی کردوون، هیچ کەس و هیچ پەرلەمان و ئەنجوومەنێك بۆی نیە، بیانبەزێنێ و، یاسا و بریارێك دەربکات، کە لەگەڵ شەریعەت و یاسا ئاشکرایەکانیدا، تێك بگیرێ.

بەڵام، دەبێ دان بەو ڕاستییە تاڵەش دا بنێین، کە بەداخەوە، هەر لە زووەوە لەلایەن موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان و ئومەووییەکانەوە، لە بواری حوکمڕانییدا، بە تایبەت بۆ دانانی بەرپرسان "یەکی ڕاوێژ (شوری) خرا و، نەهێڵرا گەشە بکات و لە چەند دامەزراوە و میکانیزم، (مؤسسات وآليات)ێکدا، بەرجەستە ببێ و، زیاتر وەك بەها (قيمة)یەکی ئاکاریی و مەعنەویی و تیۆریی مایەوە.

بۆیە ئێستا، ئەگەر بمانەوێ ڕاوێژ کارا و پراکتیزە بکەین، پێویستە سوود لە میکانیزمەکانی دیموکڕاسیی وەربگرین، کە بە دڵنیاییی، ئا ئەوە "بەهرەمەندبوون لە ئەزموون و ئامرازەکانی خەڵکی دیکە" ڕێباز و شێوازی حوکمڕانیی و ئیدارەی پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و خەلیفە ڕاشیدەکانیش بووە و کاتی خۆی ئەوان لە ئەزموون و ئامرازەکانی فارس و ڕۆم، بەهرەی باشیان وەرگرتوە، وێڕای دەستگرتن و پابەندیی بە یاسا و بەهاکانی شەریعەتەوە.

www.alibapir.com

بەشی سێیەم

ئەنجامگیریی:

سیکۆلاریزم و دیموکڕاسی

لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دا

www.alibapir.com

براو خوشکانی بەڕێز!

هەر ئایین و بەرنامەیەك، دەبێ ئامانجی ئەوە بێ، کە لە واقیعدا بەرجەستە ببێ و، مایەی بەرەو پێش بردنی ژیانی خەڵك و بەختەوەر کردنی بێ، خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿إِنَّآ أَنزَلۡنَا عَلَيۡكَ ٱلۡكِتَٰبَ لِلنَّاسِ بِٱلۡحَقِّ ... (٤١)﴾ الزمر.

واتە: کتێبمان بۆ سەر تۆ ناردۆتە خوار، بۆ خەڵك، بە هەق.

قورئان بۆ خەڵك هاتوە، بۆ بەختەوەر کردنی خەڵك، بۆ ئەوە کە خەڵك بەشێوەیەك بژین، کە بەختەوەری دنیاو سەرفرازی دوارۆژ بن، ئنجا ئێمەش لەم هەرێمی کوردستانەدا با بێین ئەو سیستمی حوکمڕانییە، کە باسی سیکۆلاریزم دەکات، وە باسی دیموکراسی دەکات، با لە مەحەکیان بدەین، ئەدی ناگوترێ: تاقی کردنەوە باشترین بەڵگەیە؟ با بزانین چۆن دەردەچن؟ سەرەتا با تەماشای سیکۆلاریزم بکەین:

سیکۆلاریزم

سەرەتا وەك پێشتر گوتم، دەڵێم: لە وڵاتێکی ئیسلامیی دا، کە خەڵك لە ئیسلام تێگەیشتبێ، سیکۆلاریزم پاساوی بوونی نیە، چونکە هەموو ئەو شتانەی، کە تۆ بۆیان لە سیکۆلاریزمدا دەگەڕێی، هەموویان لە ئیسلامەکەی خۆتدا هەن، بەشێوەیەکی باشتر، وە کۆمەڵێك کەم و کوڕیی بێڕەزاو گورچك بڕ لە سیکۆلاریزمدا هەن، وەك حیساب نەکردن بۆ خواو، بۆ ڕۆژی دوایی، کە هەڵبەتە ئیسلام ئەوانەشی تێدانیە، واتە: ئیسلام چاکەکانی سیکۆلاریزمی هەموو تێدان، وە لە خراپەکانیشی دوورە، وە بەڵگەشم بۆ ئەمە " کە سیکۆلاریزم لە نێو مسوڵمانانی لە ئیسلام تێگەیشتوودا، پاساوی بوونی نابێ" ئەوەیە: تەماشای پانایی و درێژایی جیهانی ئیسلامیی بکە! بزانە لە کوێدا کۆمەڵگایەکی مسوڵمان، ئەو سیکۆلاریزمەی قبووڵ کردوە، مادام لە ئیسلام تێگەیشتبێ؟ قبووڵ نەکراوە، وە دەڵێم بە داخەوە مەسرەفێکی زۆر لە ماڵ و سامانی مسوڵمانان لە سیکۆلاریزم کراوە، وە پشتیوانی دەرەکییشی لێکراوە، کەچی هەر ڕەوایەتیی (شرعیة)ی پەیدا نەکردوە، ئێستاش لەگەڵ دابێ، سیکۆلاریستەکانمان بەشەرمەوەو لە ژێر لێوەوە، باسی سیکۆلاریزمەکەی خۆیان دەکەن! بۆچی؟ چونکە جێ پێی نیە، چونکە پاساوی بوونی نیە، ئاخر هەرچی تۆ بۆی لە سیکۆلاریزمدا دەگەڕێی، لە ئیسلامی خۆتدا هەیە، بە باشتر.

پاشان دەڵێم: دەرهاویشتە ئەرێنییەکانی سیکۆلاریزم لە ڕۆژئاوا، لە نێو ئێمەدا نین، من بێ ئینصاف نیم، دەڵێم ڕۆژئاواییەکان، کە پەنایان بردە بەر

www.alibapir.com

سیکۆلاریزم، لە واقیعێکی زۆر دژوار خۆیان دەرباز کرد، وە بۆ ژیانی دنیای خۆیان، کۆمەڵێك بەهرەیان لە سیکۆلاریزم وەرگرتن:

١- مرۆڤ بوون و هاووڵاتیی بوون، کردنە پێوەر، ئەوان وایان کرد، بەڵام ئایا لە لای ئێمە وایە؟ نەخێر، بەڵکو لای ئێمە خێڵ و بنەماڵەو حیزب، پێوەرە، نەك مرۆڤ بوون و هاووڵاتیی بوون!

٢- چەسپاندنی یەکسانیی و دادگەریی، لە ڕۆژئاوا، تا ڕاددەیەکی زۆر ئەوە کراوە، بەڵام لێرە سیکۆلاریزم، قۆرخکاریی و گەندەڵیی و قڕیی و پڕیی، بۆ بەرهەم هێناوین!

٣- لە ڕۆژئاوا سیکۆلارەکان وڵاتی خۆیان ئاوەدان کردەوە، ژێر خانی ئابووریی خۆیان گەشە پێدا، بەڵام لێرە، قەرزدارو هەژارین و، لات و مەینەتبارین!

٤- لە ڕۆژئاوا بە هۆی سیکۆلاریزمەوە، "کە هەڵبەتە سیکۆلاریزم پەیوەندییشی بە لێکۆڵینەوەی زانستیی و ئازادیی عەقڵیشەوە هەبوو" زانست بەرەو پێشەوە چوو، فیکرو ئەدەب بەرەو پێشەوە چوو، وە هونەری بونیادنەریشیان بەرەو پێشەوە برد، بەڵام لە لای ئێمە ئاستی زانستیی بەرەو دواوە گەڕاوەتەوە، وە هونەرو ئەدەبیش، زیاتر بە باری ڕووخێنەرو وورووژێنەری دا، بەکاری دێنن!

٥- لە ڕۆژئاوا بە کردەوە، کە دینیان لە ژین دابڕی و، دینیان لە دەوڵەت دابڕی، دەستیان وەرنەدایەو کاروباری ئایینی، بەڵام من پێم سەیرە، لێرەدا حیزبێکی سیکۆلاریست، وە حکوومەتێکی سیکۆلاریست، یەکێتی زانایانی بۆچییە؟ تەکیەو تەریقەتی بۆچییە؟ سەلەفیی و خەلەفیی بۆچییە؟ تۆ ئیشی خۆت بکە، خەریکی گەشە پێدانی ژیان بەو، بەرەو پێشەوەی بەرەو، ژێر خانی ئابووریی بۆ وڵاتەکەت دابمەزرێنە، ئیدی ئەو شتانەی دیکەت بۆچییە؟ بۆچی لە خۆتیان دەئاڵێنی؟ ئەگەر لەگەڵ بەرنامەکەی خۆتدا واقیعیی و ڕاست دەکەی؟! ئێوەش بۆچی وەك ڕۆژئاواییەکان ناکەن، کە هەرچەندە بە فەرمیی ئایینیشیان لە دەوڵەت جیاکردۆتەوە، بەڵام هەوڵیان داوە لە بەها ڕووحیی و ئاکارییەکانی

www.alibapir.com

ئایینەکەیان بەهرەمەندبن، کەچی سیکۆلاریستەکانی ئێمە، وێڕای لافی سیکۆلاربوون لێدان لە لای ڕۆژئاواییەکان، لافی مسوڵمانەتیی و دینداربوونیش لێدەدەن، بەڵام لەوەتی ڕاپەڕین کراوە "لە: ۱۹۹۱ زدا" واتە: چارەگە سەدەیەکە، هەتا ئەم چرکە ساتە لەو چینە سیاسییە سیکۆلارە حوکمڕانەی خۆمان، بۆ تەنیا جارێکیش لە بەرپرسێکم نەبیستوە، باسی خوا (جَلَّ وعلا)، باسی پێغەمبەر (علیه الصلاة والسلام)، باسی قورئان، باسی ڕۆژی دوایی بکات؟ تەنانەت بەقەدەر (باراك ئۆباما)ش، باسی ئایینەکەی خۆیان " کە دەڵێن: بڕوامان پێیەتی" ناکەن، باراك ئۆباما گوتی: (ئیسلام دینی ڕەحمەتە، ئیسلام دینی دادگەرییە، وە ئەوەی کە داعش و گروپە پەڕگیرەکان دەیکەن، ئیسلام لێی بەرییە)، کەچی عەلمانییەکانی لای ئێمە، پێیان عەیبە باسی دینەکەی خۆیان بکەن، ئنجا هەموومان دەزانین، کە دەوڵەتێك لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست هەیە، بەناوی ئیسڕائیل، کە بە ناوی یەکێك لە پێغەمبەرانەوە ناونراوە[1]، دەوڵەتێکی دینییەو، تاڕادەیەك دیموکڕاسیشەو زلهێزیشەو دەستەڵاتیشی هەیە[2]، بەڵام وەك بڵێی سیکۆلارەکانمان بڕیاریان دابێ، کە دانوویان لەگەڵ ئەو ئیسلامەی خۆماندا هەر نەکوڵێ! بەڵێ، ئا ئەوەیە شێوەی سیکۆلاربوونی حیزب و دەستەڵاتە سیکۆلاریستەکانی هەرێمی کوردستان!

---

(۱) چونکە (إسرائیل) نازناوی یەعقووب پێغەمبەرە علیه السلام، (إسرائیل)یش واتە: (عبدالله)،

(۲) کەچی لە سیکۆلارەکانی خۆمانم نەبیستوە، ڕەخنەی دەوڵەتی ئایینی بوون، لە قەوارەی جوولەکە بگرن!

www.alibapir.com

دیموكڕاسی

وەك پێشتریش گوتمان: دیموكڕاسی بە مانای دەست كراوەیی خەڵك بۆ دانان و لێپرسینەوەی بەرپرسان و، كار پێ سپاردنیان، كەلەپوورێكی لەمێژینەی بەشەرە، وە بەرنامەكانی خوا، وە پێغەمبەران (علیهم الصلاة والسلام) بەقەناعەتی من دارێژەری ئەوە بوون، كە خەڵك سەرچاوەی دەسەڵات بێ، چونكە هیچ پێغەمبەرێك نەهاتوە، كە فیرعەونێك یەخەی پێ نەگرتبێ، لە سۆنگەی ئەوەوە، كاتێك پێغەمبەران هاتوون: چینی خۆبەزلگران و چینی خۆشگوزەرانان، ئەوانەی، كە هەر خەریكی ئەوەبوون شەپ و گوپ لەسەر حیسابی خەڵكی هەژارو نەدار لێبدەن، ئەوانە یەخەیان بە پێغەمبەران گرتوە، بۆچی؟ زانیویانە بە هۆی بەرنامەی پێغەمبەرانەوە، ئەو بەزم و بازاڕەیان لێ تێك دەچێ، كەواتە: پێغەمبەران هاتوون، دادگەریی بچەسپێنن، وە گوتوویانە: خەڵك بەس دەبێ بەندەی خوابێ، تاكو هەندێكیان بەسەر هەندێكیانەوە نەبنە پەرستراوو پەروەردگارو، خۆیان بەسەرەوە نەكەنە فیرعەن و قاڕوون.

وە من پێم وایە لە ئایەتی (٢٥)ی سوورەتی (الأنبیاء) و، لە ئایەتی (٢٥) سوورەتی (الحدید)دا، كە باسی خوا بەیەكگرتن (توحید)و باسی دادگەریی (قسط)ی دەكرێ، بناغەی حوكمی ڕەشیدو، خەڵك كردنە خاوەن و سەرچاوەی دەستەڵات (سلطة) دارێژراوە، چونكە بێگومان لەسەر بناغەی خوا بەیەكگرتن (توحید)و دادگەریی (عدل)، ئەوە دەچەسپێ، كە خەڵك خاوەنی دەستەڵات بێ و، بەرپرسانی خۆیان دابنێن و، چاودێریان بكەن و، لێیان بپرسنەوەو، لایانبدەن لە كاتی ڕاست نەبوونەوەیاندا، ئەمەش دەقی ئەو دوو ئایەتە بە پێزە:

١- ﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَا مِن قَبۡلِكَ مِن رَّسُولٍ إِلَّا نُوحِيٓ إِلَيۡهِ أَنَّهُۥ لَآ إِلَٰهَ إِلَّآ أَنَا۠ فَٱعۡبُدُونِ ٢٥ ﴾ الأنبياء.

واتە: وە لە پێش تۆدا "ئەی موحەممەد!" هیچ پێغەمبەرێكمان نەناردوە، مەگەر پێمان ڕاگەیاندوە كە: جگە لە من هیچ پەرستراو نین، تەنیا من بپەرستن.

٢- ﴿ لَقَدۡ أَرۡسَلۡنَا رُسُلَنَا بِٱلۡبَيِّنَٰتِ وَأَنزَلۡنَا مَعَهُمُ ٱلۡكِتَٰبَ وَٱلۡمِيزَانَ لِيَقُومَ ٱلنَّاسُ بِٱلۡقِسۡطِۖ وَأَنزَلۡنَا ٱلۡحَدِيدَ فِيهِ بَأۡسٞ شَدِيدٞ وَمَنَٰفِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعۡلَمَ ٱللَّهُ مَن يَنصُرُهُۥ وَرُسُلَهُۥ بِٱلۡغَيۡبِۚ إِنَّ ٱللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٞ ٢٥ ﴾ الحديد.

واتە: بە دڵنیاییەوە: پێغەمبەرانمان بە بەڵگە ڕوونەكانەوە ناردوون و، كتێب و تەرازووشمان لەگەڵ ناردنە خوار، تاكو خەڵك بە دادگەریی بەڕێوەبچن، وە ئاسنیشمان دابەزاندوە، هێزێكی توندو سوود گەلێكی بۆ خەڵكی تێدان، وە تاكو "لە ئەنجامی جیهاددا" خوا بزانێ كێ لەگەڵ پەنهانییشدا "چونكە خوا نابینێ" خۆی و پێغەمبەرانی سەر دەخات، بێگومان خوا بەهێزی زاڵە.

ئنجا وەك پێشتریش گوتمان: ئێمە ئیشكالێك، كە لەگەڵ دیموكراسیدا هەمانە، ئەوەیە كە حەڵاڵ و حەڕام دەداتە دەستی خەڵك، ئێمە بە شێوەیەكی بنەڕەتیی، تەنیا ئەو تێبینییەمان لەسەر دیموكڕاسی هەیە، چونكە دیاریی كردنی حەڵاڵ و حەڕام، عایدی خوایە، وە شورا لە ئیسلامدا شەریعەت پەرژینیەتی، بەڵام دیموكڕاسی بێ پەرژینە، بۆیە لەگەڵ ڕێزمدا بۆ ئەم كۆڕو مەجلیسە، ناچارم بڵێم: كاتێك دەبینن لە پەرلەمانەكانی ڕۆژئاوادا خێزانی هاوڕەگەزیی[1] بەیاسا ڕەوا دەكرێ، وە كاتێك دەزانین لە پەرلەمانەكانی وڵاتانی ئەورووپادا بڕیار درا، كە كوردستانی وڵاتی ئێمە، بەش بەش بكرێ، وە كە دەبیستین لەوێ بڕیار دەدرێ لەشكركێشیی بكرێ و وڵاتان داگیر بكرێن، با پێمان سەیر نەبێ، چونكە دیموكڕاسییەكەیان، پەرژینێكی وەك شەریعەتی ئیسلامیی نیە، كە دەستیان بگرێ و لە لادان و ستەم، بیانگێڕێتەوە!

---

(١) واتە: دوو نێر، دوو مێ، پێكەوە خێزان پێكدێنن!

www.alibapir.com

ئنجا با سەرنج بدەین!

داخۆ دیموکڕاسی لە هەرێمی کوردستاندا، چۆنە؟

١- ئایا وەك دیموکڕاسیی دەڵێ: "بەڵکو ئەوە گرنگترین پێکهێنەری ئەرێنی دیموکڕاسییە" خەڵك سەرچاوەی دەسەڵاتە؟ یان حیزب و بگرە حیزبیش مەزڵوومە، من حیزبە سیکۆلاریستەکان، بە مەزولوم دەزانم، چونکە هەندێ لە ئەندامی حیزبە حوکمڕانەکان دەناسم، دادو فیغانیەتی لە دەست شتێك لە حیزبیش بچووکتر، وەك تاك و بنەماڵەو گرووپ، کە هەر حیسابیش بۆ مەکتەب سیاسی و حیزب ناکات، با واقیع بینانە قسە بکەین.

٢- پاشان ئایا وەك دیموکڕاسی دەڵێ: لە هەرێمەکەماندا یاسا سەروەرە، یان حیزب و ئاسایش سەروەرە؟ خەڵکی ئێمە گیراوە، دوای ئەوەی بە قانوونەکەی خۆیان و، حاکمەکەی خۆیان ئیفراجی دەکات، ئاسایش بەری نادات! من جارێك بە کاك مەسعوودم گوت، کاك مەسعوود! من بۆت دەسەلمێنم، کە ئاسایش سەروەرە، نەك یاسا، گوتی: چۆن؟ گوتم: کەسی وامان هەیە، بە یاسا بەری دەدەن، ئاسایشەکەتان ناهێڵێ بێتەوە ماڵێ.

٣- ئنجا هەڵبژاردنەکان، بێگومان هەڵبژاردن شتێکی باشە، بەڵام بە مەرجێك بەرجەستەکەری ئیرادەی ڕاستەقینەی خەڵك بێ، نەك ساختەکاریی و فشار کردنە سەر خەڵك و، تەخشان و پەخشانی پلەو ئیمتیاز، بۆ کڕینی ئیرادەو دەنگی خەڵك!

٤- ئنجا لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان، بێگومان شتێکی باشە، چونکە چڕکردنەوەی دەستەڵات لە دەستی کەسێك، یان دامەزراوەو دەزگایەکدا، سەر دەکێشێ بۆ خۆسەپاندن (إستبداد)و قۆرخکاریی، بەڵام ئێمە وەك چێشتی مجێور، هەموو شتێکمان تێکەڵ کردوە، حکوومەت و حیزب و عەشیرەت و بنەماڵە، هەمووی پێکداچووە، کەس سەری لێ دەرناچێ.

www.alibapir.com

٥- ئنجا کاری بە دامەزراوەیی، کە یەکی دیکەیە لە بنەمایەکانی سیستمی دیموکڕاسی، بەڵام کوان دامەزراوەکانی ئێمە؟! پەرلەمانێکی پەکخراو، حکوومەتێکی ئیفلیج، سەرۆکی هەرێمیش بەپێی یاسا ماوەی یاسایی بەسەرچووە، بۆیە من ئێستا دامەزراوەیەکی سەلامەت نابینم، لەم هەرێمەی خۆماندا!

٦- ئنجا دابین کردنی ماف و ئازادییەکان، کە پایەیەکی دیکەی دیموکڕاسییە، دەڵێم: ماف و ئازادییەکان تاڕاددەیەك هەن، لە هەرێمی کوردستاندا، بەڵام تەنیا ئەو سنوورەو، زیاتر ئەو ماف و ئازادییانەش، کە زەڕیان بۆ پەزەکان نەبێ!

لە کۆتایی دا دەڵێم:

١- بە حوکمی مسوڵمان بوونم، ئیمان و عەقیدەکەم لەسەری پێویست کردووم، کە دڵسۆزو ڕاست و ساغ بم، وە بە پەرۆش بم بۆ هەموو کەس بەگشتی، بەتایبەت بۆ خەڵك و وڵاتی خۆم، وە لە ڕابردووشدا لە هەموو ئاستەکاندا، چی بە باشم زانیبێ، دڵسۆزانەو بە ڕوون و ڕاشکاویی گوتوومەو ڕامگەیاندوە، بۆیە زۆر بە ڕوونیی و زۆر بە ڕاشکاویی بەڕێزان! چینی سیکۆلاریستی کاربەدەست لە هەرێمی کوردستاندا! فەشەلێکی گەورەو حاشا هەڵنەگرتان هێناوە، لە بەڕێوەبردنی هەرێمەکەماندا! نە سیکۆلاریزمتان سیکۆلاریزمە، نە دیموکڕاسیتان دیموکڕاسییە، وە ئەو بنەمایانەی، کە ئەو دووەیان لێ پێکهاتوون، من هیچیان وەك پێویست نابینم، بێ ئینصاف نیم، بەڵام پەرۆشی ئەم خەڵك و میللەتەمە، کە ئێوە تاکو ئێستا بەو شێوە ئیدارەی ئەم وڵاتەتان کردوە، دوای (٢٥) ساڵ، دوای چواریەکە سەدەیەك، بۆیە چاو بەخۆتاندا بگێڕنەوە.

٢- عەلمانیەتی هەرێم، وەك چێشتی مجێور وایە، هەموو شتێکی تێدایە: حوکمی بنەماڵەیی و میراتیی، خۆسەپاندن، بە پیرۆز گرتنی دەسەڵات، بۆیە دەڵێم: گوناهتان دەگات چیدی ئەو چێشتە خراپە، دەرخواردی ئەم میللەتەی خۆتان مەدەن، ئەگەر هەر دەتانەوێ حوکمڕان بن، چێشتێکی باش بۆ ئەم خەڵکە ساز بکەن!

www.alibapir.com

٣- خزمەت کردنی خەڵك و جەماوەر، ئەرکی حکوومەت و دەسەڵاتە، چی دیکە پێیان مەفرۆشنەوە، بە نرخی کڕینی دەنگ و ئیرادەیان.

ئنجا با دوو سێ قسەش لەبەر ئەو میوانەی کە لە فەڕەنساوە هاتوە[١]، بۆ ڕۆژئاواییەکان بکەین:

١- ئێوە سیکۆلاریزم و لائیکیزمەکەتان، هەرچەندە لە کڵێساو ثیۆکڕاسیی دەربازی کردوون، بەڵام تووشی زۆر دەردو نەهامەتیی دیکەی کردوون، بەتایبەت پووچگەرایی[٢]، پاشان ئەوەندە بەسە، کە ئێستا زانست لە خزمەت چەکی کۆکوژیی و خۆ کوژیی دایە!

٢- دیموکڕاسییەکەشتان بە هۆی تاکگەرایی: لیبڕالیزم (Liberalism) و کاپیتالیزم (Capitalism) خەریکە پێچەوانەی خۆی دەبێتەوە، خەریکە لە جیاتی ئەوەی حوکمی خەڵك بێ بۆ خەڵك، ببێتە حوکمی کەمینەیەکی پارەدار، بەسەر خەڵکێکی نەدارو هەژارو بێ چارەدا، بۆیە ئەگەر بگوترێ: لە ڕۆژئاوا کێ پارەی زیاترە، دەنگی بەهێزترە، زۆر ڕاستە.

٣- واقیعی دژوارو چەوساوەیی گەلی کورد، بەرهەمی بیرکردنەوەی سیکۆلاریستانەو بڕیارە دیموکڕاسییەکانی ئێوەیە، ئینصافێکتان هەبێ، نەدەبوو ئەم میللەتەی ئێمە ئاوا وەك گۆشتی خێرێ ببەخشرێتەوە، کە بە داخەوە لە پەرلەمانەکانی خۆتاندا بەو جۆرە بڕیارتاندا![٣]

٤- ئەگەر دیموکڕاسیتتان بۆ خۆتان پێ باشە، بۆ ئێمەش پێتان باش بێ، ئێمەش

---

(١) مەبەستم (پرۆفیسۆر میشێل ڤیڤیۆرکا) بوو.

(٢) فەلسەفەیەکی ڕۆژئاوایی یە، کە ئایین و بنەمایەکانی ڕەت دەکاتەوەو بێ هوودە دەزانێ، بە عەرەبی (العبثية)ی پێ دەڵێن، بە ئینگلیزیی (Ninilisn).

(٣) مەبەست پەیمانی شوومی (سایکس - بیکۆ)یە کە لە ساڵی (١٩١٦ ز)دا لە نێوان فەڕەنساو بەریتانیاو ڕووسیادا ئیمزا کراو، یەکێك لە دەرهاویشتەکانی دابەشکردنی کوردستان بوو.

www.alibapir.com

مرۆڤین، ئنجا كاتێك لە هەڵبژاردنەكاندا، خەڵكێكی ئیسلامیی دەیباتەوە، بۆچی ڕێگا دەدەن، كە كودەتایان بەسەر دابكرێ، كە لە جەزائیرو فەڵەستین و لە میسر، زۆر بە ئاشكرا دیار بوو؟

٥- هیوادارم كە خەڵكی ڕۆژئاوا بە تایبەت سیاسییەكانیان، چیدیكە هەڵەو پەڵەی گرووپە پەڕگیرەكان بە تایبەت (داعش)، لەسەر ئیسلام حیساب نەكەن، چونكە ئیسلام دینی سەماحەت و ڕەحمەتەو، ئەوانە بوونە مایەی سەر ئێشەو زەحمەت، لەسەدا نەوەدو پێنجی(٩٥٪)ی تەوژمیی ئیسلامیی، هاوسەنگە، بەڵێ هەندێك گرووپی پەڕگیرمان هەن، كە ئەوانیش بە هۆی ئەم واقیعە نەخۆشەوە پەیدابوون.

٦- با چی دیكە ڕژێم و حیزبە سیكۆلاریستەكان، ئێمە لە ئێوە نەكەنە داوەڵ و، ئێوە بە ئێمە نەترسێنن، كە پێتان بڵێن: لە پشت ئێمەوە بن، دەنا ئیسلامییەكان جێگای مەترسیین!! نەخێر لایەنە ئیسلامییەكان لەگەڵ دیموكڕاسیی ڕاستتر دەكەن، ئەو لایەنە ئیجابییانەی، كە لەگەڵ شەریعەتدا تێك ناگیرێن، وە لەگەڵ هەموو ئەو مەبدەئو بەها بەرزو مرۆییانەدا، ڕاستتر دەكەن، وە ئێمە واقیعی ژیان و كردارییشمان دیارە، چ نەمانگوتوە ماركسیی و چەپین، بەڵام ژیانێكی سادەو نەدارانەمان هەیەو، لەگەڵ میللەتی خۆماندا دەژین، وە خەڵكی دیكەش لافی چەپگەرایی لێدەدەن، كەچی ژیانێكی زۆر خۆشگوزەرانانە دەژین و ملیاردێرو ملیۆنێرن! گرنگ ئەوەیە ئینسان لەگەڵ مەبدەئەكانیدا ڕاست بكات، ئەگەرنا وەك گوتراوە: (بە حەلوا حەلوا، دەم شیرین نابێ) بە بێ كردار، شیعار هیچی لێ هەڵناوەرێ!

٧- ئیسلام و مسوڵمانان گرفت و كێشەیان لەگەڵ حیزب و ڕژێمە خۆسەپێن و دیكتاتۆرەكاندا هەیە، نەك دیموكڕاسی، جگە لە مەسەلەی دیارییكردنی حەڵاڵ و حەڕام.

بەشی چوارەم

وەڵامدانەوەی پرسیارەکان

www.alibapir.com

www.alibapir.com

دەستپێك

زۆر سوپاسی كاك مەلا بەختیار دەكەم، هەرچەندە هەستم كرد، زیاتر ئێمەی بردەوە بۆ مێژوو، من حەزم دەكرد زیاتر قسە لەسەر واقیع بكات، وەك من باسم كرد، چونكە ئەگەر سیكۆلاریزمە، ئەگەر دیموكڕاسییە، ئەگەر سیستمی حوكمڕانیی ئیسلامییە، بۆ ئەوەیە لە واقیعدا بەرجەستە بكرێ، كە ئێمە پێمان وایە ئیسلام بەدیلە بۆ سیكۆلاریزم، وە لایەنە ئیجابییەكانی دیموكڕاسیی تێدان، وە ناكۆكییشی نیە لەگەڵ زۆربەی بنەماكانیدا، وەك میكانیزمی حوكمڕانیی، بەڵام ئیسلام بەدیلە بۆ سیكۆلاریزم، خەڵكی ڕۆژئاوا ناچار بوون پەنابەرن بۆ سیكۆلاریزم، بەڵام خەڵكی ئێمە هیچ ناچار نین، چونكە هەرچی چاكیی لەوێدا هەیە، لە ئیسلامەكەیدا هەیە، بە باشتر، وە لە خراپە و خاڵە نەرێنییەكانیشی دوورە، ئنجا من پێم خۆش بوو، زیاتر قسە لەسەر واقیع بكات، بە هەر حاڵ ئەوە بۆ خۆی دەگەڕێتەوە.

بەڵام من پابەند بووم بە ناونیشانی دیبەیتەكە: (سیكۆلاریزم و دیموكڕاسیی لە ئەزموونی هەرێمی كوردستاندا)، لەو چوارچێوەیەدا هەوڵمدا قسە بكەم.

هەڵبەتە كاك مەلا بەختیار چەند شتێكی وروژاندن، من بە خێرایی بەسەریاندا دەڕۆم:

یەكەم: دەڵێ: خۆزگە باسێكی هەڵەی ئیسلامییەكانی بكردبایە؟

وەڵام: بە تەئكید باس باسی ئیسلامییان نەبوو، بەڵكو باسی سیكۆلاریزم و باسی دیموكراسیی بوو، بۆیە دەبوایە هەر باسی ئەوە بكەم، بەڵام ئێمە ئەگەر

www.alibapir.com

دانیشتبایین لەسەر باس و خواس و مشت و مڕ لەسەر دەوڵەتی ئیسلامیی و تەوژمی ئیسلامیی و ئیسلامییەکان، کە ئایا چییان پێیە؟ ئەو کاتە باسی کەم و کوڕیی ئیسلامییەکانیشمان دەکرد، بە تەئکید ئیسلامییەکان فریشتەی بێ هەڵەو بەفری بێ پەڵە نین، بەڵام باس ئەو باسە نەبوو، وە من سوپاسی ئینصافی کاك مەلا بەختیار دەکەم، کە گوتی: هیچ لارییم نیە لە وتەکانی مامۆستا، وە زۆر کەم و کوڕیی دیکەش هەن و، قسەی زیاتریش هەڵدەگرن، بۆیە یێمەش ئەو قسە زۆرانە بۆ کاتێکی دیکە هەڵدەگرین[١]، ڕاستە ئەوەی لەبارەی واقیعی هەرێمەوە گوتمان، زیاتریش هەڵدەگرێ، وە بە حەقیقەت من کە باسی کەم و کوڕییەکانی خۆمان دەکەم، لەم هەرێمی کوردستانەدا، وەك پێشینان دەڵێن: (دۆست ئەوەیە کە دەتگریەنێ، دوژمن ئەو کەسەیە دەتهێنێتە پێکەنین)، من پێم وایە دەبێ دڵسۆزیی ئێمە بۆ هەرێمەکەمان، بۆ ئەزموونەکەمان، بۆ خەڵك و جەماوەرەکەمان، جورئەتی ئەوەمان پێبدا، کە نوقتە بخەینە سەر پیت، پەنجە بخەینە سەر نەخۆشییەکان، ئەگەرنا بەخاتری یەکدی گرتن و موجامەلە، هیچمان پێ ناکرێ.

ئنجا چینە سیاسییە حوکمڕانەکەی هەرێمی کوردستانیش، زۆربەی دۆست و ناسیاون، وە من بە باشی نازانم خۆم لە کەس دابڕم، مەگەر کەسێك دەرگامان لەسەر دابخات و خۆیمان لێ دابڕێ، ئەگەرنا من بڕوام بە دابڕان نیە، وە بڕوام بەقسە لەگەڵ یەکدیدا نەکردن نیە، بۆیەش زۆر جار ڕۆڵم بینیوە، کە دوولایەنی ناکۆکی عەلمانیی پێکەوە ئاشت بکەمەوە، چونکە ئێمە ئەگەر بەهەموومان شتێکمان بۆ بکرێ، دەکرێ، ئەگەرنا بەلێك جیایی و بەپشت تێککردن، هیچمان پێناکرێ.

دووەم: کاك مەلا بەختیار دەڵێ: ئێمەی عەلمانیی نەبووین مەککەمان ڕووخاند؟

وەڵام: من باسی ئەوەم نەکردوە، ئەگەر ئەو دەیەوێ وەڵامی من بداتەوە، من باسی ئەوەم نەکردوە، بۆیە پێم وایە ئەو بەرپەرچی قسەیەك دەداتەوە، کە من نەمکردوە؟

---

(١) لە کتێبی: (ڕوانینێکی ئیسلامییانە بۆ واقیعی ئێستامان) دا بەدرێژی لەو بارەوە دواوین.

www.alibapir.com

سێیەم: دەڵێ: سێ خەلیفەی ڕاشیدین كوژراون، وە بنەماڵەی پێغەمبەر (علیه الصلاه والسلام)، وە (حسین) كوژراون و ستەمیان لێكراوە؟

وەڵام: ڕاستە، ئەوانە هەموویان خراپ بوون، بەڵام خۆ من خەڵكی عەلمانییم بەوە تۆمەتبار نەكردوە!! ئنجا سێ خەلیفەی ڕاشید، كە دەكوژرێن، لە ڕاستییدا ئەمە خاڵی هێزە بۆ ئیسلام، چونكە كلتووری ئەو كاتەی حوكمڕانیی، لەسەرجەم وڵاتانی دنیادا، وە دواكەوتوویەتیی كۆمەڵگا، تەحەممولی فیكری حوكمی ڕاشیدیی نەكرد، چونكە لە سەردەمی حوكمی خەلیفە ڕاشیدەكاندا، خەڵك هەموویان یەكسان بوون، وە خەڵك لە نێوان خۆیاندا كامەیان بە باشتر دەزانی و، كامەیان زیاتر خاوەن كەفائەت بوون، ئەوانەیان دەكردە بەرپرسی خۆیان، بەبێ ڕەچاوكردنی بنەماڵەو تیرەو ڕەگەزو پارەو سامان و وەجاخ و ئەوانە، بەڵام سەرەنجام كەسانێك كە چاویان لە قۆرخكاریی و ستەم بوو، ئەوەیان تەحەممول نەكرد: ئومەوییەكان هاتن كودەتایان كرد بەسەر خیلافەی ڕاشیددا، كە ئەوەش فەرمایشتی پێغەمبەرە (صلى الله علیه وسلم) فەرموویەتی: {أَوَّلُ مَنْ يَغَيِّرُ سُنَّتِي رَجُلٌ مِنْ بَنِي أُمَيَّةَ} (أَخْرَجَه ابْنُ أَبِي عَاصم فِي (الأوائل) (ج٧، ص٢)، قَالَ الألباني: وَهَذَا إِسْنَادٌ حَسَنٌ، رِجَالُهُ ثِقَات رِجَالُ الشَّيْخَيْنِ غَيْرَ المُهَاجِر وَهُوَ ابْنُ مُخَلَّد، وَلَعَلَّ المُرَاد بالحَدِيث تَغِيير نِظَام اختيَار الخَلِيفَة وَجعله وراثة)، واتە: یەكەمین كەسێك كە ڕێ و شوێنی من دەگۆڕێ (واتە: ڕێ و شوێنی حوكمڕانیی) پیاوێكە لە بەنی ئومەییە، كە ئەلبانی دەڵێ: ڕەنگە مەبەست پێی دانانی شێوەی دانانی خەلیفەو حوكمڕانی بێ، كە لە ڕاوێژەوەوە، گۆڕا بۆ میراتیی و بنەماڵەیی.

لێرەوە ئینحیراف دروست بووە، بەڵێ، ئێمە دەزانین، كە خەلیفە ڕاشیدەكان كوژراون، وە زانایانی ئیسلام سجن كراون، بەڵام ئەمە خاڵی هێزە بۆ ئیسلام و، خاڵی هێزە بۆ زانایانی ئیسلام، كە ئامادە نەبوون سازش بكەن لەسەر مەبدەئەكانیان، لەگەڵ دەسەڵاتدا، ئێستاش هەر ئەوە لە ئێمە داواكراوە، هەر ئەوە لە مامۆستاو ڕۆشنبیرو نووسەران داواكراوە، كە بە زار چەور كردنێك و بە تەماع وەبەر نانێك و، بە دوو هەڕەشەو گوڕەشە، تەنازول لە مەبدەئەكانی خۆمان نەكەین، كە بە ڕاست و

چاکیان دەزانین بۆ میللەتی خۆمان، وە پێداگیریی بکەین لەسەر ئەوەی کە ئەم وەزعە دەبێ ڕاستبێتەوەو، چاکسازیی و پاکسازیی تێدا بکرێ.

ئنجا زانایانی ئیسلامیش هەروایان کردوە: ئەحمەدی کوڕی حەنبەل کە (لە ڕای خۆی دەربارەی قورئان) تەنازول ناکات، شافیعی، کە (لە عیراق) دەردەکرێ، ئەبو حەنیفە کە (لەسەر نەبوونی بە قازیی عەبباسییەکان) سجن دەکرێ، مالیك کە (لەسەر پشتگرتنی ڕاپەڕین لە دژی حوکمڕانانی ستەمکاری ڕۆژگاری خۆی) لێی دەدرێ، دەبێ لەسەر ئەوە، مەدالیای شەرەفیان پێ هەڵبواسرێ، وە ئەوە نیشانەی زیندوویەتیی ئیسلام و، نیشانەی ڕەسەنایەتیی ئەو زانایانە بووە (ڕەزای خوایان لێ بێ).

چوارەم: بە نسبەت دوو جەنگە جیهانییەکە کە باسی کردن.

وەڵام: منیش پشتگیریی دەکەم، لە جەنگی جیهانی یەکەم و، لە جەنگی جیهانی دووەمدا، بەپێی هەندێ سەرژمێر، نیزیکەی (٧٠) ملیۆن کەس زیاتر، یان کەمتر، کوژراون، بەڵام کوژراوی هەموو جەنگەکانی عالەمی ئیسلامیی خڕ بکەیەوە، لەو کاتەی، کە پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) هەبووە، هەتا دوایی نیوەی نیوەی ئەمەش نابن، وە هەموو کوژراوەکانی جەنگەکانی ڕۆژگاری پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) ناگەنە هەزار (١٠٠٠) کەس.

پێنجەم: ئەوەی کە زۆر سەرنجی منی ڕاکێشا، ئەوەبوو کە گلەییەکیشی لە صەلاحەددینی ئەییوبی کرد، کە حوکمی فاتیمییەکانی لە میسر نەهێشتوە؟!

وەڵام: دوا خەلیفەی فاتیمیی (العاضِد) کە شاعیرێك پێی دەڵێ: (فَاحْكُمْ فَأَنْتَ الوَاحِدُ القَهَّارُ)، واتە: حوکم بکە تۆ تاکی مل پێکەچکەری، کە ئەوە ثیۆکراسییەکی زۆر خراپ بووە[1]، وە خەڵکی وەك کۆیلە تەماشا کردوەو، حوکمی فاتیمییەکان حوکمێکی شیعیی پەڕگیر (متطرف)ی تائیفیی، بووە، ئنجا ئێمە صەلاحەددینمان هەیە، کە شانازیی پێوە بکەین، ئەویش لەبەر ئەوە ڕەخنەی لێبگیرێ، کە حوکمێکی

---

(١) بگرە ئەو قسەیە بە کوفرو شیرك دادەنرێ.

www.alibapir.com

تائیفیی دەمارگیری خراپی نەهێشتوە، پێم وایە ئەوە بێ ئینصافییە بەرانبەر بەصەلاحەددین.

شەشەم: بە نسبەت كوشتنی خەلیفەكانی عەباسییەكانەوە، زۆر قسەی كردن.

وەڵام: بەڵێ، ئێمەش دەزانین كە لە مێژووی مسوڵماناندا، كەم و كوڕیی زۆر بووە، بەڵام كەم و كوڕییەكان دەگەڕێنەوە بۆ لادانی خەڵكەكە لە ئیسلام، بەڵام هی نەصرانییەكان دەگەڕێتەوە بۆ خودی دینە تێكدراوەكەیان، بۆ خودی كتێبە پیرۆزەكە، كە تێكدراوە، ئەگەرنا ئەو كتێبەی كە خوای كارزان ناردوویەتی، بەو شێوەیە نەبووە.

حەوتەم: بە نسبەت عەلمانییەتەوە، كە ببەسترێتەوە، بە كوشت و كوشتارەوە.

وەڵام: بە پێچەوانەوە، من گوتم: كڵێسای نەصرانییەت، كوشت و كوشتاری كرد، كڵێسا دادگای تەفتیشی دانا، دوایی عەلمانییەكان هاتن بەرپەرچی ئەوەیان دایەوە، وە عەلمانییەكان و جموجوڵی عەلمانییەكان باجی گەورەیانداو سووتێنران، من ئاوام گوت، ڕەنگە چاك لە قسەی من تێنەگەیشتبێ.

هەشتەم: گوتی: عەلمانییەت لەگەڵ ئیلحاددا نیە.

وەڵام: من لە سەرەتاوە گوتم: لە نێو عەلمانییەكاندا بگەڕێ، دەبینی: خەڵكی خوانەناس و مولحید بووە، وە خەڵكی خواناسیشیان تێدا بووە[1]، هەڵبەتە ئێمە تێبینییشمان لەسەر ئەو جۆرە خواناسینەش هەیە، كەسێك بڵێ: من خوا دەناسم، خوا هەقە، بەڵام دینەكەی بە كەڵك نایەت!! ئەوە دەبێ چ جۆرە خواناسینێك بێ، ئەوە پێی دەڵێن: (شەل نیە، بەڵام پای شكاوە)! كاتێك تۆ بڕوات بە خوا هەیە، كە خوا قورئانی ناردوەو، پێغەمبەری ناردوە، وە هەردووكیانی بۆ هەموو بەشەری ناردوون، چۆن دەڵێی: خوایە! دینەكەت بە كەڵك نایەت؟ وە چۆن ئەوەی كە خوا حەڵاڵی كردوە، بە حەڵاڵی دانانێی، وە ئەوەش كە بە حەڕامی داناوە،

---

(١) خواناس (معتقد بالله) لە: بڕوادار بە خوا (مؤمن بالله) جیایە، بۆ وێنە: ئیبلیس خوای زۆر باش ناسیوە، بەڵام بڕوادار (مؤمن) نەبووە.

تۆ بە حەرامی دانانێی؟! بێگومان ئەوە لەگەڵ ناوی مسوڵماندا ناگونجێ، کە تۆ مسوڵمانی، مسوڵمان (مسلم) یانی ملکەچ بۆ خوا، بۆیە ئەوە کە خوا ناردوویەتی، دەبێ قبووڵت بێ، دەشتوانی بڵێی: قبووڵم نیە، ئەو کاتەش نامسوڵمانی و تەواو، بەڵام تۆ کە مسوڵمانی، دەبێ بڵێی: مادام خوا فەرموویەتی، وە بە ئێمە گەیشتوە، قبووڵمە، تازە دەبێ بیسەلمێنی و ملکەچی بی.

نۆیەم: بە نسبەت ئەوەوە کە عەقڵی ئینسان دەبێ چەق بێ و، عەقڵی ئینسان دەبێ ئازادبێ!

وەڵام: ئێمەش هەروا دەڵێین: ئەسڵەن زانایانی ئیسلام دەڵێن: (العَقَلُ مَنَاط التَّكْلِيف)، تەكلیف بە عەقڵەوە بەستراوەتەوە، شێت هیچ تەكلیفی لەسەر نیە، منداڵ تەكلیفی لەسەر نیە، بۆچی؟ چونكە عەقڵی كامڵ نەبووە، یان عەقڵی نیە، وە لە ئیسلامدا زۆر گرنگیی بە عەقڵ دراوە، وە ئەوە هەر موعتەزیلەكان نەبوون، كە بایەخیان بە عەقڵ داوە، بەڵكو هەموو دواندن (خطاب)ەكانی قورئان، ڕوویان لە عاقڵ مەندانە، بۆ وێنە: خوا دەفەرموێ:

﴿ إِنَّآ أَنزَلۡنَٰهُ قُرۡءَٰنًا عَرَبِيّٗا لَّعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢ ﴾ يوسف.

هەروەها دەفەرموێ:

﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢٤٢ ﴾ البقرة.

كەواتە: هەر كەسێك عەقڵی نەبێ، قورئان هەر ڕووی تێناكات، قورئان هەرنایدوێنێ، قورئان عاقڵان دەدوێنێ، قورئان كەسانێك دەدوێنێ، كە تێی دەگەن و فامیدەو شارەزان.

دەیەم: بە نسبەت ئەوەوە كە گوتی: هەموو لایەك لە تازەگەریی و مۆدێرنێتە (حداثة) بەهرەمەندین.

وەڵام: ڕاستە، بەڵام ئایا مۆدێرنێتە (Modernita) بە شەوو ڕۆژێك پەیدابوو؟ ئایا ئەو مۆدێرنێتە وەك كارگێك بووە، هەر لەو گۆڕە هەڵتۆقیوە، دوایی پەڵە بارانێك؟

www.alibapir.com

نەخێر، مۆدەرنێتە، كلتورو كەلەپووری كۆی بەشەرە: كاتی خۆی لە لای هیندەكان بووە، ئنجا یۆنانییەكان خستوویانەتە سەری، پاشان میسر، ئنجا میزۆپۆتامیا خستوویەتە سەری، دوایی ڕۆمەكان، پاشان دەوڵەتی ئیسلامیی، لە ئەنجامی كەڵەكەبوون (تراكم)ی هەموویدا، ئەو تەكنۆلۆژیاو مۆدێرنێتەیە پەیدابووە، ئەدی كاك مەلا بەختیار! نابێ دان بەوە دابنێین، كە ڕۆژهەڵاتناسەكانیش دانیان پێداناوە، كە دوای شەڕی خاچ پەرستەكان و، دوای تەرجەمەی كتێبەكانی ئیبن ڕوشدو كتێبەكانی دیكەی زانایان، ڕێنیسانس لە ئەورووپا سەری هەڵدا؟ كەواتە: ئەوە میرات و كەلەپووری هەموو بەشەرە، ئەوە نە بە تەنیا ئەورووپا خاوەنیەتی، نە یۆنان و نە گریك و نە مسوڵمانان و نە هیندو نە چین، بەڵكو هی هەموو بەشەرە، چونكە تەكنۆلۆژیاو شارستانییەت دەستاودەست دەكات، جارێك لەوێ بووە، جارێك لەوێ، بەڵام ئێستا حاڵەتێكی عەولەمەیی وەرگرتوەو، ئینكاریی ناكرێ، كە ئەورووپییەكان زۆریان خستە سەری، بەڵام ئەوانیش لە سفرەوە دەستیان پێ نەكرد، بەڵكو كتێبی زانا مسوڵمانەكانیان وەرگێڕان، وە مسوڵمانەكانیش كاتی خۆی كتێبی یۆنانییەكانیان وەرگێڕان، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ كە ئیسلام لاری نیە لە سوود وەرگرتن لە ئەزموون و فیكری هەر كەسێك، بەرهەم و كتێبی نامسوڵمانانیش، مادام مسوڵمانان لێی بەهرەمەندبن، ئیسلام دەستیان ناگرێ كە سوود لە حیكمەت و زانستی هەر كەسێك وەربگرن(١).

پێم وایە كاك مەلا بەختیار زۆر چووە نێو مێژووەوە، هۆیەكەشی ئەوە بوو، كە وەك پێویست دیفاعی بۆ لەم واقیعەكە ناكرێ، ئەم واقیعەی، كە هەڵبەتە خەڵكی ئیسلامیی لە هەرێمی كوردستاندا بەرپایان نەكردوە، بەڵكو ئەم واقیعە، حوكمڕانە سیكۆلاریستەكان بەرپایان كردوە، ئنجا لەبەر ئەوەی لەو جەبهەیەوە

---

(١) لە شوێنەوار (أثر)دا هاتوە: (الحكمة ضالة المؤمن فحيث وجدها فهو أحق بها) أَخْرَجَهُ التِّرمِذِيُّ برقم: (٢٦٨٧)، وَقَالَ: غَرِيب، وَابْنُ مَاجَهْ برقم: (٤١٦٩)، واتە: حیكمە بزر بووی بڕوادارە، لە هەر جێیەك بیدۆزنەوە لە هەموو كەس پێی شایستەترە.

www.alibapir.com

هەستی بە زوعف دەكرد، پەڕیەوە بۆ قووڵایی مێژوو، كە بابەتەكەمان بابەتی مێژوو نەبوو.

یازدەیەم: كە دەڵێ: دیموكڕاسی لە كەیەوە سەری هەڵدا؟

وەڵام: من گوتم: وشەی دیموكراسی بەڵێ لە یۆنانەكانەوە داهاتوە، بەڵام نێوەڕۆكی دیموكڕاسیی نا، ئنجا وەك زانایان دەڵێن: (العبرة بالمحتويات والمضامين، وليست بالأسماء والعناوين) واتە: جێی سەرنج و پەند نێوەڕۆك و مەبەستەكانن، نەك ناوونیشانەكان، ئەوە نێوەڕۆكی دیموكڕاسییە، كە خەڵك بە گشتی خاوەنی دەسەڵات بێ، ئنجا من دەڵێم: ئا ئەوە قەدیم ترە لە یۆنان، ئنجا خۆ مەعقووڵ نیە، بڵێی: تاكو یۆنانییەكان لە دایك نەبوون، خەڵك عەقڵی نەبووە، خەڵك عەقڵ و فیترەتی ساغی هەر بووە، بەشەر هەربەشەر بووە! وەك چۆن ئەزموونی شكست خواردووی حوكمڕانیی هەبووە، ئەزموونی سەركەوتووشی هەبووە، وە من ئیشارەم بە چەند كتێبێكی مێژوویش كرد، كە هەر ئەورووپاییەكان خۆیان نووسیویانن.

دوازدەیەم: وە دەڵێ دیموكڕاسی ئەوە نیە كە خوا لابچێ!

وەڵام: منیش ناڵێم دیموكڕاسی ئەوەیە، كە خوا لابچێ! بەڵام دەڵێم: دیموكراسی چوارچێوەیەكی نیە، كە بیپارێزێ، لەوە كە شتێك بڵێ لەگەڵ شەریعەتی ئیسلامدا تێك بگیرێ، بۆ ئێمەی مسوڵمان، ئەگەرنا دەڵێم بۆ كەسێكی نامسوڵمان، بۆ كەسێكی ڕۆژئاوایی حەقی خۆیەتی، بەڵام لە لای ئێمەی مسوڵمان: ڕیبا حەڕامە، زینا حەڕامە، قەتل حەڕامە، دزیی حەڕامە، نوێژ واجبە، ڕۆژوو واجبە، عەدل واجبە، زوڵم حەڕامە، وە ئەو شتەی كە خوا واجبی كردوون، واجبن، تاكو ڕۆژی قیامەت، وە ئەو شتانەی كە خوا قەدەغەی كردوون، قەدەغەن، تاكو ڕۆژی قیامەت، ئێمە وەك میللەتێكی مسوڵمان، دەبێ بەچوارچێوەی شەریعەتەوە پابەند بین، چونكە شەریعەتی خوا، هیچ شتێكی قەدەغە نەكردوە، مەگەر بۆ تاك و كۆمەڵ و دنیاو قیامەت، خراپ بێ، وە هیچ شتێكیشی واجب نەكردوە، كە بۆ تاك و كۆمەڵ و دنیاو قیامەت، باش نەبێ.

www.alibapir.com

سێزدەیەم: دەڵێ: دەوڵەتە ئیسلامییەکان قسەی خێریان نەکردوە، بۆ ئێمەی گەلی کورد کاتێك ڕژێمی بەعس قەتڵ عامی دەکردین!

وەڵام: ئەو دەوڵەتانە[١] هەر ئەو ڕژێمە ستەمکارو خۆسەپێنانە بوون، کە ئیددیعای سیکۆلاریستییەتیی دەکەن و، ئیددیعای دیموکراسیی دەکەن، بەڵام کابووسن بەسەر سینەی خەڵکەکەوە، ئایا ئێمە لەسەردەمی ڕژێمدا، بۆچی وڵاتی خۆمان بەجێهێشت و چوو بووین بۆ شاخ؟ چونکە ڕێی نەدەدا کەس نەفەس بدات، ڕێی نەدەدا کەس چوار قسە بکات.

چواردەیەم: هەروەها باسی بێ هەڵوێستیی لایەنە ئیسلامییەکانی کرد، لەوبارەوە.

وەڵام: من پێم وایە نابێ گلەیی لە ئیسلامییە بێ چارەو بێ دەستەڵاتەکان بکرێ، کە لە کونجی زیندانەکان دابوون، لە میسرو لە کوێ و کوێ، وە ئێستاش هەر لە کونجی زیندانەکان دان، دوای ئەوەی کە ڕەوایەتییشیان لە خەڵك و شەقام وەرگرت، (عبدالفتاح سیسی) کاتێ کودەتا دەکات بەسەر شەرعییەت و ئیرادەی جەماوەرێکی زۆری مسوڵماندا، تۆ هیچ گلەیی لێ ناکەی، هەرچەندە دیموکراسی پێشێل کردوە! بەڵام گلەیی لە (محمد مرسی) دەکەی! گلەیی چی لێ دەکەی، کە کاتی خۆشی لە زیندان دابووەو، دیفاعی پێ لە تۆ نەکراوە؟! وە ئەگەر کەمتەرخەمیشیان بووبێ، کەمتەرخەمیی هەر کەمتەر خەمییە، دیفاع لە هەڵەی هیچ کەس ناکەم، چونکە بێگومان مەزلوومیەتێکی زۆر کەوتۆتە سەر گەلی ئێمەو، دەبوایە دیفاعیان لێکردبایەن، بەڵام کەسێك لەزیندان دابێ و مەجالی قسەی نەبێ، من گلەیی چی لێبکەم؟ ئنجا ئیخوان بێ، یان سەلەفیی بێ، یان هەر کەسێکی دی بێ!

پازدەیەم: وە باسی مقاوەمەی کرد، گوتی: ئێمە بووین کە مقاوەمەمان کرد.

وەڵام: ئەو قسەیە ڕاستەو نکوولێی لێ ناکرێ (بە تایبەت یەکێتی نشتیمانیی) ئێمەش هەرچەندە وەك ئیسلامیی درەنگ فریا کەوتین، بەڵام ئێمەش دوایی

---

(١) کە ئەو بە دەوڵەتە ئیسلامییەکان ناویان دێنێ!

www.alibapir.com

مقاوەمەمان كردو، شتێكی باشمان كرد، بەڵام من نەمزانی ئەمە چ پەیوەندییەكی بە بابەتەكەی ئێمەوە هەبوو؟ ئەگەرنا بێگومان هەر لایەكمان كە دژی ڕژێمی بەعس جەنگاوین و بەرگرییمان لە خەڵك و خاكمان كردوە، شتێكی باشمان كردوە، ئێستاش من لێرەوە ڕێزو تەقدیرو سوپاس دەنێرم بۆ ئەو برا پێشمەرگانەمان، كە لەسنوورەكانی كوردستان ئێمە دەپارێزن، وە ئێمەش ئاوا بە ئارامیی دەتوانین قسەو باسی خۆمان بكەین، بە حەقیقەت جێی هەموو ڕێزو تەقدیرێكن، بەڵام ئایا ئەو پێشمەرگانە هی كێن؟ ئەگەر یەكێتی و پارتی بڵێن: تەنیا هی ئێمەن، واتە: میلیشیان[1]، دەبێ بڵێین: هی هەموو لایەكن و هی هەموو خەڵكەكەن، بەڵێ، لەبەر هەستیاریی، هەندێك لایەنی عەلمانیی، ڕێ نەدرا، كە خەڵكێكی ئیسلامییش بە زەقیی بەشدار بێ، ئێستاش (الحمدلله) زۆرێك لە پێشمەرگەكان نوێژ دەكەن، ڕۆژوو دەگرن، بەڵام ئەگەر ڕێگەدرابایەو دەرفەت ڕەخسابایە، ئێمەش وەك كۆمەڵی ئیسلامیی، كە كاتی خۆی هێزێكی چەكداری باشمان هەبوو، ئێستا ئەگەر ئەوانیش لە نێو ئەو هێزە دابان، بەدڵنیاییەوە جەبهەكەمان بەقوەتتر دەبوو، بە تایبەتی لە بەرانبەر داعشێكدا، كە بە ناوی ئیسلامەوە شەڕ بە ئێمە دەفرۆشێ و گێچەڵ بەم هەرێمە دەكات، وە بە ڕەسمیی چەند جارێك داوامان كرد لە جەنابی كاك مەسعوود بارزانیی، وەك مەكتەبی سیاسی داوامان لەلایەنە سیاسییەكان كرد، كە با ئێمەش ببین، بەڵام بەهەرحاڵ بوار نەدرا، لەگەڵ ئەوەشدا هیچ گرفتمان نیە، وە ئەوانەی كە لەوێشن برای ئێمەن خوا بیانپارێزێ، ئێمە بە هەموولایەك دەتوانین ئەم وڵاتەی بەرەو پێش بەرین، وە بیپارێزین، چ لەبەرەكانی جەنگدا، چ لێرە كە دەست بخەینە سەر كەم و كوڕییەكانی و چارەسەریان بكەین، وە پاكسازیی و چاكسازییەكی وا بكەین، كە جەماوەرەكەمان، خەڵكەكمان زیاتر متمانەدارو باوەڕداربێ بە واقیعە سیاسییەكەمان.

---

(١) واتە: ئەگەر پارتی و یەكیەتی بڵێن: ئەو هێزی پێشمەرگەیە تەنیا هی ئێمەن، مانای وایە بە میلیشیایان لە قەڵەم داون، چونكە هێزی چەكداری سەر بە حیزب، میلیشیایە!

www.alibapir.com

شازدەیەم[١]: ئایا مامۆستا عەلی باپیر! ئێوە چ جۆرە عەلمانییەتێك ڕەت دەكەنەوە؟

وەڵام: ئەو پرسیارەی جەنابت كە: چ جۆرە عەلمانییەتێك ڕەت دەكەنەوە؟ ڕەتكردنەوە دووجۆرە:

١- ڕەتكردنەوەی نەهێشتن و ڕێ پێنەدان: ئەوە قسەی من نەبوو، بەڵكو قسەی كاك مەلا بەختیار بوو، كە گوایە من گوتوومە: سیكۆلاریزم لە نێو مسوڵماناندا جێی نابێتەوە! من وام نەگوت، گوتم: سیكۆلاریزم لە نێو كۆمەڵگایەكی لەئیسلام تێگەیشتوودا، پاساوی بوونی نیە، چونكە جێی نابێتەوە، یانی: ڕێگای نادەین، ئنجا ئێمە بیستوومانە لە خەڵكی سیكۆلاریست، كە گوتوویانە: دەبێ ئیسلامییەكان سەریان بكوترێتەوە، بەڵام ئیسلامیی نەدەسەڵاتی هەبووە، نەواشیگوتوە، مەبەستم لە هەرێمی كوردستانە، بۆ ئەوەی نەچینەوە بۆ مێژووی ئومەویی و عەبباسیی.

٢- ڕەتكردنەوەی فیكریی و دەرخستنی بێ پاساویی: كە ئەوە مەبەستمانە لەو قسەیە كە: لە نێو میللەتێكی مسوڵماندا كە لە ئیسلام تێگەیشتبێ، پاساوی ڕووكردنە سیكۆلاریزم نیە، چونكە:

یەكەم: هەرچی تۆ دەتەوێ لەو شتانەی، كە خەڵكی ئەورووپا بۆ وەدەستهێنانیان، ڕووی كردە سیكۆلاریزم، لە ئیسلامەكەی خۆتدا هەن بە شێوەیەكی باشتر.

دووەم: وە هەموو ئەو هۆكارانەی، كە خەڵكی ئەورووپایان ناچار كرد، ڕوو بكاتە سیكۆلاریزم، وە لە چنگ كڵێسا ڕابكات، لە ئیسلامدا بوونیان نیە، تۆ دینەكەت (ئیسلام):

١- كڵێسای تێدانیە.

٢- چینی ئەكلیرۆسی[٢] تێدانیە.

---

(١) ئەو پرسیارە هی دكتۆر عادل باخەوان بوو.

(٢) چینی ئەكلیرۆس، یانی: چینی پیاوانی ئایین (رجال الدین)، چونكە بە پێی ڕێنماییەكانی كڵێسا، جگە لە پیاوانی كڵێسا: پاپاو قەشەكان، هیچ كەس بۆی نەبوو تەفسیری

٣- ثیۆکرِاسیی تێدانیە.
٤- ڕێی لە عیلم نەگرتوە.
٥- ڕێی لە بیرکردنەوەی عەقڵ نەگرتوە.
٦- ڕێی لە ئازادیی نەگرتوە.
٧- هەموو شتێکی باشی دنیاو قیامەتی تێدایە، بۆیە تۆ ناچار نی ڕوو لەسیکۆلاریزم بکەی.

کەواتە: مەبەست لە قبووڵ نەکردن، ئەوەیە، کە ئێمە دەڵێین: بۆ خەڵکێکی مسوڵمان، ئەگەر لە ئیسلام تێگەیبێ، وە بڕوای بە ئیسلام بێ، ڕوو لە غەیری ئیسلام ناکات، نەك ئێمە ڕێی نادەین، کاتێ خوای پەروەردگار دەفەرموێ:

﴿ وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ ٱلْإِسْلَٰمِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِى ٱلْـَٔاخِرَةِ مِنَ ٱلْخَٰسِرِينَ ﴿٨٥﴾ ﴾ آل عمران.

ئەمە بۆ دوارِۆژە، لە دوارِۆژدا هەر کەسێك خۆی بە مسوڵمان بزانێ، دوای بەرنامەیەکی دیکەی جیا لە ئیسلام بکەوێ، لە دوارِۆژدا لێی قبووڵ ناکرێ، ئەدی لە دنیادا؟ بۆ دنیاش خوای دادگەر دەفەرموێ:

﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾ الكافرون.

چونکە عەلمانییەت من بە دینی دەزانم، چ بەبارە، ئیلحادییەکەی دا، چ بەبارەکەی دیکەدا، ئەوە کە خواناس بێ، وە تەنانەت بڕوای بە بەشێك لەئیسلامیش هەبێ، بە هەردووك جۆرەکەیەوە، من بەدینی دەزانم، عەلمانییەتیش دینێکی مرۆڤییە، مرۆڤ دروستی کردوە، بەڵام خوای زاناو توانا بە من دەفەرموێ، بڵێ:

﴿ لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِىَ دِينِ ﴿٦﴾ ﴾ الكافرون.

کتێبی پیرۆز (الکتاب المقدس) بکات! کە لە ئیسلامدا شتی وانیە.

www.alibapir.com

واتە: ئایینی خۆتان بۆ خۆتان، وە ئایینی خۆم بۆ خۆم.

وە دەفەرموێ: ﴿ وَقُلِ ٱلْحَقُّ مِن رَّبِّكُمْ فَمَن شَآءَ فَلْيُؤْمِن وَمَن شَآءَ فَلْيَكْفُرْ ﴿٢٩﴾ ﴾ الكهف.

واتە: وە بڵێ: هەق لە پەروەردگارتانەوەیە، ئنجا کێ دەیەوێ با بڕوابێنێ و، کێش دەیەوێ با بێبڕوابێ.

ئنجا ئەوەی من دەمەوێ ئێمە بزانین، ئەوەیە کە عەلمانییەتیش جۆرێکە لەدین، تۆ خۆت بە مسوڵمان بزانی، ناتوانی عەلمانیی بێ[١]، بڵێ: مسوڵمان نیم و تەواو، ئیدی ئاشکرایە، کە لەم وڵاتەی ئێمەدا، ئێستاش چەندان کەمینەی نامسوڵمان هەن، وە لە مێژووی سێزدە سەدەیی دەوڵەتی ئیسلامیشدا، بووزایی هەبووە، جوولەکە هەبووە، مەسیحیی هەبووە، هیندۆسیی هەبووە، مەجووسیی هەبووە، تەنانەت زانایانی ئیسلام و سەرکردەکانی ئیسلام گوتوویانە: نابێ ئاگری مەجووسییەکان بکوژێننەوە! پرسیاریان لە عومەری کوڕی خەتتاب (خوا لێی ڕازی بێ) کرد، گوتیان: ئەوانە نیکاحی مەحاریم دەکەن، واتە: دایك و کچ و خوشکی خۆیان مارە دەکەن، گوتی: (دعهم وما يدينون) لێیان گەڕێن، مادام دینیان وایە، موعتەقەداتیان وایە، حەقتان بەسەریانەوە نەبێ.

کەواتە: وەك هەبوونی پاساوو بیانووی پەنا پێبردن و شوێنکەتن، هیچ جۆرێك لە عەلمانییەتمان قبووڵ نیە، بەڵام وەك ڕێ پێدان و مامەڵەی ڕۆژانە، ئەوەنیە کە یەکدیمان قبووڵ کردوە! لە ڕاستیدا ئێمە گلەییمان لە سیکۆلاریستەکانە، کە غەیری خۆیان ئەگەر بە تیۆریی (نظري)یش قبووڵ بکەن، بە کردەوە قبووڵیان ناکەن، بە بەڵگەی چی؟ بە بەڵگەی ئەوە، کە خۆیان بە خاوەنی هەموو

---

(١) واتە: بە ماناو چەمکی ڕاستەقینەی عەلمانیی (سیکۆلاریست)، نەك جۆرە ماناو چەمکێك کە خۆمان بۆی دادەتاشین، یان بە لاسایی کردنەوەی ڕۆژئاواییەکان وەریدەگرین، کە بێگومان ئێمەو ئەوان وەك مێژوو، وەك ئایین، وەك کتێب .. زۆر لە یەك جیاین، وەك پێشتر باسمان کرد.

www.alibapir.com

شتەکانی وڵات دەزانن، وە خەڵکی دیکەیان لێ مەحرووم دەکەن، وە ئێمە وەك ئیسلامیی، خۆمان بە بەشخوراو دەزانین، نەك هەر لەم هەرێمەدا، لە زۆر شوێنی دیکەشدا، ئەوە ئێمەین دەڵێین: وەرن بایەکدی قبووڵ بکەین، دەڵێین: وەك چۆن ئێمە ئێوەمان قبووڵە، خۆ ماڵ لە ماڵ خۆ حەڕام نیە، وڵاتێکی مسوڵمان نشین، ناگونجێ لە خەڵکەکەی خۆی قەدەغە بکرێ! تۆ هاتووی ئایینێکی دیکەت داهێناوە، ئنجا من تۆم قبووڵە، بەو دینەشتانەوە، چونکە دینەکەم وا فەرمانم پێدەکات، ئێوەش ئێمەتان قبووڵ بێ، بەڵام ئێمەتان قبووڵ بێ، وەك مرۆڤ، وەك هاووڵاتیی یەکسان، نەك وەك هاووڵاتیی پلە سێ و چوار، وە نەك وەك ئەوە، کە لە مافە ڕەوایەکانی خۆم بەخێر شتێکم بدەیە، لە بەرانبەر ئەوەدا، کە تۆ چیت ویست وا بکەم!!

حەڤدەیەم: بە نسبەت ئەوەوە کە پرۆفیسۆر میشێل، گوتی: من پێی دەڵێم: شتێکی سەیرە! دیموکراسی کە لە مێژووی هاوچەرخماندا بۆ یەکەمجار لە ئەورووپادا، لە فەرەنساوە داکەوت و پراکتیزە بوو، پاش شۆڕشی فەرەنسا (١٧٨٩)، پێم سەیرە دوای دوو سێ سەدە، ئێستاش لە فەرەنسا، لە نێو دیموکراسییەکەی داو لە نێو عەلمانییەتەکەی دا، جێی دوو سێ ئافرەتی سەرپۆشی لێ نەبێتەوە! ئەمە نوقصانییەکی گەورەیە بۆ فەرەنسا، حەیفە جێی دوو سێ ئافرەتی بە سەرپۆشی تێدا نەبێتەوە، کە سەرپۆشەکەیان تەعبیر دەکات لە بیرو موعتەقەداتی خۆیان، ئەدی ئێوە ناڵێن ئازادیی بیروڕا، ناڵێن: ئازادیی شەخصیی، ئەو ئافرەتەش شەخصێکە ئەو پێیخۆشە قژی داپۆشێ، بۆچی دەبێ جێی نەبێتەوە؟ پێم وایە دەبێ زۆر بەجیددیی موراجەعەی ئەوە بکەنەوە.

www.alibapir.com

پێنج دەقەی كۆتایی

هەژدەیەم: لەم پێنج دەقەیەدا بە پێویستی دەزانم باسی ئەوە بكەم، كە بۆچی لەبارەی مێژووی سیكۆلاریزم و دیموكڕاسییەوە گەڕامەوە بۆ مێژووی ئەورووپا؟! كە كاك مەلا بەختیار چەند جارێك ئاماژەی پێدا، كە من بۆچی ئەوەم باس كرد؟

وەڵام: ئێمە باسی سیكۆلاریزم و دیموكڕاسی دەكەین، دیموكڕاسی و سیكۆلاریزمیش لە ئەورووپاوە هاتوون، كەواتە: ناچارم باسی مێژووی ئەوێ بكەم، كە ئەو سیكۆلاریزمە چۆن پەیدابوو؟ وە ئەو دیموكڕاسییە چۆن پیادەكرا؟ وە هەرێمی كوردستان بەراورد بكەین، كە ئێمە لێرەدا چیمان كردووەو چۆنمان كردوە؟

وە دەمەوێ ئەوە ڕوون بكەمەوە، كە بۆچی ئایینی مەسیحیی كە تێكدراوەو شێوێنراوە لەسەر دەستی كڵێسا، "نەك ئەوەی كە خوا بۆ عیسای ناردوە (علیه السلام)" ناتوانێ ژیانی بەشەر لەم ڕۆژگارەدا ڕێك بخات؟! جارێ مەسیح، عیسا (علیه السلام) بۆ قۆناغێكی مێژوویی و تەنیا هۆزێك هاتبوو، كە بەنی ئیسرائیلە، وەك خوا دەفەرموێ:

﴿وَإِذْ قَالَ عِيسَى ٱبْنُ مَرْيَمَ يَٰبَنِىٓ إِسْرَٰٓءِيلَ إِنِّى رَسُولُ ٱللَّهِ إِلَيْكُم مُّصَدِّقًا لِّمَا بَيْنَ يَدَىَّ مِنَ ٱلتَّوْرَىٰةِ...﴿٦﴾﴾ الصف.

كەواتە: عیسا تەنیا بۆ بەنی ئیسرائیل هاتوە، واتە: شتێكی ئاسایی و چاوەڕوانكراوە كە: ئایینەكەی عیسا نەتوانێ لە سەدەی بیست و بیست و یەكداو، پێشتریش ژیان و گوزەرانی كۆمەڵگا ڕێك بخات، مەسیحییەتێك

www.alibapir.com

شەریعەتێکی نەبێ، بەڕێوەی بەرێ، خەڵك ناچارە پەنا بۆ شتێکی دی بەرێ، بە تایبەت دوای ئەوەی، کە ئیسلام هات، کاتێ خوای بەرزو مەزن، کە ئیسلام دەنێرێ، بۆ ئەوەی دەنێرێ، هەموو بەشەرییەت پێی بەڕێوەبچێ، هەروەك کە لە ماوەی سێزدە سەدەی دەوڵەتی ئیسلامیی دا، بەشەریەتی پێ بەڕێوە چووە، لەگەڵ ئەوەش کە کەم و کوڕیی و لادانیش بووە، ئنجا ئەوەی کە ئیشکالە لێرەدا ئەوەیە، کە وەختێك لە ئیسلامدا دین و دەوڵەت لێك جیا دەکرێتەوە، ئەوە زوڵم لەئیسلام دەکەی، چونکە ئیسلام شەریعەتی هەیە، بەڵام ئایینی مەسیحیی چوار ئینجیلەکانی بخوێنەوە، هەمووی ئامۆژگاریی ڕووحیی و باسی پەیوەندییە لەنێوان خواو مرۆڤدا، بەڵام باسی حەڵاڵ و حەڕام و جەنگ و ئاشتیی و، حوکم و سیاسەت و، ئابووریی و، باسی پەیوەندیی نێوان دەوڵەتان و .. هتدی، تێدانیە.

نۆزدەیەم: کاك مەلا بەختیار بە توانجەوە، ئاماژەی بە ئایەتی:

﴿وَأَعِدُّواْ لَهُم مَّا ٱسۡتَطَعۡتُم مِّن قُوَّةٍ ...﴿٦٠﴾﴾ الأنفال، کرد، کە ئیسلام باسی ئامادەکردنی هێزی کردوەو فەرمانی بە جەنگ و جیهاد کردوە!!

وەڵام: ئایا هەر قەوارەیەکی سیاسیی، وەك: فەڕەنساو ئەمریکاو ئەوانەی دیکە کە مافی ڤیتۆیان هەیە، لە ئەنجوومەنی ئاسایش (مجلس الأمن)دا[1]، وە هەموو ئەوانەی کە چەکی ئەتۆمییان هەیە، هێزو سوپاو چەك و جبەخانەیان هەیە، کاك مەلا بەختیار! ئەدی نابێ دەوڵەتان چەکیان هەبێ، دیفاعی پێ لەخۆیان بکەن؟ بۆیە دەوڵەتێکی ئیسلامیی، کە خوا لەسەری فەرز دەکات، کە دەبێ هێزێکتان هەبێ، تاکو دوژمنانی خۆتانی پێ بترسێنن، بۆ ئەوەی کەس زوڵمتان لێ نەکات، ئەمە شتێکی زۆر ئاساییە، کۆمەڵگای بەشەریی هەروایە،

---

(١) ئەو پێنج دەوڵەتەی مافی ڤیتۆ (veto) یان هەیە لە ئەنجوومەنی ئاسایش دا، ئەم پێنجەن: ئەمریکا، چین، ڕووسیا، بەریتانیا، فەڕەنسا.

دیارە هەبوونی ئەو مافەش بۆ ئەو پێنج دەوڵەتە ستەمێکی گەورەی سیاسییە بەرانبەر بە دەوڵەتانی دیکەی جیهان.

www.alibapir.com

تۆ ئەگەر هێزت نەبێ، ستەمت لێ دەکرێ و دەخورێی! بۆ وێنە: گەلی کورد ئەگەر هێزی نەبێ، پێشمەرگەکانمان، ئەگەر ئێستا بەرگریی لەم قەوارەیە نەکەن، داعش و ماعش دەمانخۆن!

بیستەم: کاك مەلا بەختیار بە مەبەستی بەڵگە هێنانەوە لەسەر ڕەوایی لە یەك جیاکردنەوەی ئایین و دەوڵەت ئایەتێکی ئینجیلی هێنایەوە، بەڵام ئایەتەکەی ئینجیلیشی بە هەڵە هێنایەوەو، بەڵگەکەشی لە جێی خۆیدا نیە.

ئایەتەکەی ئینجیل بەم شێوەیە: (أعطوا ما للقيصر للقيصر، وما لله لله)[1]، بۆیەش قسەکەی بە بەڵگە ناشێ، چونکە مەسیحییەت هاتبوو، کەم و کوڕییەکانی جوولەکەکان ڕاست بکاتەوە، وە بۆ قۆناغێکی مێژوویی دیارییکراو، وە بۆ هۆزێکی دیارییکراو هاتبوو، بەڵام ئیسلامێك بە پانایی زەمان و بە درێژایی زەمین، بۆ هەموو مرۆڤایەتیی هاتبێ، وەك خوای تاك و پاك دەفەرموێ:

﴿ وَمَآ أَرۡسَلۡنَٰكَ إِلَّا كَآفَّةٗ لِّلنَّاسِ بَشِيرٗا وَنَذِيرٗا وَلَٰكِنَّ أَكۡثَرَ ٱلنَّاسِ لَا يَعۡلَمُونَ ٢٨ ﴾ سبأ[2].

ئەم ئیسلامە لە بارەی دا هەیە، کە هەموو بەشەریەت هیدایەت بدات، وە ژیانی لەسەر ئاستی تاکیی و خێزانیی و کۆمەڵایەتیی، ڕێك بخات، بۆیە ئەو ئیسلامە تۆ زوڵمی لێ دەکەی، کاتێ لایەنی وحوکمڕانیی لێ جیا دەکەیەوە، چونکە شەریعەتەکەی پەك دەخەی، بەڵام مەسیحییەت بۆ خۆی شەریعەتێکی نیە، تاکو پەك بخرێ، بۆیە ئەگەر لە دەوڵەتیشی جیا بکەیتەوە، شتێکی ئاساییە.

---

(١) بڕوانە: التفسير التطبيقي للكتاب المقدس، العهد الجديد، إنجيل لوقا، الإصحاح: ٢٠، ص٢١٤٣، دفع الجزية للقيصر، واتە: ئەوەی هی قەیسەرە بیدەنە قەیسەرو، هی خواش بدەنە خوا.

(٢) واتە: وە تۆمان وەك موژدەدەرو ترسێنەر بۆ تێکڕای خەڵکی ناردوە، بەڵام زۆربەی خەڵکی نازانن.

www.alibapir.com

www.alibapir.com

بەشی پێنجەم

وەڵامی چەند قسەیەك كە لە دیبەیتەكەدا فریای وەڵامدانەوەیان نەكەوتم

www.alibapir.com

www.alibapir.com

خوێنەری بەڕێز!

بە پێویستی دەزانم، ئەگەر زۆر بە گوشراوییش بێ، وەڵامی چەند قسەیەك بدەمەوە " کە لەبەر کەمیی کات" لە دیبەیتەکەدا دەرفەتی وەڵامدانەوەو قسە لەسەر کردنیانم نەبوو.

کۆی ئەو قسانەش (١١)ن، حەوتیان هی کاك مەلا بەختیارن و چواریشیان هی (میشێل ڤیڤیۆرکا)ن:

یەکەم: چەند قسەیەکی کاك مەلا بەختیار:

١- ئەوەی (صلاح الدین) کردی بەرانبەر بە فاتمییەکان:

کاك مەلا بەختیار لە سیاقی ڕەخنەگرتنی لە مێژووی ئیسلام مسوڵماناندا، باسی ئەوەی کرد، کە گوایە (صلاح الدین)ی ئەییوبیی، ستەمی لە فاتمییەکان کردوە، کە کۆتایی بە حوکمڕانییەکەیان هێناوە!

وەڵام:

ڕاستە (صلاح الدین) خوا لێی خۆشبێ، کۆتایی بە حوکمڕانیی (فاطمية)کان هێناوە، بەڵام نەك هەر کارێکی خراپی نەکردوەو ستەمی لێیان نەکردوە، بەڵکو ئەو کارەی یەکێك بووە لە کارە هەرە باشەکانی (صلاح الدین)، وە کۆتایی هێنان بووە، بە ستەمێکی (٢٠٨) ساڵەیی فاتمییەکان، کە بە زۆر خۆ سەپاندن، لە ساڵی: (٣٥٩)ی کۆچییەوە، تاکو (٥٦٧) حوکمی (مصر) و بەشێك لە ناوچەکانی دەوروبەرییان کردوە[1].

---

(١) بڕوانە: (البداية والنهاية) لآبن كثير ج١٤، ص٢٠٨.

www.alibapir.com

شایانی باسیشه كه یه‌كه‌مین حوكمڕانیی فاتیمییه‌كان، نازناوی (مهدي) هه‌بووه‌و ناوی: (عبيدالله بن ميمون القدَّاح) بووه‌، كه جووله‌كه بووه‌و، لافی مسوڵمان بوونی لێداوه‌و، پیشه‌ی بۆیاغچێتیی بووه‌، له (سلمية)[١].

وه (ابن كثير) نووسیویه‌تی و (ابن الأثير) باسی ئه‌وه‌ی كردوه‌، كه (مهدي) نامه‌ی ناردوه بۆ (أبو ظاهر القرمطي) و سه‌ر زه‌نشتی كردوه له‌سه‌ر ئه‌وه‌ی، كه له مه‌ككه كردوویه‌تی " كه كابه‌ی ڕووخاندوه‌و به‌رده ڕه‌شه (الحجر الأسود)ی بردوه" وه گوتوویه‌تی: ئه‌و ڕه‌فتاره‌ی ئێوه هۆكاری ئه‌وه‌یه‌، كه خه‌ڵك قسه‌مان له‌سه‌ر بكات و، ئه‌و نهێنییانه‌مان، كه په‌نهانمان كردوون، به هۆی ئه‌و ڕه‌فتاره ناشیرینه‌ی ئێوه‌وه ئاشكرا ببن[٢].

كه‌واته: (قرامطة) و (فاطمية) له ڕیشه‌دا یه‌ك بوون و كه‌ین و به‌ینیان پێكه‌وه بووه‌.

ئنجا دوا حوكمڕانی (فاطمية)، كه به (العُبَيديين)یش ناسراون، ناوی (عبدالله) و نازناوی (عاضد) بووه‌و (إبن كثير) ئاوای باس ده‌كات: (وكانت سيرته مذمومة، وكان شيعياً خبيثاً، لو أمكنه قَتَلَ كُلَّ مَنْ قَدَرَ عَلَيْهِ مِنْ أَهْلِ السنة)[٣]. واته: وه هه‌ڵس و كه‌وتی زۆر بێزراو بوو، وه شیعه‌یه‌كی پیس بوو، ئه‌گه‌ر بۆی لوا بایه‌، هه‌رچی به‌ر په‌لی كه‌وتبایه له ئه‌هلی سوننه‌ت، ده‌یكوشت.

٢- كوشتنی (قرامطة) له‌لایه‌ن ده‌وڵه‌تی ئیسلامییه‌وه:

هه‌ر له‌و سیاقه‌دا، كه گوایه مسوڵمانان خوێنڕێژیی و سته‌میان كردوه‌، كاك مه‌لا به‌ختیار باسی ئه‌وه‌ی كرد، كه مسوڵمان (قرامطة)شیان كوشتوون!

---

(١) هه‌مان سه‌رچاوه ج١٢، ص٨٣.

(٢) بڕوانه: (البداية والنهاية) لابن كثير ج١٢، ص٨٤، وه (الكامل في التأريخ) لابن الأثير ج٨، ص٢٠٨.

(٣) بڕوانه: (البداية والنهاية) لابن كثير ج١٤، ص٢٠٨.

www.alibapir.com

وەڵام:

وا دیارە کاك مەلا بەختیار زانیاریی لە بارەی گرووپی قەرامیتەکان (قرامطة)ەوە نیە، چونکە لە نێو گرووپە لادەرەکاندا، هیچ گرووپێك هێندەی (قرامطة) ستەم و خراپەو کاری ناقوڵایان نەکردوە، وێڕای کوفرو زەندەقەی ئاشکرا، با سەرنج بدەین:

(إبن كثير) لە ڕووداوەکانی ساڵی (٣١٧)ی کۆچیی دا، لە ژێر ناوونیشانی: (ذكر أخذ القرامطة الحجر الأسود إلى بلادهم، وما كان منهم إلى الحجيج، لعن الله القرامطة)[1]دا گوتوویەتی:

{کاروانی عیراق، کە فەرماندەیان (منصور الدَّيلمي) بوو، دەرچوون و بەسەلامەتیی گەیشتنە مەککە، وە لە هەموو لایەکەوە کاروانەکان گەیشتن، ئیدی لە ناکاو (قرمطي) (واتە: أبو ظاهر) لە ڕۆژی (تروية)دا (واتە: ڕۆژی "٨"ی "ذي الحجة") خۆی و کۆمەڵەکەی بە سەریان دا دان و، ماڵ و سامانیانی لێ ستاندن و کوشتنیانی ڕەوا کرد، وە خەڵکی لە نێو مەککەو دۆڵ و شێوەکانی داو، تەنانەت لە مزگەوتی حەڕام و لە نێو کابەش دا، کوشت...

ئیدی خەڵك لە دەستیان ڕایان دەکردو، خۆیان بە پەردەکانی کابەوە هەڵدەواسی، بەڵام سوودی نەبوو، بەڵکو بەو حاڵەشەوە، هەر دەیانکوشتن، وە لە کاتی تەواف کردن دا دەیانکوشتن...

پاشان قیرمیطیی فەرمانی کرد: کە کوژراوەکان فڕێ بدرێنە نێو بیری زەخرەمەوە، ئنجا فەرمانی کرد، دەرگای کابە هەڵکەنراو، پەردەکەی داڕنراو، لە نێو هاوەڵانی دا دابەشکرد...

دوایی فەرمانی کرد: بەردە ڕەشەکەیان هەڵکەندو لەگەڵ خۆیان بردیان بۆ

---

(١) واتە: با بەردە ڕەشە بردنی قەرمەتییەکان، بۆ وڵاتی خۆیان و ئەوەی کە کردیان بەحاجییان، خوا نەفرین لە قەرامەتییەکان بکات.

www.alibapir.com

وڵاتی خۆیان، وە ماوەی بیست و دوو (٢٢) ساڵ لەلایەن مایەوە، تاکو لە ساڵی (٣٣٩)دا، گێڕایانەوە (٣١٧ - ٣٣٩)[١]}

دوایی (إبن كثير) لەبارەی (قرامطة)وە، دەڵێ: (وإنما حمل هؤلاء على هذا الصَّنيع، أنهم كانوا كفاراً زنادقة، وقد كانوا ممالئين للفاطميين الذين نبغوا في هذه السنة، ببلاد إفريقية، من أرض المغرب) [٢]، واتە: وە ئەوانە بۆیە ئەوەیان کرد، چونکە کافرو زەندیق بوون، وە سەر بە فاتیمییەکان بوون، کە لەم ساڵانەدا لەوڵاتانی ئەفریقیا لەسەر زەمینی (مغرب) پەیدابوون.

هەروەها (إبن كثير) لە بارەی ڕووداوەکانی ساڵی (٢٩٤)ی کۆچییەوە، گوتوویەتی:

{وە لە موحەڕڕەمی ئەمساڵ دا "زکرویە" و هاوەڵانەکانی (خوا نەفرینیی لێ بکات)، ڕێیان بەحاجییەکانی خوڕاسان گرت، لەکاتی گەڕانەوەیاندا لەمەککە، وە هەموویانی کوشتن و ئافرەتەکانیشیانی بە کۆیلە گرت، وە ئەو پارەیەی لێی گرتن: دوو هەزار هەزار (٢،٠٠٠،٠٠٠) دینار بوو، وە ژمارەی کوژراوەکانیش: بیست هەزار (٢٠،٠٠٠) کەس بوون)}[٣]

هەڵبەتە کەتن و تاوان و خراپەی قەڕمەطییەکان، زۆر لەوە زیاترە، وە ئەوەی، کە باسمان کرد، تەنیا وەك چەند نموونەیەك باسمان کرد.

کەواتە: ئایا شتێکی سەیرو بێ جێ نیە، گلەیی لە مسوڵمانان بکرێ، کە دواتر سزای ئەو گرووپە زەندیق و بێ دینەیان دابێ؟!

٣- ئیسلام بە شمشێر بڵاوبۆتەوە، خۆ خەڵك بە هەڵەکەسەما، بۆی نەچوون:

ئەمیش یەکی دیکە بوو لە قسەکانی کاك مەلا بەختیار، کە چەند جارێك دووبارەی کردەوەو، زۆری لەسەر ڕۆیشت.

---

(١) بڕوانە: (البداية والنهاية) لابن كثير ج١٢، ص٨٢، ٨٣.

(٢) هەمان سەرچاوە ص٨٣.

(٣) هەمان سەرچاوە، ج١١، ص٣٨٧، هەروەها بڕوانە: (الكامل في التأريخ) ج٦، ص٤٣٢ و ٤٣٣.

www.alibapir.com

وەڵام:

یەكەم: وەك مەبدەئو پرەنسیپ، ناگونجێ ئیسلام بە زۆر بەسەر خەڵكدا بسەپێنرێ، چونكە خوای دادگەر ڕایگەیاندوە، كە تۆبزیی كردن (إكراه) لەئاییندا نیە، وەك فەرموویەتی:

﴿لَآ إِكۡرَاهَ فِي ٱلدِّينِۖ ٢٥٦﴾ البقرة.

دووەم: وەك پراكتیك و كردەوەش، هەمیشە سوپای مسوڵمانان، بەرانبەرەكانیان خستۆتە نێوان سێ بژاردەوە:[1]

١- مسوڵمان بوون.

٢- سەرانە دان، یان هەر جۆرێكی دیكەی ڕێككەوتن، كە دەوڵەتی ئیسلامیی قەناعەت بكات، ئەو خەڵكە دژایەتیی ناكەن.

٣- ئامادە بوون بۆ جەنگ.

سێیەم: ئەگەر ڕاستبایە ئیسلام بە زۆر بەسەر گەلی كورد "هەروەها گەلانی دیكەش"دا سەپێنرابایە، دەبوایە لە مێژبایە گەلی كورد دەستبەرداری ئیسلام ببوایە، چونكە هەر شتێك بە زۆر بسەپێنرێ، پاش لاچوونی زۆرو دەستەڵاتەكە، فڕێ دەدرێ و وازی لێ دەهێنرێ!

كەواتە:

گوتەی: بە زۆر سەپێنرانی ئیسلام، بەسەر گەلی كورددا، دژە لەگەڵ هەر كام لە:

أ- سروشتی ئیسلام.

ب- مێژووی مسوڵمانان.

---

(١) بڕوانە: تأريخ الأمم والملوك، للطبري، ج٢، ص١٠٧ و ١٠٨، كە (ربعي بن عامر) وەك نوێنەری سوپای ئیسلام بە (رستم) فەرماندەی سوپای فارسەكانی گوتوە: (واختر واحدة من ثلاث: اختر الإسلام، وندعك وأرضك، أو الجزاء، أو المنابذة) واتە: یەكێك لە سێ شتان هەڵبژێرە: مسوڵمان بوون هەڵبژێرەو خۆت و وڵاتی خۆت، یان سەرانە بدە، یان ئامادەی جەنگ بە.

www.alibapir.com

ج- عەقڵ و لۆژیك، دا[١].

٤- من جیهانبینیم جیایە، هی تۆ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە، هی من لە ڕوانگەی سیكۆلاریزمەوە:

وەڵام:

تێبینیم لەسەر ئەم قسەیەی كاك مەلا بەختیار، ئەوەیە، كە مادام خۆی بەمسوڵمان دادەنێ، پێویستە جیهانبینی و بوونناسیی (Ontology)یەكەیشی هەر لە ئیسلام وەربگرێ، نەك لە سیكۆلاریزم، چونكە بوونناسیی و دنیابینیی، بناغەی بیروبڕواو سەرجەم هەڵس وكەوت و هەڵوێستەكانی مرۆڤە و، هەر كەس بەو شێوەیە بوون (وجود) ببینێ، كە ئیسلام دەیڵێ، دیارە بەو شێوەیەش مامەڵە لەگەڵ ژین و بووندا دەكات، كە ئەو تێڕوانینە دەیخاتەڕوو، هەروەها بەپێچەوانەوەش! هەر بۆیەش خۆ بە مسوڵمان زانین و، پەنا بردنە بەر جیهانبینیی سیكۆلاریزم، ناكۆكیی (تضادّ)یەكی توندیان لە نێواندا هەیە[٢].

٥- هەموو لایەك لە مۆدێرنێتە بەهرەمەندین، ئەوە دەستكەوتی عەقڵە، نەك نوشتەو غەیبییات:

وەڵام:

بەهرەمەندبوونی هەموو لایەك لە تازەگەریی (الحداثة) (Modernita) شتێكی مشت و مڕ هەڵنەگرە، بەڵام گرنگە بزانرێ، كە ئەم مۆدێرنێتە، بەرهەم و زادەی كۆی ئەزموون و شارەزاییە كەڵەكەبووەكانی مرۆڤایەتییەو، هی هیچ گەل و كۆمەڵگایەك نیە بە تەنیا، وەك پێشتریش ئاماژەمان پێكردوە.

---

(١) وا باشە لەم بارەوە سەرنجی ئەم دوو كتێبە بدرێ:
١- كوردستان لەبەردەم فتوحاتی ئیسلامیی دا، نوسینی: حەسەن مەحمود حەمە كەریم.
٢- كورد لەنێوان بەئیسلام كردن و ئیسلام بون دا، نوسینی: سەلام ناوخۆش.

(٢) لە كتێبی (تەوژمیی ئیسلامیی و عەلمانیی...)دا تیشكێكم خستۆتە سەر بوونناسیی ئیسلامیی، بەڵام لێكۆڵینەوەی تێروتەسەلی ئەو بابەتە، كتێبی یەكەمی مەوسووعەی: (الإسلام كما يتجلّى في كتاب الله)ی بۆ تەرخان كراوە.

www.alibapir.com

ئنجا ئەوەش كە تازەگەریی و تەكنۆلۆژیا بەرهەمی عەقڵە، نەك هی نوشتەو غەیبییات! ئێمەش نكوڵیی لەوە ناكەین، كە بەبێ بەكارهێنانی عەقڵ و دۆزینەوەی یاساكانی خوا (سنن الله) لە بوونەوەرو سروشت دا، بێگومان ژیانی بەشەر بەرەو پێش ناچێ، بەڵام نەمزانی: ناوبراو بەو قسەیەی وەڵامی كێ دەداتەوە؟!

چونكە ئەوە ئیسلام بوو، عەقڵ و هۆشی مرۆڤانی لە زنجیرو كۆتی ئەفسانەو كەهانە، دەرباز كردو، لەسەر عەقڵی فەرز كرد، كە دەبێ بیر بكاتەوەو، سەرنج بداتە دیاردەو دیمەنەكانی دەوروبەرو بوونەوەرو لە ئایەتەكانی خوا بفكرێ:

- ﴿ فَٱقۡصُصِ ٱلۡقَصَصَ لَعَلَّهُمۡ يَتَفَكَّرُونَ ١٧٦ ﴾ الأعراف.

واتە: بەسەرهاتان بگێڕەوە، بەڵكو بیربكەنەوە.

- ﴿ أَوَلَمۡ يَنظُرُواْ فِي مَلَكُوتِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَمَا خَلَقَ ٱللَّهُ مِن شَيۡءٖ ١٨٥ ﴾ الأعراف.

واتە: ئایا سەرنجی موڵكی فراوانی ئاسمانەكان و زەوی و هەرشتێكیان نەداوە، كە خوا دروستی كردوە!

- ﴿ كَذَٰلِكَ يُبَيِّنُ ٱللَّهُ لَكُمۡ ءَايَٰتِهِۦ لَعَلَّكُمۡ تَعۡقِلُونَ ٢٤٢ ﴾ البقرة.

واتە: ئاوا بەم جۆرە خوا ئایەتەكانیتان بۆ ڕون دەكاتەوە، بەڵكو بفامن.

مەسەلەی نادیار "غیب"یش وێڕای ئەوەی، كە بناغەی ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی بڕواهێنانە بە نادیار:

﴿ الٓمٓ ١ ذَٰلِكَ ٱلۡكِتَٰبُ لَا رَيۡبَۛ فِيهِۛ هُدٗى لِّلۡمُتَّقِينَ ٢ ٱلَّذِينَ يُؤۡمِنُونَ بِٱلۡغَيۡبِ وَيُقِيمُونَ ٱلصَّلَوٰةَ وَمِمَّا رَزَقۡنَٰهُمۡ يُنفِقُونَ ٣ ﴾ البقرة.

ئێستاكە پاش بەرەو پێشچوون و قووڵبوونەوەی زانستەكانی فیزیاو كیمیاو گەریلەناسیی، بۆ هەموو لایەك دەركەوتوە، كە زانیاریی، هەتا بنان گوێیان، لەنادیارو پەنهاندا چەقیوە!

www.alibapir.com

٦- بۆچی دیموكڕاسی دانەمەزرا لە ئیسلام دا؟!

وەڵام:

بە دڵنیاییەوە، ئیسلام بە هۆی حوكمڕانیی ڕەشیدو سەر ڕاستانەی پێغەمبەری خاتەم و، چوار جێنشینە سەر ڕاستەكانییەوە، (خوا لێیان ڕازی بێ)، كە فەرمانی خوا: ﴿وَأَمۡرُهُمۡ شُورَىٰ بَيۡنَهُمۡ ٣٨﴾ الشوری، یان كردبوو بە بناغەی كاری سیاسیی و دەوڵەتداریی، بەردی بناغەی: (خەڵك سەرچاوەی دەستەڵات بوون)ی دانا، بەڵام بە داخەوە كۆمەڵگاكانی ئەوساكە، نەیانتوانی بچنە ئەو ئاستە بڵندەو، ئەو جۆرە حوكمڕانییە، تەنیا دەوری چل (٤٠) ساڵێك دەوامی كرد، لە بواری شێوازی دانانی حوكمڕاندا.

واتە: خەتای ئیسلام نەبوو، كە شێوازی حوكم و دەستەڵات بە دەست خەڵك و جەماوەرەوە بوون، بەردەوام نەبوو، بەڵكو ئەوە دواكەوتوویێتیی مرۆڤ بوو، كە نەیتوانی بچێتە ئەو ئاستە بەرزەوەو لەسەری بەردەوام بێ.

ئنجا هەڵبەتە خەڵكی ڕۆژئاواش، چەندان سەدەو سەدان ساڵ، تاڵاوی ئەزموونە تاڵەكانی: (ثیۆكڕاسیی theocracy) و (ئەریستۆكڕاسیی Aristocracy) و (ئۆتۆكڕاسیی Otocracy) چێشت، تاكو سەرەنجام گەیشتنە ئەو قەناعەتەی، كە شێوە حوكمڕانیی دیموكڕاسیی تەبەننیی بكەن.

٧- تۆ بچیەوە بۆ مێژوو، منیش دەچمەوە بۆ مێژوو!

وەڵام:

گەڕانەوەی من بۆ مێژووی ڕۆژئاواو ئەوروپا بە تایبەت، پەیوەست بوو بەنێوەڕۆك و جەوهەری بابەتەكەمانەوە: (سیكۆلاریزم و دیموكڕاسیی)، كە لەڕۆژئاواوە سەریان هەڵدا، بۆیە پێویست بوو، سەرنجی مێژووی سەرهەڵدان و هۆكارەكانی پەنا پێبرانیان بدەین لە مێژووی ئەورووپاو ڕۆژئاوادا، بەڵام پێم ناڵێی: گەڕانەوە بۆ مێژووی ئومەویی و عەبباسیی و فاتیمیی و .. هتد، چ پەیوەندییەكی بە بابەتەكەی ئێمەوە هەبوو؟!

www.alibapir.com

دووەم: چەند قسەیەکی میشێل ڤیڤیۆرکا:

بەڕێز پرۆفیسۆر ڤیڤیۆرکاش چەند قسەیەکی کردن، بە پێویستی دەزانم سەرو تیشکیان بخەمە سەر:

١- ئێوە چۆن پرۆسەی خوێندن پێش دەخەن؟!

وەڵام:

پێم وایە پرۆسەی خوێندن لە هەرێمی کوردستاندا، بە چەند شتێك بەرەو پێش دەچێ:

یەك: هەر لە باخچەی ساوایانەوە، تاکو زانکۆیەکان و خوێندنی باڵاش دەست تێوەردانی حیزبییان لێ دوور بخرێتەوەو، وازیان لێ بهێنرێ، پیشەییانە کاری خۆیان بکەن.

دوو: سوود لە ئەزموونی وڵاتانی پێشکەوتوو وەربگیرێ، بەڵام نەك تەنیا بەدروشم و خۆ هەڵکێشان، بەڵکو بە کردەوەو جێبەجێ کردن.

سێ: گەڕانەوە بۆ سەر ڕەسەنایەتیی خۆمان، لە هەموو بوارەکاندا: جیهانبینیی، عەقیدەیی و، فیکریی، ڕەوشت و ئاکار، وە واز لە لاسایی کردنەوەی ئەم و ئەو هێنان.

چوار: سازاندن و ڕەخساندنی کەش و هەوایەك، کە قوتابیی و خوێندکاران، تێیدا تەنیا سەرگەرمی وەدەستهێنانی زانست و شارەزایی زیاترو، خۆ پێگەیاندن بن و، بە شتی لاوەکییەوە سەرگەرم نەکرێن.

پێنج: لە بەرنامەی خوێندن دا، بە تایبەت لە قۆناغەکانی ساوایان و سەرەتایی و نێوەندیی و ئامادەیی دا، وێڕای فێرکردن (تعلیم) گرنگییەکی شایستە بەپەروەردەکردن (تربیة)یش بدرێ، بەڵام پەروەردەیەکی گشتگیرو هاوسەنگ، کە هیچ لایەنێکی کەسایەتیی مرۆڤ پشتگوێ نەخات.

٢- سیكۆلاریزم و دیموكڕاسی، دوو شتی پێكەوە پەیوەستن و بەبێ یەكدی نایانكرێ.

مەبەستی ئەوە بوو، كە هەر كەس بیەوێ دیموكڕاسیی پیادە بكات، پێویستە پێش ئەوە ببێتە سیكۆلار!

ئەم قسەیەی لەو چاوپێكەوتنەدا كرد، كە كەناڵی ڕووداو دوای دیبەیتەكە، لەگەڵیدا ئەنجامیدا.

وەڵام:

دەتوانم زۆر بەڵگان بێنمەوە لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، ئەو قسەیەی بەڕێز ڤیڤیۆركاو ئیسپات كردنی پێچەوانەكەی، واتە: هەبوونی سیكرلاریزم بەبێ دیموكڕاسیی و، هەبوونی دیموكڕاسییش بەبێ سیكۆلاریزم:

یەك: هەر كام لە هیتلەری ئەڵمانیی و، مۆسۆلینی ئیتاڵیی و، ستالینی یەكیەتی سۆڤیەت و (جمال عبد الناصر)ی میسریی و .. هتد، سیكۆلاری سەر سەخت بوون و، دیكتاتۆری بێ ڕەزاش بوون.

كەواتە: كوا پێكەوە پەیوەست بوونی سیكۆلاریزم و دیموكڕاسیی؟!

دوو: حوكمڕانیی ئیسلامیی ڕەسەن، كە لەسەر بناغەی ڕاوێژ (شورى) بنیات دەنرێ و سەرجەم بنەماكانی:

١- هەڵبژاردنەكان و،

٢- خەڵك سەرچاوەی دەسەڵات بوون و،

٣- دەستاو دەستكردنی دەسەڵات بە ئاشتییانە و،

٤- لە یەك جیاكردنەوەی دەسەڵاتەكان و،

٥- سەروەریی یاساو،

٦- دابینكردنی ماف و ئازادییەكان بۆ هەموو لایەك بێ جیاوازیی و

٧- چەسپاندنی دادگەریی، تێدا بەرجەستە دەبن، وە ئەو شێوە حوكمڕانییە لە

www.alibapir.com

ڕۆژگاری پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و چوار خەلیفەكانی: (أبو بكر، عمر، عثمان، علي)دا (خوا لێیان ڕازی بێ)، زۆر باش جێبەجێ بوو، بەڵگەیەكی پتەوو نكوولێی لێ نەكراوە، لەسەر ئەوە كە دەگونجێ سەرجەم میكانیزم و بنەمایەكانی دیموكڕاسیی، لە سایەی حوكمڕانییەكی ئیسلامییدا بچەسپن، جگە لە مەسەلەی حەڕام و حەڵاڵ دانە دەست خەڵك، كە لە ڕاستییدا ئەوەش نەخۆشیی و خاڵی بێهێز (نقطة الضعف)ی دیموكڕاسییەو، وەك پێشتریش باسمان كرد: لە سایەی پابەندیی بە شەریعەتەوە "شەریعەتی ئیسلام" ئەو نەخۆشیی و خاڵە بێهێزەش چارەسەر دەكرێ، چونكە شەریعەت دەبێتە شوورەو پەرژینێك و، دیموكڕاسیی لە لادان (إنحراف) دەپارێزێ!

٣- دیموكڕاسیش كێشەی هەن: ئابووریی، كۆمەڵایەتیی، ئەخلاقیی.. هتد.

وەڵام:

منیش پشتگیریی قسەكەی ڤیڤیۆركا دەكەم، كە بێگومان هیچ ئەزموونێكی بەشەر لە هەر بوارێكدا، لە كەم و كوڕیی و هەڵەو پەڵە خاڵی نابێ، ئنجا هەر لێرەشەوە دەڵێم:

یەكێك لە سیفەتە باشەكانی ڕۆژئاواییەكان بە گشتی، ئەوەیە كە بە ڕەهایی تەسلیمی هیچ بیرۆكەو ئەزموونێك نابن و، هەمیشە بە ڕووحی ڕەخنە لێگرتن و عەیب و هەڵە تێدا دیتنەوەی، مامەڵەی لەگەڵدا دەكەن.

ئنجا ئەو هەڵوێستەی ڤیڤۆركا لە كوێ و، هەڵوێستی كاك مەلا بەختیارو هاوەڵە سیكۆلارەكانی لە كوێ، كە پێهەڵگوتن و ستایشی ڕەهای دیموكڕاسیی و سیكۆلاریزم، ویردی سەر زمانیانەو، هەرگیز مافی ئەوە بە خۆیان نادەن، كە كەم و كوڕیی و هەڵەو پەڵەیەكیان تێدا بەدی بكەن!!

www.alibapir.com

٤- منیش پشتگیریی ئەو قسەیەی تۆ دەكەم كە دەڵێی دیموكڕاسیی پێش یۆنانییەكانیش "وەك نێوەڕۆكەكەی" هەر هەبووە.

وەڵام:

خەسڵەتێكی دیكەی پەسندی زۆرێك لە ڕۆژئاواییەكان بە گشتی، ئەوەیە كە كاتێك هەقیان دەكەوێتە بەر چاو، لەلایەن بەرانبەرەكەیانەوە، دانی پێدادێنن و لێیان دەسەلمێنن.

كە بێگومان ئەوەش سیفەتێكی بەرزو جوانە، لە هەر كەسێكەوەبێ، هەروەك پێچەوانەكەیشی: نەسەلماندنی هەق و دان پێدانەهێنانی، لە هەر كەسێكەوە بێ، سیفەتێكی پەست و خراپە.

هەڵبەتە ئیسلامیش لەگەڵ هەموو خێرو چاكەو پەسندییەك دایە، لە هەر لایەكەوەبێ و، دژی هەر خراپەو ناپەسندییەكیشە، لە هەر كەسێكەوەبێ، هەر بۆیەش زانایان وەك بنچینەیەك گوتوویانە: (أُنظُرْ إلى مَا قِيْل، وَلاَ تَنْظُرُ إلى مَنْ قَال)، واتە: تەماشا بكەو سەرنج بدە چی گوتراوە، تەماشا مەكە كێ گوتوویەتی.

سُبْحَانَكَ اللَّهُمَّ وَبِحَمْدِكَ ، أَشْهَدُ أَنَّ لاَ إِلَهَ إِلاَّ أَنْتَ ، أَسْتَغْفِرُكَ وَأَتُوبُ إِلَيْكَ.

٢٤/ شَعْبَان/ ١٤٣٧ ك

٣١/ مایسی/ ٢٠١٦ ز

هەولێر

www.alibapir.com

بەرهەمەکانی دانەر

تێبینی: بەپێی ڕیزبەندیی کاتی چاپکرانیان، ڕیزکراون.

١- پوختەیەك دەربارەی ئیسلام. چاپی ١/١٩٨٤، چاپی ٢/ ٢٠٠٦.

٢- دەبەرێك ڕاچوونی ئیسلام و ڕێچکان. چاپی ١/١٩٨٥، چاپی ٣/ ٢٠٠٦.

٣- یادی خوا، گرنگی یادی خوا لە ژیانی مرۆڤ دا. چاپی ١ /١٩٨٧

٤- کۆمەڵی خـوا. چاپی ١ / ١٩٨٨

٥- پێشمەرگەی ئیسلام، یان مسوڵمانی موجاهید کێیەوچۆنە؟ چاپی ١/١٩٨٨، چاپی ٣ /٢٠٠١.

٦- دەردو دەرمانی بزووتنەوەی ئیسلامیی. چاپی ١ /١٩٨٩

٧- ڕێگای صالح بوون و بەرەو خوا چوون. چاپی ١/١٩٩٠، چاپی ٥ /٢٠١٢.
تێبینی: وەرگێڕدراوە بۆ زمانی عەرەبیء فارسییش.

٨- کوردستان بۆ وێران بووء چۆن ئاوەدان دەبێتەوە؟!. چاپی ١ / ١٩٨٩

٩- حوکمی گەڕانەوە ژێر نیری گاغووت. چاپی ١/ ١٩٩٠، چاپی ٢ /٢٠٠٥

١٠- سۆزی نەتەوایەتی و بیری ناسیۆنالیزم لە تەرازووی ئیسلامدا. چاپی ١/١٩٩٠، چاپی ٣ /٢٠٠٥.

١١- چارەسەری کێشەی کورد لە نێوان ئیمان و پەرلەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٢

١٢- بزووتنەوەی ئیسلامیی لە دووڕیانی مان و نەمان دا. چاپی ١ /١٩٩٣

www.alibapir.com

١٣- بزووتنەوەی ئیسلامیی و ئایندەیەکی گەش و ڕوون. چاپی ١ / ١٩٩٥

١٤- پرۆژەی بەرنامەی فیکریی کاری ئیسلامیی. چاپی ١ / ١٩٩٦

١٥- چەند ڕێڕوونییەك بۆ ئیسلامییەکانی کوردستان. چاپی ١ /١٩٩٦

١٦- ئیسلام و کێشە هەنووکەییەکان. چاپی ١ /١٩٩٨

١٧- با وریا بین! داڕووخانی ڕەوشت کۆمەڵگاکەمان بەرەو هەڵدێر دەبات. چاپی ١٩٩٩/١، چاپی ٢ /٢٠٠٧.

١٨- مەوسووعەی: خواپەرستیی ئیسلامیی ١-٤. چاپی١/ ٢٠٠٠، چاپی ٢٠٠٩/٢.

١٩- گەڕانەوە بۆ لای خوا "عز وجل". چاپی٢٠٠١/١، چاپی٥ /٢٠١٠.

٢٠- زانایانی ئیسلام کێن و چۆنن ؟!. چاپی٢٠٠٢/١، چاپی ٣ / ٢٠١١
تێبینی : بۆ زمانی عەڕەبیش وەرگێڕراوە.

٢١- بنچینە گرنگەکانی هەڵس وکەوتی شەرعییانەو ژیرانە لەگەڵ وردە بابەتە خیلافییەکاندا. چاپی ١ / ١٩٩٩ .
تێبینی: بۆ زمانی عەرەبیش وەرگێڕراوە.

٢٢- مزگەوتەکانی کوردستان لەنێوان ئاوەدانکردنەوەو وێران کردن دا. چاپی ١ /٢٠٠٠

٢٣- تاقیکردنەوەی خوا بۆ بەندەکانی چی یەو چۆنە؟ چاپی٢٠٠١/١، چاپی ٢ /٢٠١٢.

٢٤- بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی. چاپی١ /٢٠٠١، چاپی٣ /٢٠١٤
تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبییش.

٢٥- کۆمەڵی ئیسلامیی: ئامانج و هەڵوێستەکانی.، چاپی ١ /٢٠٠١.

٢٦- ئافرەتی مسوڵمانی کورد مافە شەرعییەکانی و ئەرکە گرنگەکانی. چاپی ١ /٢٠٠٣.

www.alibapir.com

٢٧- مەوسووعەی: ئافرەت و خێزان لە سایەی شەریعەتدا، بەرگی یەکەم چاپی١/٢٠٠٢، بەرگی ١و٢ چاپی ٣/ ٢٠١٣

٢٨- چەند مەسەلەیەکی باوی سەردەم. چاپی١/٢٠٠٢، چاپی ٦ / ٢٠١٦

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی و تورکیی و فارسییش.

٢٩- چەند ڕێڕوونییەك بۆ خوشك و برایانمان لە هەندەران. چاپی ١ /٢٠٠٢

٣٠- سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن! (چاوپێکەوتنی دکتۆرحسین محمد عزیز). چاپی١/ ٢٠٠١، چاپی ٢ / ٢٠٠٣

٣١- چۆن هەڵس وکەوت لەگەڵ خەڵکی دا بکەین؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی.

٣٢- شەهید کێیەو چ پلەوپایەیەکی هەیە ؟! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٣٣- جیهاد لە ڕێی خواداو چەند سەرنج و ئاگادارییەك.چاپی ١/ ٢٠٠٢

٣٤- بۆئەوەی لەسەر جیهادکردنمان قەرزدار نەبینەوە! چاپی ١ / ٢٠٠٢

٣٥- جیهاد لە ڕێی خوادا چی یەو بۆچی دەکرێ و چۆن دەکرێ؟ چاپی ١/ ٢٠٠٢.

٣٦- ئەشکەنجەو زیندان (چاوپێکەوتنی هاوژین عومەر). چاپی١/٢٠٠٥، چاپی ٣/ ٢٠٠٩ .

تێبینی: وەرگێڕراوەتە سەر زمانی عەرەبی، هەروەها دوو تەرجەمەی فارسیشی کراوەو چاپ و بڵاوکراوەتەوە، هەروەها بۆ زمانی ئینگلیزیش وەرگێڕراوەو چاوەڕێی چاپە.

٣٧- کارو پرۆژەی ئیسلامییمان (وتاری کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵی ئیسلامیی) چاپی١/ ٢٠٠٥، چاپی ٢ / ٢٠٠٦.

٣٨- ئیسلام و مسوڵمانەتیی و کاری ئیسلامیی، لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا. چاپی ١ / ٢٠٠٦ .

٣٩- مەوسووعەی: ئیمان و عەقیدەی ئیسلامیی ١-٦، چاپی ١/٢٠٠٦-٢٠٠٨، چاپی٢/٢٠١٦.

www.alibapir.com

٤٠- تەوژمی ئیسلامیی و عەلمانیی و خاڵە هاوبەش و جیاوازەکانیان، چاپی ٢٠٠٨/١، چاپی ٢٠١٥/٣.
تێبینی: زۆربەی بە (٢٤) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (هاووڵاتیی)و ئەوەی دیکەش بە (٩) ئاڵقە لە هەفتەنامەی (ئاوێنە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٤١- گەنجەکانمان لە نێوان ڕەسەنایەتیی و لاسایی کردنەوەدا، چاپی ١/ ٢٠٠٦.
تێبینی: بۆ زمانی فارسییش وەرگێڕراوە.

٤٢- بەدوورخستنەوەی ئافرەت لە ئیسلام چ زیانێك دەکەین؟، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٣- سیاسەتی ئیسلامیی و چەند ڕوونکردنەوەیەك، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٤- چۆنیەتی بوونە پێشەنگ و بنیاتنانی بنکەی جەماوەریی، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٥- چەند بنەمایەکی گرنگی وتاربێژیی، چاپی ٢٠٠٦/١.
تێبینی: بۆ فارسییش وەرگێڕراوە.

٤٦- قوتابیانی زانیاری شەرعیی و چەند سەرنج و ڕێنماییەك، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٧- خوو ڕەوشتی بەرزو پەسند سەنگی مەحەکی مسوڵمانەتییە، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٨- بانگەواز بۆ لای خوا، چاپی ٢٠٠٧/١.

٤٩- قوتابییان لەم هەل و مەرجەدا، پێویستە چۆن بن و چی بکەن؟!، چاپی ٢٠٠٨/١.

٥٠- خواناسیی، ئایین، ئیمان، چاپی ٢٠٠٢/١، چاپی ٢ / ٢٠٠٩.

٥١- واقیعی هەرێمی کوردستان، دیدێکی ئیسلامییانە، چاپی ١/ ٢٠٠٨.

٥٢- چەند بابەتێکی هونەریی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا، چاپی ٢٠٠٨/١، چاپی ٢٠١٥/٢.
تێبینیی: بۆ زمانی فارسییش تەرجەمە کراوە.

٥٣- با لەخزمەت قورئاندابین، {کۆی هەردووك کتێبی: (چۆن باشتر لەقورئان

www.alibapir.com

بەهرەمەند دەبین؟) وە (ئەرکی سەرشانمان بەرانبەر بەقورئان)ە}، چاپی ١/٢٠٠٨و ٢٠١١، چاپی ٢/٢٠١٥

٥٤- سروشت و پایەکانی خێزان و مەسەلەی چەندژنیی لە تەرازووی شەرع و عەقڵدا، چاپی ١/٢٠٠٩.

تێبینی: ئەم نامیلکەیە بە(١٤) ئاڵقە لە ڕۆژنامەی (ڕۆژنامە)دا بڵاوکراوەتەوە.

٥٥- پوختەی ژیاننامەی پێغەمبەری خوا (صلی الله علیه وسلم)، چاپی ١/٢٠٠٩، چاپی ٣/٢٠١٣.

٥٦- چەند بابەتێکی سیاسی هاوچەرخ لەبەر ڕۆشنایی عەقڵ و وەحییدا، چاپی ١/٢٠١٠.

٥٧- وتاری کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵی ئیسلامیی/٢٠١٠.

٥٨- گەنج لە پرسە هەنووکەییەکاندا (چاوپێکەوتنی ناجیح حەمە فەرەج). چاپی ١ ٢٠١٠.

٥٩- کاری ئیسلامیی و ڕەواندنەوەی چەند تەم ومژێك، چاپی ١/٢٠١١.

٦٠- حوکمی لە ئیسلام هەڵگەڕانەوەو هەڵسەنگاندنێك، چاپی ١/٢٠١١.

٦١- چەند بنەمایەکی گرنگی ماڵ و سامان بەخشین لەڕێی خوادا، چاپی ١/٢٠١٣.

٦٢- خاتوون مەلاژن: ئافرەتێکی هەڵکەوتوو و هاوسەرێکی ناوازە. چاپی ١/٢٠١٢.

٦٣- ڕەوەندی کورد لە هەندەران و ئەرکی سەرشانی. چاپی ١/٢٠١٢.

٦٤- مەلای گەورە کۆیەو تەفسیرەکەی و چەند سەرنجێك، چاپی ١/٢٠١١.

٦٥- هەڵسەنگاندنێك لەبارەی: هەبوون و نەبوونی نەسخ لە قورئاندا، چاپی ١/٢٠١٢.

٦٦- یادو بۆنەو جەژنەکان و هەڵسەنگاندنێك، چاپی ١/٢٠١٢.

٦٧- ڕوونکردنەوەی بنەما شەرعییەکان و هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیی، چاپی ١/٢٠١٢، چاپی ٣/٢٠١٤.

www.alibapir.com

٦٨- مەوسووعەی: ئیسلام و دەوڵەتداریی: ١-٤، چاپی ٢٠١٤/١-٢٠١٦.

٦٩- تەرجەمەی عەقیدەی طەحاویی، چاپی ٢٠١٤/١.

٧٠- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی یەكەم: سوورەتەكانی: (الفاتحة) و (البقرة)، چاپی ٢٠١٢/١.

٧١- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی دووەم، سوورەتی: (آل عمران)، چاپی ٢٠١٢/١.

٧٢- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی سێیەم: سوورەتی: (النساء)، چاپی ٢٠١٣/١.

٧٣- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی چوارەم: سوورەتی: (المائدە)، چاپی ٢٠١٤/١.

٧٤- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی پێنجەم: سوورەتی: (الأنعام)، چاپی ٢٠١٥/١.

٧٥- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی شەشەم: سوورەتی: (الأعراف)، چاپی ٢٠١٦/١.

٧٦- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی حەوتەم: سوورەتی: (الأنفال)، چاپی ٢٠١٦/١.

٧٧- هەڵوەشاندنەوەی بیروڕاو ڕەفتارە پەڕگیرانەكانی ڕێكخراوی (داعش)، چاپی ٢٠١٤/١.

٧٨- با هەڵەو لادانی پەڕگیران، بەرانبەر بەئیسلام نەمانخاتە دوودڵیی و گومان، چاپی ٢٠١٥/١.

٧٩- پەڕگیریی: هۆكارەكانی، شوێنەوارەكانی، چارەسەری، چاپی ٢٠١٥/١.

٨٠- ڕوونكردنەوەی عەقیدەی طەحاویی، چاپی یەكەم/٢٠١٥.

www.alibapir.com

٨١- سوننەتی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم) لەنێوان تێپەڕاندن و بەزایەداندا، چاپی ٢٠١٥/١.

٨٢- چەند مەڵۆیەك لەخەرمانی تەمەنم، چاپی ٢٠١٥/١.

٨٣- بینینی خوای بەرزو مەزن لەدنیاو دوارۆژدا، چاپی ٢٠١٥/١.

٨٤- گیانی ژیان، چاپی ٢٠١٥/١.

٨٥- چاوپێداگێڕانەوەیەكی بارودۆخی نێوخۆمان و واقیعی دەرەكییمان (وتاری كۆنگرەی سێیەمی كۆمەڵی ئیسلامیی)، ٢٠١٥/٥/٣٠.

٨٦- مەوسووعەی: ڕەوشت و ئاكاری ئیسلامیی لەبەر ڕۆشنایی قورئان و سوننەتدا.

٨٧- دیبەیتی ساڵ: سیكۆلاریزم و دیموكڕاسیی لەكوردستاندا، چاپی ٢٠١٦/١.

كتێبە عەرەبییەكان:

موسوعة: الإسلام كما يتجلى في كتاب الله.

كە لەچاپی یەكەمدا (٨) بەرگەو، لەچاپی دووەمیدا لە (١٢) كتێبدا دەبێ، بەم شێوەیە:

٨٨- الكتاب الأول: الإسلام: معرفة صحيحة بالخالق والخلق.

٨٩- الكتاب الثاني: تعريف الإيمان.

٩٠- الكتاب الثالث: الإيمان بالله تعالى: الخالق الرب المالك الإله...

٩١- الكتاب الرابع: الإيمان بالملائكة وبالجن.

٩٢- الكتاب الخامس: الإيمان بكتب الله الحكيم.

٩٣- الكتاب السادس: القرآن العظيم.

٩٤- الكتاب السابع: الإيمان برسل الله وأنبيائه الكرام.

٩٥- الكتاب الثامن: خاتم النبيين محمد (صلى الله عليه وسلم): موجز سيرته وبراهين نبوّته.

٩٦- الكتاب التاسع: إهتداء الإنسان بهدى الله، أو الإلتزام الفردي بشريعة الله.

٩٧- الكتاب العاشر: إلتزام المجتمع بشريعة الله تعالى.

٩٨- الكتاب الحادي عشر: تطبيق المجتمع للشريعة و معالم الدولة في الإسلام.

٩٩- الكتاب الثاني عشر: الإسلام نظرة سديدة تجاه الناس وتعامل صحيح معهم.

١٠٠- نقض فكرة التطرف. ط٢٠١٦/١.

١٠١- ضيف و قضية (مقابلة مع قنـاة العربية)، ط٢٠٠٦/١.

١٠٢- حوار خاص (مقابلة مع قناة العالم)، ط٢٠٠٦/١.

ئەو کتێبانەی لەژێر چاپن:

١٠٣- تەفسیری قورئانی بەرزو بەپێز، بەرگی هەشتەم: سوورەتی: (التوبە).

١٠٤- ڕوانینێکی ئیسلامییانە بۆ واقیعی هەرێم، گرفت و چارەسەر.

١٠٥- قەیرانە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان (پانێڵی ئەنیستیۆتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست)، ٢٠١٤/١١/٦.

١٠٦- کلمتان موجزتان حول مايجري على الساحة العراقية، (٢٠١٤ و ٢٠١٥).

www.alibapir.com

پێڕستی وشەکان

ئـ

ئاپین : ١٢, ٢١, ٢٣, ٢٦, ٢٩, ٣٤, ٤١, ٥٧, ٦٥, ٧٣, ٨٧, ٨٩, ٩٣

ئیسلام : ١٨, ٢٣, ٣٤, ٣٥, ٣٦, ٤٠, ٤١, ٤٩, ٥١, ٥٣, ٥٦, ٦٠, ٦١, ٦٦, ٦٨, ٧٤, ٧٧, ٧٩, ٨٠, ٨١, ٨٢, ٨٣, ٨٧, ٨٨, ٨٩, ٩٢, ٩٧, ١٠٠, ١٠١, ١٠٢, ١٠٣, ١٠٤, ١٠٧, ١١٠

پ

پێغەمبەر: ٢٥, ٢٨, ٦٨, ٧٩, ٨٠

ڕ

ڕێنیسانس: ٢١, ٨٣

ث

ثیۆکڕاسیی: ٢٦, ٢٧, ٣٠, ٣٢, ٤٠, ٥٣, ٧٣, ٨٨, ١٠٤

ج

جوولەکە: ٥٥, ٦٨, ٨٩, ٩٨

www.alibapir.com

خ

خــوا: ٢٢, ٢٣, ٢٤, ٢٥, ٢٦, ٢٧, ٢٨, ٢٩, ٣١, ٣٢, ٣٤, ٣٥, ٣٦, ٣٧, ٣٨, ٣٩, ٤٠, ٤١, ٥١, ٥٣, ٥٤, ٥٥, ٥٧, ٥٨, ٥٩, ٦١, ٦٢, ٦٨, ٦٩, ٧٠, ٨١, ٨٢, ٨٤, ٨٦, ٨٩, ٩١, ٩٢, ٩٣, ٩٧, ٩٩, ١٠٠, ١٠٣, ١٠٤, ١٠٧

د

دیموکڕاسی: ١٠, ١١, ١٤, ١٦, ١٧, ١٨, ٤٣, ٤٥, ٤٦, ٤٧, ٤٨, ٤٩, ٥٠, ٥٩, ٦٠, ٦١, ٦٣, ٦٥, ٦٩, ٧٠, ٧١, ٧٢, ٧٤, ٨٤, ٨٥, ٩٠, ٩١, ١٠٤, ١٠٦, ١١٠, ١١١

س

سیکۆلاریزم : ١٠, ١١, ١٦, ١٧, ١٨, ١٩, ٢١, ٢٢, ٢٣, ٢٤, ٢٧, ٣٣, ٣٤, ٦٣, ٦٥, ٦٦, ٦٧, ٧٣, ٧٧, ٨٧, ٩١, ١٠٢, ١٠٤, ١٠٦, ١٠٧, ١١٠, ١١١

ع

عیسا : ٢٦, ٢٩, ٣٤, ٣٥, ٩١

ک

کتێبی پیرۆز : ٢٧, ٢٩, ٣٢, ٨٨

کڵێسا : ٢٣, ٢٦, ٢٧, ٢٩, ٣٠, ٣١, ٣٢, ٣٥, ٥٠, ٨١, ٨٧, ٩١, ١١٠

م

مەسیحیەت : ٢١

www.alibapir.com

نێـوەڕۆك

پێشكەش بێ... ٧
پێشەكی و پێناسەی ئەم كتێبە... ٩
ئەو نامەیەی كە نەخشە ڕێگای بەڕێوەچوونی دیبەیتەكەی گرتبووە خۆی..... ١٣
ڕێ خۆشكردن.. ١٦

بەشی یەكەم: سیكۆلاریزم (Secularism)............................... ١٩

تەوەری یەكەم: پێناسە.. ٢١
تەوەری دووەم: بەسەرهاتی سەرهەڵدانی سیكۆلاریزم لە ڕۆژئاوا (غرب)دا.... ٢٤
سەرنجدانێكی ئایینی كڵێسا:... ٢٧
ڕاپەڕینی بیرمەندان و پاشان خەڵك و جەماوەر لە كڵێساو ئایینەكەی...... ٣٢
تەوەری سێیەم: سیكۆلاریزم لە كۆمەڵگایەكی لە ئیسلام تێگەیشتوودا، پاساوی بوونی نیە.. ٣٤
خاڵی یەكەم: مێژووی ئیسلام و مسوڵمانان، پێچەوانەی مێژووی كڵێساو نەصرانییەكانە:.............. .... ٣٤
خاڵی دووەم: هیچ كام لەو هۆكارانەی كە خەڵكی ڕۆژئاوایان لە كڵێساوە سڵەماندەوە، لە ئیسلامدا بوونیان نیە: ٣٦

بەشی دووەم : دیموكڕاسی (Democracy).................................. ٤٣

تەوەری یەكەم پێناسە... ٤٥
تەوەری دووەم: سەرگوزشتەی دیموكڕاسی..................................... ٤٧

www.alibapir.com

تەوەری سێیەم: بەراوردێك لە نێوان دیموکڕاسیی و سیستمی حوکمڕانیی لە ئیسلامدا ٥١

پوختەی ڕای بەندە لە بارەی دیموکڕاسی یەوە: ٥٩

بەشی سێیەم: ئەنجامگیریی: سیکۆلاریزم و دیموکڕاسی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دا ٦٣

سیکۆلاریزم ٦٦

دیموکڕاسی ٦٩

داخۆ دیموکڕاسی لە هەرێمی کوردستاندا، چۆنە؟ ٧١

بەشی چوارەم : وەڵامدانەوەی پرسیارەکان ٧٥

دەستپێك ٧٧

پێنج دەقەی کۆتایی ٩١

بەشی پێنجەم : وەڵامی چەند قسەیەك کە لە دیبەیتەکەدا فریای وەڵامدانەوەیان نەکەوتم ٩٥

یەکەم: چەند قسەیەکی کاك مەلا بەختیار ٩٧

دووەم: چەند قسەیەکی میشێل ڤیڤیۆرکا: ١٠٥

بەرهەمەکانی دانەر ١٠٩

پێرستی وشەکان ١١٧

نێوەڕۆک ١١٩